دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


**بەشداری کردن لە جووڵانەوە بۆ هاتنەدەر لە ژێردەستی و ژێرچەپۆکی، ئەرکی هەموو خەڵکی کوردستان و هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و بەشەرەفە، جا هەر کەس و بەشێوەیەک؛ ئەگەرچی بەشداری کردن لە جووڵانەوە ئەرکی هەموو کەسە بەڵام شەرت نییە هەر بەشێوەی چەکداری بەشداری بکات و ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؛ هێزی ئەساسی جووڵانەوەی کوردستان بریتییە لە هێزی خەڵک یا پشتیوانیی بێدەرەتانی خەڵک لە جووڵانەوە.**

**د. سادق شەرەفکەندی**


ژمارە ٧٥٨، یەکشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com





دوکتور شەرەفکەندی، شکۆیەک لە باوەڕ ٤


کاک دوکتور سەعید هەم ڕێبەر بوو هەم مودیر ٦


ساڵی نوێی خوێندن و گرفتە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ئێراندا ٨


پەروەردەی فاشیل و سەقەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران... ١٠


# چیای باوەڕ



مانگی خەرمانان بۆ ئێمەی کورد مانگی تراژێدیاگەلی نەتەوەییە؛ مانگێک کە تێیدا چەندین کارەساتی دڵتەزێن یەخەی دادڕین.

لە ٥ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاویدا و دوابەدوای فەرمانی بەدناوی جیهادی «خومەینی»ـی جەلاد، ١١ کورد لە دادگاییکردنێکی ٥ خولەکیدا بە مەرگ مەحکووم کران و لە فڕۆکەخانەی شاری سنەدا تیرباران کران کە بە ئێعدامەکانی «فڕۆکەخانە» ناوی دەرکردووە؛

لە ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، «فوئاد مستەفا سوڵتانی» ناسراو بە «کاک فوئاد»، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، بە دەستی هێزەکانی ڕێژیمی تاران، لە شەڕێکی نابەرابەردا شەهید کرا؛

لە ١١ خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیم، واتە سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە، کۆمەڵکوژیی «قاڕنێ» ڕوویدا کە بەهۆیەوە ٦٨ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەم گوندە قەتڵوعام کران؛

سەرگورد عەباسی یەکەمین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ٢ی خەرمانانی ساڵی ٥٩ شەهید کرا؛

لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویشدا تێرۆریزمی مووشەکی ڕێژیم خۆی دەرخست و بە مووشەکباران کردنی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە بووە هۆی شەهیدبوونی دوو کادری بە وەجی حیزبەکەمان بەناوەکانی فارووق حەسەنخەیات و موختار قادرپوور؛

هەر هەمان ڕۆژ سێ چالاکی سیاسی کورد بەناوەکانی «ڕامین حوسێن پەناهی، زانیار مورادی و لوقمان مورادی» و دوو پێشمەرگەی دیکەی حیزب بەناوەکانی «ئەحەد شەباب و ناسر عەزیزی» کە لە ڕەوتی شەڕێکی نابەرامبەردا بە برینداری دیل کران، کەوتنە بەر ڕقی دوژمنانی ئازادی و لە سێدارە دران.

سەرتۆپکی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیش لە خەرمانانی خوێناویدا بریتییە لە شەهیدکرانی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی لە ڕێستۆرانی میکۆنۆسی ئاڵماندا کە کۆستێکی مێژوویی لەدوای تێرۆری سەرداری ناوداری کورد، د.قاسملووی هەتوان، بۆ گەلی کورد بەجێهێشت. لە ٢٦ ی خەرمانانی هەموو ساڵێکدا گەلی کورد بەبۆنەی ئەم کۆستە جەرگبڕەوە هەم بۆ نیشاندانی ئەمەگداری و وەفاداری خۆی بە ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدانی میکۆنۆس و هەم بۆ مەحکووم و ئیدانەکردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی لە شار و گوندی کوردستان دەست دەدەنە چالاکی جۆراوجۆر. هەروەها ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب چ لە باشووری نیشتمان و چ لە دەرەوەی وڵات بە وەڕێخستنی سێمینار و کۆڕیاد، وەفاداری خۆیان و پەیمان و بەڵێنیان بە ڕێبازی پڕسەروەری دووپات دەکەنەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریەتیی خۆیدا تا تیرۆری ٢٦ی خەرمانانی بێرلین جگە لە نێوخۆی ئێران تەنیا لە دەرەوەی ئێران ٥٠ فەقەرە کردەوەی تیرۆریستی بە دژی نەیارانی خۆی ئەنجام داوە کە لەو کردەوانەدا ٨٠ کەس کوژراون. کردەوەی تێرۆریستی بێرلین و لێکەوتەکانی جیاوازییەکی دیکەشی لەگەڵ باقی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی هەبوو؛ بۆ یەکەم جار لە دادگایەکی سەربەخۆ و خاوەن متمانەدا ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی دەکەوێتە بەردەم دادبینی و تاوانەکانی لەقاو دەدرێن. هەر بۆیە بەحەق لە لایەن هەمو ئۆرگانەکانو ئۆگرانی دادپەروەریو مافی مرۆڤەوە بایەخێکی زۆر بەو دادبینییە دراوە و هەموو لا بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕەوتی بەرەوپێشچونو ئاکامە یاساییەکانی بوون. دادگای میکۆنوس کە لە بێرلینی ئاڵمان بەڕێوەچوو، زیاتر لە سێ ساڵو نیوی کێشا و لەو ماوەیەدا ٢٤٧ جار دانیشتنی بۆ کراوە. ١٦٦ تا ١٧٠ کەس بۆ شایەتی بانگ کراون. بە پێی سەرچاوەیەك خەرجی ئەو دادگایە لە دەوروبەری ٩ میلیۆن مارکی ئاڵمانی بوو. ئەوەی لە بیرەوەریی هەمومانداا زیندویە تەنیا ئەوەیە کە دادگای میکۆنوس لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ی خۆیدا بە بڕیارێکی ئازایانەو دادپەروەرانە، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتداریدا وەك عامیلانی دەرکردنی فەرمانی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دنیا ناساند و حوکمی زیندانیشی بۆ چەند کەسێك لەوانەی کە دەستیان لە بەڕێوەبردنی فەرمانی تیرۆرەکەدا هەبووە دەرکرد. هەرچەند ئەم بڕیارەش نەیتوانی ژانی بەسۆی لەدەستدانی د.شەرەفکەندی بۆ ئێمەی کورد کەم کاتەوە بەڵام جێگەی سەرفرازییە بۆمان کە ڕێبەرانی ئێمە ئەگەر جەستەشیان لەنێو بچێ هێشتا هەر سیمبۆل و ڕێنیشاندەرن و جەستەی بێ گیانیان دەبێتە هۆکاری ئاشکرابوونی زیاتری چییەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئاخوندی.

# بەرجام تیرێکی تری بەر کەوت

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، دوابەدوای هێرشەکان بۆسەر ئارامکۆی عەرەبستان، بڕیاری تەحریمی بانکی ناوەندیی ڕێژیمی تاران، سندووقی گەشەپێدانی نیشتمانی و کۆمپانیای «اعتماد تجارت پارس»ی واژۆ کرد کە وەک خۆی دەڵێ: «ئەمە بەرزترین ئاست لە تەحریمەکانە کە تاکوو ئێستە دژی وڵاتێک ئەنجام دراوە».

هاوکات ستیف مێنۆشێن وەزیری خەزێنەداری ئامریکاش وتی: «تەحریمە نوێیەکان لە ڕاستای کەمپەینی گووشاری لانیزۆر، سندووقی سامانە گشتییەکانی ئێرانی کردووەتە ئامانج. چیدیکە بودجەیەک بۆ پشتیوانی کردن لە تێرۆریان نامێنێ».

ترامپ هەروەها ڕەخنەی گرت لەو کەسانەی کە پێیان وایە ئەنجامنەدانی دژکردەوەی سەربازی نیشانەی لاوازی ئامریکایە و وتی: «بەباوەڕی من ئەوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەهێزی ئێمە! نەک لاوازیمان».

لەمبارەوە بەشێک لە کارناسانی کاروباری ئابووریی ئێران پێیان وایە: «تەحریمی بانکی ناوەندی دەبێ وەک دوایین تیر بۆ بەرجام بەئەژمار بێت. لەمەودوا ئینستێکس بە زبڵدان دەسپێردرێ و پێوەندی سیستمی بانکی ئێران لەگەڵ FATF کۆتایی پێدێت و ئەمەش بەواتەی نەمانی بەرنامەی ئیسلاحاتی بانکی و سەرهەڵدانەوەی بێئەملاوئەولای دێوی مەترسیداری «نەخدینەییە».

چاودێرانی کاروباری ئێران دەڵێن: «سندووقی گەشەپێدانی نیشتمانی دامەزراوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە کە سەرکۆمار، وەزیری نەوت، وەزیری ئابووری و سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەندامانی «هیئت امنا»ی ئەم دامەزراوەن کە بودجەی سپای قۆدس و وەزارەتی بەرگری دابین دەکات؛ هەروەها کۆمپانیای «اعتماد» بەشێوەی نهێنی کاروباری ڕاگواستنی ماڵی و دارایی بۆ کڕینی چەکوچۆڵەکانی وەزارەتی بەرگری و سپای پاسداران جێبەجێ دەکات.

کەواتە تەحریم کردنیان دەبێتە هۆکارێک بۆ لاوازی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی.

هەنووکە، سەنعەتی نەوتی ئێران، هەندێک لە بەشەکانی سەنعەتی پێترۆشیمی، کڕین و فرۆشتنی بەشێک لە ئاسنەواڵەکان، سپای پاسداران، سیستمی بانکی ڕێژیم و بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی ڕێژیم لە ئاستی هەرەبەرزدا خراونەتە لیستی تێرۆر و تەحریمەوە.

## پەیڤ

# ڕەزبەرێکی تر

**کەریم پەرویزی**

تۆ زمانەکەت بەکەڵک نایەت، دایک و باوکت زۆر دواکەوتوون و مێشکیان پووچەڵە بۆیە نەیانتوانیوە و حەزیان لێ نەبووە کە زمانێکی شیرین و ئەمڕۆییت فێر کەن و بە زمانی شیرینی فارسی قسە بکەی. بۆیە مرۆڤێکی تەواو نیت و لە منداڵە دەرجە سێیەم و چوارەمەکانی کە دەبێ کارت لەسەر بکرێ تاکوو وردە وردە لە مرۆڤ نزیک بکرێیتەوە.

ئەمە پەیامی ڕوون و ئاشکرای گەڵاڵەی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستی فاشیستیی تارانە کە لە ژێر ناوی بارهێنانی منداڵان بە زمانی فارسیدا، دەیهەوێ کوشتارگای فەرهەنگ و کەلتوور و زمان وەڕێ بخا. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە منداڵانی نەتەوە غەیرە فارسەکان کە وەکوو مرۆڤی ناتەواو و دواکەوتوو سەیریان دەکەن، پێش لە ساڵی خوێندنی قوتابخانە تاقیکارییەکی زمانی فارسییان لە سەر ئەنجام دەدەن وگەر فارسیەکەیان زۆر شیرین نەبوو، ئەوکات دەیانبەنە بنکەی پێش قوتابخانە تاکوو تاڵیی زمانی دایکییان لێ دوور بکەنەوە و شیلە و هەنگوێنی فارسییان لە زار بکەن.

قوتابخانە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە، هەر لە قوتابخانەکەی سوقراتەوە تاکوو ئێستا، شوێنێک بووە تاکوو زانست و زانایی فێری مرۆڤەکان بکا. سیستمی پەروەردەی دونیای ئازاد کە مرۆڤ لەوێدا نرخی هەیە، بۆ گەشەکردنی مرۆڤەکان و بۆ بارهێنانی نەوەی داهاتوو تاکوو ژیان لای کۆمەڵگا چەقبەستوو نەبێ و گەشە بکا.

بەڵام لە سیستمی کۆلۆنیالیستیی ویلایەتی فەقیهیدا کە لە هزری شۆڤێنیستیدا درێژکراوەی فکری ڕەزاخانی میرپەنجە، قوتابخانە وەکوو قەسابخانە چاوی لێ دەکرێ.

ئەم سیستمە فاشیستییە دەسپێکی ساڵی خوێندن دەکا بە دەسپێکی وەرزی زیندان و ئەشکەنجە و کوشتار. منداڵێک کە چەند ساڵ لە نێو بنەماڵەکەیدا بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان بەلووچی یان تورکی ئازەری و یان تورکەمەنی بار هاتووە و گوێ و مێشکی بەو زمانە ڕاهاتووە و پەروەردە کراوە، دەیبەنە شوێنێک کە لە ناکاودا پێی دەڵێ تۆ دەبێ زمانت ببڕدرێ و دەنگێکی نەشاز بەگوێیدا دەخوێندرێ.

ڕەزبەر و سەرەتای پاییز کە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندنە لە ئێراندا، دەبێ


درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان!

بیست و حەوت ساڵ بەسەر تێرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینیدا (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی) تێدەپەڕێت، ڕۆژێک کە دوکتور «سادق شەرەفکەندی»، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، کاک «فەتاح عەبدولی»، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک «هومایون ئەردەڵان»، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک «نووری دێهکوردی»، چالاکی سیاسیی ناسراوی ئۆپۆزسیۆن، لە بێرلینی ئالمان کەوتنە بەر پەلاماری تیمێکی تێرۆری کۆماری ئیسلامی و شەهید کران. دوکتور «شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی کە پاش بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سوسیالیست، بۆ چاوپێکەوتن و بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە چالاکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لە ڕێستورانی «میکۆنووس» کۆ ببوونەوە و لەوێ کەوتنە بەر پەلاماری هێرشی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. دادگای بێرلین کە بە دادگای «میکۆنووس» ناوبانگی دەرکرد، لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ی زایینی (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی)، حوکمی خۆی سەبارەت بە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ڕاگەیاند. لەو حوکمەدا، دادگا بێ پێچ و پەنا، بە ڕاشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی لە بەرزترین ئاستدا (عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، هاشمیی ڕەفسەنجانی سەرکۆماری ئەوکاتی ڕێژیم و وەزیرەکانی دەرەوە و ئیتلاعاتی فەرماندەی سپای پاسدارانی نیزامی ئیسلامی) بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەری ئەو تێرۆرە سامناکە ناساند و تێرۆریستەکان بە زیندان مەحکووم کران. لەقاودانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی سەربەخۆی وڵاتێکی دێموکراتیکدا، بوو بە هۆی ڕیسوابوونی ڕێژیمی ئێران وەک حکوومەتێک کە بە ئاشکرا لە تێرۆر و تێرۆریزم وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی کەڵک وەردەگرێت. کۆماری ئیسلامی بە دوو هۆی سەرەکی دوکتور سادق شەرەفکەندیی تێرۆر کرد:

یەکەم، کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانییەوە، بەگشتی کوشتن و بێسەروشوێنکردن و تێرۆرکردنی کەسایەتی و ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی کردووە بە سیاسەتی ڕەسمیی خۆی و لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن بوونەتە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە. دووهەم هۆکاری سەرەکیی دیکەی ئەو جینایەتە بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ دەوری یەکلاکەرەوەی دوکتور شەرەفکەندی دوای تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەنی ئوتریش لە ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی، بە دەست تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو هیوایە دوکتور قاسملووی تێرۆر کرد کە دوای ئەو ڕێبەرە ناودارە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەچۆک دادێت، خەڵکی کوردستان ناهومێد دەبێت و جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران، تووشی شکست دێت و دوایی پێدێت! بەڵام ئەو خەونەی کۆماری ئیسلامی وەدی نەهات! دوای کارەساتی ڤییەن، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات کەوتە دەستی بەتوانای سادق شەرەفکەندیی خەباتگێڕ و بەو پەڕی توانا و لێهاتووییەوە نەیهێشت ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازیی حیزب بکەوێتە عەرز. دوکتور شەرفکەندی بە ئازایەتی و لێوەشاوەیی کەموێنەوە و بە هاوکاریی لێبڕاوانەی هاوڕێکانی، سیاسەت و ڕێبازی دوکتور قاسملووی لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب درێژە پێدا و بەو شێوەیە دوژمنی تووڕە کرد. ئەوە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتە داڕشتنی پلان بۆ تێرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی. ڕێژیمی ئیستبدادیی کۆماری ئیسلامی نەیدەزانی کە گەورەیی و لێهاتوویی دوکتور قاسملوو لەوەدا بوو کە بێجگە لە زانایی و توانایی، حیزبێکی دێموکرات و خەباتگێڕی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە بە قەوڵی خۆی: «ئەگەر بەشێکی ڕێبەرایەتیی حیزبیش شەهید بێت، حیزبەکە لەسەر پێی خۆی دەمێنێتەوە و درێژە بە خەبات دەدات».

ڕووداوەکان، پێشبینییە دروستەکەی قاسملووی نەمریان سەلماند. بێگومان، بە شەهیدکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، زەبرێکی گەورە و بەژان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەی ڕزگاریخواز کەوت، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە ئاوات نەگەیشت. حیزبی دێموکرات بە دوای تێرۆری «میکۆنووس»یش تووشی نسکۆ و بێهیوایی نەبوو و دەستی بەرنەدایەوە. ئەورۆ دەبینین کە ئاڵای خەباتی حیزبەکەی سادق شەرەفکەندی هەروا دەشەکێتەوە و کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی قاسملوو و شەرەفکەندی بەبێ هیچ چەشنە دوودڵییەک، بە بڕوای قایم و ورەی بەرزەوە درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن. ئەو ساڵ لە کاتێکدا یادی شەهیدانی بێرلین دەکەینەوە و ڕێز لە خەبات و فیداکارییان دەگرین کە کۆماری ئیسلامی، لە ئاکامی درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن و پێشێلکردنی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران لە نێوخۆی وڵات و هەروەها بە بەردەوامبوون لە سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و پەرەپێدان بە تێرۆریزم و دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچەدا، ئێرانی تووشی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەها گەورە و قووڵ کردووە کە لە چل ساڵی ڕابردوودا بێ وێنەن. گرانیی سەرسوڕهێنەر و ڕۆژانە، بێکاری، هەژاری، دیکتاتۆری و سەرکوت، دزی و گەندەڵیی بێ سنووری سیستماتیکی حکوومەتی، بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و...، بوونەتە هۆی نارەزایەتیی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک و چین و توێژە جیاوازەکان لە دەسەڵاتی حاکم و کۆمەڵگای ئێرانیان گەیاندۆتە سنووری تەقینەوە. ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنی هیچکام لەو قەیرانانە بەرنامەیەکی گونجاوی نییە و بۆ هیچکام لە داخوازە ڕەواکانی خەڵک بێجگە لە سەرکوت و گرتن و کوشت و بڕ، وڵامێکی بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتوو نییە. ڕێژیم هەموو ئەو قەیران و بارودۆخە تاقەتپڕووکێنەی خستووەتە ئەستۆی «دوژمنانی دەرەکی» و سزائابوورییەکان کە لە ڕاستیدا هۆکاری سەپاندنی گەمارۆوە نێودەوڵەتییەکان بۆ سیاسەت و کردەوەکانی خۆی بەرامبەر بە کۆمەڵگای جیهانی دەگەڕێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکاندا، نەک هەر هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی بە قازانجی ئەوان لە سیاسەتەکانی ڕێژیمدا بەدی ناکرێت، بەپێچەوانە، کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر لە جاران مافە سیاسی و کولتوورییەکانیان پێشێل دەکات و هەر ڕۆژە بە بیانوویەک سیاسەتی ئاسمیلەکردنی نەتەوە غەیرەفارسەکان درێژە پێدەدات. وەک دواهەنگاوی ڕێژیم دژ بە گەلانی ژێردەستەی ئێران، دەکرێت ئاماژە بە «تەرحی بەسەندەگیی زمانی فارسی» (طرح بسندگی زبان فارسی) و قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی و بەئیجبارکردنی جلوبەرگی فەرمی بۆ منداڵانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە ئاماژە پێبکرێت.

هاونیشتمانانی بەڕێز!

ڕێژیم بە لەدەستدانی ڕەوایی، بڕوای بە خۆی نەماوە و لە سێبەری خۆی دەترسێت و لەپشت ئاساییترین جووڵە و بچووکترین داخوازیی سینفی هاووڵاتییان، پیلان و دەستی دوژمن بەدی دەکات و پەنا بۆ سەرکوت و توندوتیژی دەبات: «کوشتاری کۆڵبەری کورد کە ڕێژیم هیچ ڕێگایەکی بۆ خۆبەخێوکردن بۆ نەهێشتوونەوە، چالاکانی ژینگەپارێز، ژنانی خوازیاری عەداڵەت و دژی ئاپارتایدی جنسییەتی، مامۆستایانی قوتابخانە و کرێکارانێک کە خوازیاری مووچەی دواکەوتوویانن، ماڵخوراوان و...»، هەموو ئەو چالاکی و داواکارییانە کە پێوەندییەکیان بە سیاسەتەوە نییە، لە لایەن ڕێژیمی ترساو و داماوەوە بە جاسووسی بۆ وڵاتانی بێگانە تاوانبار دەکرێن، دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانەکانەوە! لە بەرامبەردا، خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ترسیان لە حکوومەت دەشکێت و گرتن و بەندیخانە و ئەشکەنجە بووە بە ژیانی ڕۆژانەیان. ئەورۆ هەواڵی زیندانیکردنی واژۆکەرانی نامەیەکی سەرئاواڵە بۆ عەلی خامنەیی بڵاو دەبێتەوە، سبەینێ گرووپێکی دیکەی ژن و پیاو، نامەیەکی سەرئاواڵە دەنووسێت و داوای ئیستعفای خامنەیی و گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی ئێران دەکات. ڕەوتەکە بەردەوامە! ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆمان لە سەرجەم ئەو چین و توێژ و لایەنانە کە داوای ماف و ئازادیی خۆیان دەکەن و دژ بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دەوەستنەوە، دەردەبڕین.

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان!

دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێدا شەهید کرا کە لەگەڵ چەند کەسایەتیی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی سەبارەت بە پرسی هاوکاری و یەکگرتن خەریکی بیروڕاگۆڕینەوە بوون. ئەو پێداویستییە، ئەورۆش دوای ٢٧ ساڵ بەزیادەوە هەر لە جێی خۆیەتی و پرشوبڵاوی و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی دێموکراتیک و یەکگرتوو، بە خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی و هۆکارێکی سەرەکیی مانەوەی ڕێژیم و بە خاڵی لاوازی ئازادیخوازانی ئێرانی بەرامبەر بە ئیستبدادی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی دادەنرێت. تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون لە دەست حاکمییەتی تێرۆر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، درێژەدان و پەرە و گەشەپێدان بە خەبات، لە ئاستی کوردستان و ئێراندا، بە هەموو شێوەیەکی گونجاو، بە یەکگرتوویییە.

سڵاو لە گیانی پاکی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون ئەردەڵان و کاک نووری دێهکوردی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان. بەردەوام بێت خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بۆ ئاشتی و ئازادی.

بەردەوام بێت خەباتی حیزبەکەمان لەپێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٦ی سێپتامبری ٢٠١٩ی زایینی**

## سێمینارێک سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس و پێگەی دوکتور «سادق شەرەفکەندی» بەڕێوەچوو

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ٢٩ی خەرمانان، سێمینارێک لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس و پێگەی دوکتور «سادق شەرەفکەندی» بۆ «حەسەن شەرەفی»، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، ڕێک خرا. سێمینارەکە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب لە هەولێر و جێژنیکان بەڕێوەچوو. سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان «حەسەن شەرەفی»، لە وتەیەکدا بە بۆنەی یادی ٢٧ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی، تیشکی خستە سەر قۆناغەکانی ژیانی زانستی و سیاسیی ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیە و وتی: «دوکتور سادق، وەک ڕێبەر و یاری بەوەفای دوکتور قاسملوو، لە ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت لە پێکهاتەی حیزبی دێموکراتدا، دەور و کاریگەرییەکی ئێجگار گرینگی هەبوو و توانی وەک قوتابییەکی بەئەمەگ و کەسایەتیی بەمشوور و بە وریایی خۆی، نەهێڵێت بێ قاسملوویی بە جەستەی حیزبەوە دیار بێت و ئەو خەونەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ نەمانی حیزبی داڕشتبوو، بە پێگە و دەوری خۆی بکاتە بڵقی سەر ئاو». جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند: «هەرچەند شەهیدبوونی دوکتور سادقی زانا، خەسارێکی گەورە و برینێکی قووڵ بوو بۆ جەستەی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی و بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەگشتی، بەڵام ئەو وانە و دەرسانەی کە ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید لەنێو حیزبدا بۆیان کردین بە کولتوور و بناغەی ڕێبەریی بەکۆمەڵ و بەڕێوەبەریی جەمعییان داڕشت، کاریێکیان کردووە، سەرەڕای دەیان پیلانی دوژمنان و ناحەزان، هێشتا حیزبی دێموکرات وەک جاران پێگەی خۆی پاراستووە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و جێگەی هیوای ئازادیخوازانە، کە ئەمەش لە باوەڕمەندیی ئەو حیزبە و سیاسەتە سەرەکییەکانی و قارەمانێتیی پێشمەرگەوە سەرچاوە دەگرێت».

دواتر «شەرەفی»، تیشکی خستە سەر خەسڵەت و تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتور سەعید و بە هێمای خۆڕاگری، ورەبەرزی و سیمبولی ڕەوشت و پرەنسیپ ناودێری کرد و وتی: «باوەڕێکی قووڵی بە خەباتی یەکگرتووانە و هاوکاریی نێوان هێز و لایەنە سیاسییە کوردی و ئێرانییەکان هەبوو، ئەو کاریگەری و شوێندارییەی دوکتور «سادق»، لە ئاستی بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا، وایان کرد کە دوژمنی گەلەکەمان، واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بیر لە داڕشتنی تێرۆرکردن و سڕینەوەی فیزیکی بکاتەوە، چونکە ئەقڵی سیستمی سیاسیی ئێران پێیان وابوو، بە لێدان لە سەری حیزبی دێموکرات، جەستە و پەیکەریشی دەکەوێت و نامێنێت، بەڵام غافڵ لەوەی ئەو جەستەیە، بە بیر و ئەندێشەیەک ئاودراوە و خاراوە، هەرچەندیش زام هەڵبگرێت، بەڵام قەت بە چۆکدا نایەت و کۆڵ نادات».

بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، ئاماژەی بە تێرۆری میکۆنۆس و کاریگەرییەکانی کرد و ڕایگەیاند: «هەرچەند کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕەوتی دادگای فیدراڵی ئاڵمانی دا و ویستی وەک تێرۆرەکانی دیکە، خۆی دەرباز بکات، بەڵام بە بێلایەنیی دادگا و پێداگریی حیزبی دێموکرات، دادوەر و پۆلیس، توانییان بڕیاری کۆتایی بدەن کە تاوانباریی سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕیسوایی ئەو ڕێژیمەی لە ئاستی نێوخۆ و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا لێکەوتەوە». ناوبراو لە بەشێکی دیکەدا، تیشکی خستە سەر پێگەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی جیاجیا و پێداگریی لەسەر درێژەدان بە قۆناغی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کردەوە و وتی: «جەختی لەسەر دەکەمەوە کە ڕاسان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بەردەوام دەبێت و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، هەنگاوەکانمان لەم قۆناغە هەستیارەدا جیددیتر و قایمتر دەکەینەوە و لە خەبات بەردەوامین».

«حەسەن شەرەفی» لە کۆتاییدا، ئاماژەی بە هەلومەرجی ئێستا و دۆخی سیاسەتی شپرزەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و ناوچە و جیهان کرد و ڕایگەیاند: «ئەو ڕێژیمە ئێستا لە گشت کاتێک زیاتر پەراوێز کەوتووە و کردەوە و زێدەخوازییەکانی لە ناوچەکە، هێندەی دیکە تەریکی خستووەتەوە و دۆخی شپرزەی ئابووری و دوورکەوتنەوەی دۆست و هاوپەیمانەکانی، پێگەیان لەنگتر کردووە و لە بەرانبەردا، دۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی ئازادیخواز، بەمشوور و بەرپرسیار، لە باشیدایە و هیوامانە بە هێزی خۆمان کە خەڵکە و باوەڕمان بە ئازایەتیی پێشمەرگە و ئەندامانی دڵسۆزی بزووتنەوەکەمانە».

## سێمینارێک بۆ بەرزڕاگرتنی یادی دوکتور شەرەفکەندی بەڕێوەچوو

بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنۆس، لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، سێمینارێک بەڕێوەچوو. ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی خەرمانان، لە شاری سلێمانی، بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری و یادی شەهیدانی میکۆنۆس، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سێمینارێکی بۆ «حوسێن نازدار»، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکرات پێکهێنا .

ئەم سێمینارە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان، «ڕەزا مورادی» بەرپرسی کۆمیتەی سلێمانی، کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور «سادق شەرفکەندی» و هاوڕێیانی پێشکەش کرد .دواتر «حوسێن نازدار» لە سەرەتای قسەکانیدا، بە شێوەیەکی کورت باسی لە کارەساتی میکۆنۆس و ڕەوتی دادگا و بەدواداچوونەکانی بۆ ئەم ڕووداوەی کرد. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی دادگای میکۆنۆس لە کورتکردنەوەی دەستی تێرۆری ڕێژیمی ئێران لە ئورووپادا کرد، بە شێوەیەک کە تا ئەم ساڵانەی دوایی ڕێژیمی ئێران نەیتوانیوە هیچ کردەوەیەکی تێرۆریستی لەنێو خاکی ئورووپادا ئەنجام بدات. «حوسێن نازدار» لە درێژەی قسەکانی خۆیدا، ئاماژەی بە ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور «سادق شەرەفکەندی» لە مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کرد و ڕایگەیاند: «دوکتور سادق کەسایەتییەک بوو کە قسە و کردەوەکانی یەک بووە و جێنشینێکی لێوەشاوە بۆ شوێنی ڕێبەر دوکتور قاسملووی شەهید بوو و لە ڕاستیدا نەیهێشت کەلێنی بێ قاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە دیار بێت».

هەروەها لە درێژەدا ڕایگەیاند کە دوکتور «سادق شەرەفکەندی» ڕۆڵی هەبووە لە لێک نزیککردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی و ئێرانی و هەروەها بەردەوام هاوکاریی خەباتی گەلی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکرد.

لە کۆتایی سێمینارەکەدا بەشداربووان ڕا و بۆچوونی خۆیان خستە بەرباس.

## بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنۆس، سێمینارێک بەڕێوەچوو

لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٧ـەمینساڵیادی تێرۆری دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی، سێمینارێکی تایبەت بەڕێوەچوو. ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ی خەرمانان، لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری و یادی شەهیدانی میکۆنۆس، سێمینارێکی تایبەت بۆ دوکتور «میرۆ عەلیار» جێگیری بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات پێکهات. ئەم سێمینارە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان ژیاننامەی کورتی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی پێشکەش کرا. دواتر دوکتور «میرۆ عەلیار»، لە بەشی یەکەمی قسەکانیدا، بە شێوەیەکی کورت شێوەی ڕوودانی تێرۆری میکۆنۆس و ڕەوتی دادگا بۆ بەدواداچوونی ئەم ڕووداوە بۆ بەشداربووان گێڕایەوە، کە چۆن کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار ناسێندراوە. ناوبراو هۆکاری سەرەکیی تاوانبارکردنی ڕێژیمی ئێران و بەدواداچوونی دادگای میکۆنۆسی بۆ ئەو کەیسە بۆ هەڕەشەی تێرۆریزمی ڕێژیم بۆ سەر حاکمییەتی ئورووپا و هەڕەشە بەردەوامەکانیان بۆ کوشتنی دادستانی میکۆنۆس گەڕاندەوە. لەمبارەوە قسەی یەکێک لە پارێزەرەکانی کەیسی میکۆنۆسی هێنایەوە کە وتبووی: «بەر لە دادگای میکۆنۆس ئورووپا ببوو بە سەرزەمینێکی بێ یاسا و ڕێسا و لێپرسینەوە بۆ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کوشتنی چالاکانی ئۆپۆزسیۆنی خۆی».

دوکتور «میرۆ» لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی دادگای میکۆنۆس لە کورتکردنەوەی دەستی تێرۆری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئورووپا کرد کە بەهۆی بڕیاری دادگاوە تا چەند ساڵ پێش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەیتوانیوە هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لەنێوخاکی ئوروپادا ئەنجام بدات. ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لە هۆکاری بە سمبول بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی کرد و ڕایگەیاند: «لە مێژووی جووڵانەوەکانی کورددا، زۆر جار بینراوە کە ڕێژیمەکان بۆ لەنێوبردنی جووڵانەوەکان هەوڵی لەنێوبردنی ڕێبەرەکانیان داوە جا چ بە کوشتن بێت یان بە هەر جۆرێکی دیکە بێت و دوای نەمانی ڕێبەر، شۆڕش تووشی ئاشبەتاڵی بووە. بەڵام دوکتور شەرەفکەندی ئەو تەلیسمەی شکاند، نەیهێشت جووڵانەوەی کوردستانی ئێران دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو تووشی ئەو کارەساتە بێت. دوکتور شەرەفکەندی شانازیی کۆتاییهێنان بەو دیاردە جەرگبڕەی جووڵانەوەکانی کوردی بە ناوی خۆی تۆمار کرد».

# ناوەندی هاوکاری: ئێمە پشتئەستوور و دڵگەرم بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستانین

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی تاوانی ١٧ی خەرمانانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پەیامێکی بڵاو کردەوە.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی تاوانەکانی ١٧ خەرمانان.
کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!
حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران!
یەک ساڵ لەمەوبەر، ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەوروبەری شاری کۆیە کەوتنە بەر پەلاماری مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر لە هەمان ڕۆژدا، زیندانییانی سیاسیی ناسراوی کۆمەڵە «ڕامین حوسەین پەناهی»، «لوقمان مورادی» و «زانیار مورادی» لە سێدارە دران و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات، ١٤ ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٢ مامۆستای فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهیدبوون. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و هاوکات لەسێدارەدانی پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری کورد دەیانهەویست بە خەیاڵی خۆیان حیزبەکانی کوردستانی ئێران و چالاکان و نیشتیمانپەروەرانی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان بترسێنن و ئەو پەیامە بە نێوخۆی ئێران، کوردستان و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بدەن کە کۆماری ئیسلامی بەهێزە و لە هەموو حاڵەتێکدا توانای هێرش و پەلامار بۆ سەر هێز و لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردستانی هەیە. بەڵام دیتمان خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان‌دا بە دەنگی حیزبەکانی خۆیانەوە هاتن و بە پشتیوانی لە هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانیان حەماسەیەکی کەم وێنەیان وەڕێ خست. خەڵکی کوردستان، پێشوازییان لە بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» کرد و بە وەڕێخستنی مانگرتنێکی سەرانسەری و گشتی، تووڕەیی و نارەزایەتیی خۆیان لە هەر دوو تاوانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. ئەو پێشوازی و بە دەنگەوە هاتنەی خەڵک بە چەشنێک بەرین و سەرانسەری بوو کە بێزراوبوونی ئەو ڕێژیمە لەنێو خەڵکی کوردستانی بە باشترین شێوە پیشان دایەوە. هەر بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین کە مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، لاپەڕەیەکی پڕشنگدارە لە مێژووی نارەزایەتی دەربڕینی گشتی و خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. ئەم مانگرتنە گشتی و سەرانسەرییە جارێکی دیکە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی سەلماندەوە کە خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و ٣٩ ساڵ سیاسەتی سەرکوتکەرانە و زەبروزەنگی ئەو ڕێژیمە نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانیان لێک دابڕێت.
پەیامی ٢١ی خەرمانان ئەگەر لە لایەک ژان و ئازاری لەدەستدانی پۆلێک سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی شەهید و سێ لاوی تێکۆشەری لەسێدارەدراوی کەم کردەوە، لە لایەکی دیکە ترس و خۆفی خستەوە نێو گیانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەتی ئەو کاربەدەست و دامودەزگایانەی لەژێر سێبەری مووشەک و تۆپخانە و سەرنێزە لە کوردستان حوکمڕانی دەکەن. تاوانەکانی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، هەر بەو ڕادەیە کە دڕندەیی و نێوەرۆکی کۆمەڵکوژانە، تێرۆریستی و دەستدرێژکارانەی هێرش و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕانەی کوردستانیان پیشان دایەوە، سەلمێنەری وەحشەتی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان وەک ناوەندی خەبات و بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامیش بوون. خەبات و بەربەرەکانییەک کە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای زۆرتربوونی دڕندەیی و زەبر و زەنگی هێز و دامودەزگا سەرکوتکەرەکان لە کوردستان، درێژەی هەبووە و ڕووی لە هەڵکشان کردووە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە یەکساڵەی تاوانەکانی ١٧ی خەرماناندا، وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەو تاوانانە، سڵاو بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدەکان دەنێرێت و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ئەم پۆلە گەورە لە تێکۆشەرانی شەهیدی کوردستان دووپات دەکاتەوە. هەر لەم بۆنەیەدا پێزانینی خۆمان لە ئاست هەڵوێستی وشیارانە و ئازایانەی خەڵکی کوردستان و دەربڕینی هاوپێوەندی و پشتیوانییان لە هێزە سیاسییەکانی خۆیان کە مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانان لووتکەی ئەم هەڵوێستەیان بوو، ڕادەگەیەنینەوە. بە جێیە لەم بۆنەیەدا جارێکی دیکە سپاسی خۆمان بۆ سەرجەم هێز و لایەن و کەسایەتییە سیاسی و خەباتکارەکانی کوردستان و ئێران کە لەم کارەساتەدا، هاودەنگ، هاوخەم و هاوکار و پشتیوانمان بوون، دووبارە بکەینەوە. لە یەکساڵەی تاوانەکانی ١٧ی خەرماناندا، جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و خەباتی ئێمە هێزە سیاسییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، دڵگەرم و پشت ئەستوور بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو پیلان و هەوڵە شوومەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، درێژەی دەبێت. بێگومان لە بەردەوامی و درێژەدانی ئەو ئەرکە پڕشانازییەشدا، پەیامی هەمیشەیی خەڵکی کوردستانی بۆ هێزە سیاسییەکان کە داوای یەکگرتوویی، هاوخەباتی، هاوپەیمانی و پشتبەستن بە یەکتر بووە، لەبەرچاومان ون نابێت.
جارێکی تر یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لە پێناوی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا گیانی خۆیان بەخت کردووە بەرز ڕادەگرین و بەڵێن دەدەین کە بە لێبڕاویی زیاترەوە بۆ وەدیهاتنی ئاواتە بەرزەکانیان تێبکۆشین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# بەبۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی جینایەتی ١٧ی خەرمانان سێمینارێک بەڕێوە چوو



بەبۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، سێمینارێک بەڕێوە چوو. ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی خەرمانان لە کەمپی جێژنیکان، سێمینارێکی تایبەت بە جینایەتی ١٧ی خەرمانان کە لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران بوو، بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی «ئەی ڕەقیب» و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات و «حیسام دەستپیش» نوێنەری حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی ئورووپا، لە سەر جینایەت و تاوانی ١٧ی خەرمانان لە دوو بڕگەی جیاوازدا سەبارەت بەو جینایەتە قسەیان کرد. سەرەتا «کەریم پەرویزی» ئاماژەی بە مەبەستی ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە کرد و وتی: «ڕێژیم لە لایەک ویستی هێزی نابەرابەری نیزامیی خۆی و ئاگر و ئاسن پیشان بدات و هێزە دژبەرەکانی خۆی و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات چاوترسێن بکات و لە لایەکی دیکەشەوە لە بواری سیاسییەوە گەلی کورد چاوترسێن بکات و ئیرادەی پۆڵاینیان بە چۆکدا بێنێ. ڕێژیم کە لە بەرامبەر حزووری پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەستەوەستان مابوو، مەبەستی ئەوە بوو ورەی تێکشکاوی هێزەکانی خۆی بەرێتە سەر.» پەرویزی باسی هەڵوێستی خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد کە بە یەکدەنگی و یەکگرتووانە بە مەبەستی پشتیوانی لە هێزە شۆڕشگێڕەکانیان و بۆ مەحکوومکردنی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران مانگرتنی سەرتاسەرییان بەڕێوە برد و کۆماری ئیسلامییان بە چۆکدا هێنا و سەلماندیان کە لە بەرانبەر مووشەکباران و لەسێدارەدرانی ڕۆڵەکانیاندا بێهەڵوێست نین و لەگەڵ ئەوان لێک جیا نەکراون.
لە تەوەری دووهەمی سێمینارەکەدا، «حیسام دەستپیش» باسێکی پێشکەش کرد و گوتی کە: «کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چ ژینگە و حاڵەتێکەوە وەها جینایەتێکی ئەنجام داوە، هەروەها ئێمە لە چ حاڵەتێکدا بووین؛ بۆ وێنە ڕێژیم لە ناوخۆی وڵاتدا خۆی بە شکستخواردوو دەزانی، لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر گوشارە نێونەتەوەییەکاندا بوو. کورد و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتیش لە مەیدانی خەباتدا هەروا بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە لە سەرپێ بوون، بە تایبەتی خەباتی نوێی ڕۆژهەلات (ڕاسان) لە لووتکەدا بوو، ڕاسان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وشیاریی و خەباتی خەڵک دانا، ئەگەر ڕاسان نەبایە، نەورۆزی جامانەش نەدەبوو، حەماسەی یارمەتی بە خەلکی لێقەوماوی کرماشانیش نەدەبوو، یەکیەتی و یەک هەکوێستیی ٢١ی خەرمانانیش نەدەبوو، ئەگەر ئێمەش کارمان نەکردبایە خەڵکی وڵامی نەدەدایەوە.» دەستپیش لە درێژەدا وتی: «بێگومان هەر جووڵەیەکی پێشمەرگە دەتوانێ حەرەکەتێکی خەڵکی وەڕێ بخات، بۆیە ڕێژیم کە لە ناوخۆدا مەشرووعییەتی نەماوە، بە پێویستی زانی کە بەم مەبەستە، ئەو جینایەتە ئەنجام بدات. بە زەربەلێدان لە هێزی دژبەری خۆی مەشرووعییەت بە دەست بێنێ، وڵاتانی ناوچە چاوترسێن بکات و هێزی خۆی دەربخات. بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی چی لێکەوتەوە؟ گەلی کوردی یەکگرتووتر کرد. ناوەڕۆکی چەواشەکارانەی ڕێژیم بۆ خەڵکی باشووری کوردستان دەرکەوت کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی دۆستی کوردە. زیاتر لە جاران وڵاتانی ناوچەی نیگەران کرد و تەنانەت وڵاتانی عەرەبی خۆیان نزیکی ئیسرائیل کرد. هێزی گەلی کورد و ئیرادەی ڕزگاریخوازانەی کورد بۆ ڕێژیم و تەنانەت بۆ ئەو لایەنانەش کە لە دەرەوەی وڵاتن و خۆیان بە دژبەری ڕێژیم دەزانن دەرکەوت و تاقی کرایەوە.»
ئەم سێمینارە بە پرسیاری بەشداربووان و وڵامدانەوە لە لایەن پێشکەشکارانی باسەکەوە کۆتایی پێهات.

# ئاگاداریی دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لەبارەی سیخوڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی سیخوڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.
دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:
ئاگاداری لە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبەوە
دۆستان و هاوڕێیانی تێکۆشەر!
ماوەیەکە بە بەردەوامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەند کەسێک لەژێر ناو و نیشانی خەڵەتێنەری بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕانە و جۆراوجۆری وەکوو: «ڕاسانی شاخ و کێو، ڕاسانی مەخفی» و ناوی دیکە بە ڕێنووس و ڕێزمانێکی شێوێندراوەوە و بە کەڵکاژۆوەرگرتن لە ڕێزی ڕەوتی خۆشەویستی ڕاسان و پێشمەرگە و ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات، هەوڵی خەوشدارکردنی تێکۆشانی خەباتکارانی ڕێکخستنی نێوخۆی وڵات دەدەن و ناوزڕان و بێڕێزیکردن بە خەڵکی کۆمەڵگای کوردستانیان کردووەتە ئامرازێک لە ڕاستای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرژەوەندیی دەزگا سەرکوتکەرکانی ڕێژیم لە کوردستان.
بەم هۆیەوە ڕادەگەیەنین کە ئەو جۆرە کەس، لایەن، پەیج و لاپەڕە و کاناڵانە، هەوڵکانیان بۆ خەوشدارکردنی سیمای خۆشەویستیی تێکۆشەران و ئۆرگانە خەباتکارەکانی حیزبی دێموکراتە و هیچ پێوەندییەکیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هیچ ئۆرگانێکی حیزبەوە نییە و خۆیان لە هەڵسوکەوت و تێهەڵکەوتەکانیان بەرپرسیارن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**

## درێژەی پەیف


بۆ منداڵان شیرینترین وەرز و خۆشترین ڕۆژ بێ ، تاکوو بەوپەڕی خۆشی و حەزەوە بەرەوە قوتابخانە بڕۆن و چوونکە قوتابخانە بنکەیەکی دوور لە بنەماڵەکەیە و لە نازو خۆشەویستیی بنەماڵە دوور دەکەوێتەوە و دەبێ قوتابخانە ئەو ناز و پێراگەیشتنەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە، تاکوو باشتر وانەکانی وەر بگرێ، بەڵام لە ئێرانی ژێردەستی بیری فاشیستیدا قوتابخانە، وەکوو زیندن وایە و لەوەش خراپتر بەتەواوی دەیانهەوێ بیکەن بە قەسابخانە. ئەمە کوشتارێکی بەکۆمەڵی فەرهەنگییە کە نەک زمان و ناسنامە دەسڕێتەوە، بەڵکوو بەوشێوە هەڵسوکەوتە دەیهەوێ منداڵانی نەتەوە بندەستەکان بێزار بن لە پرۆسەی خوێندن و لەباری خوێندەوارییی نەوەی داهاتووشەوە دواکەوتوو بن و لەڕاستیدا سیستمی خوێندن لە ئێراندا بۆتە ڕەگەزپەرەستییەکی ڕووت و دڕندانە.

# دەورەی ٢٣٨ی سەرەتایی پێشمەرگە سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات



پۆلێکی دیکەی لاوانی تێکۆشەری کوردستان، پاش تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە بوون. ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی خەرمانان، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٣٨ی سەرەتایی پێشمەرگە لە کەشێکی شۆڕشگێڕانەدا بەڕێوەچووە. سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر بەو بۆنەوە، پەیامی فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە لایەن «ئەسعەد ئەحمەدی»، ئەندامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرد کە لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕوو لە بەشداربووانی دەورە ڕایگەیاند: «هیوادارم لە ڕاستای بەرەوپێشچوونی ئەرکەکانی پێشمەرگەدا سەرکەوتوو بن و وانەکانی فێرگەتان بکەن بە تۆشەی ڕێگا و تێکۆشانتان و لە داهاتوودا بۆ حیزب و گەلەکەمان دەسکەوتی باشی بەدواوە بێت». ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەرەڕای ئاماژەدان بە دۆخی ناوچەکە و ئەو ئاڵوگۆڕانە و هەموو ئەو گوشارانەی کە لەسەر ڕێژیمی ئێران دروست بووە، باسی لەوە کرد کە بوونی هەموو ئەو گوشارە دەرەکییانە ڕاستە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران، بەڵام هێزی ڕاستەقینە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران نارەزایەتییە نێوخۆییەکانی گەلانی ئێرانە کە بێگومان یەکدەنگیی هێز و حیزبە کوردییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەریان دەبێت. نموونەی بەرچاویش بۆ ئەمە مانگرتنی ساڵی پێشووی خەڵکی کوردستانە کە بە هانای بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە هاتن و بە یەکدەنگی و بە تێکڕا، دووکان و بازاڕەکانیان داخست. پاش قسەکانی «ئەسعەد ئەحمەدی»، هۆنراوەیەک بە ناوی «وڵات»، لە لایەن بەشداربوویەکی دەورەوە پێشکەش کرا. دواتر «شاهۆ غەفووری»، ڕاپۆرتی پەروەردەی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی خوێندەوە. پاشان سروودێک بە ناوی «بۆ پێشمەرگە»، لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی دەورە خوێندرایەوە. دواتر گۆرانییەک بە ناوی «وەتەن» لە لایەن بەشداربوویەکی دیکەی دەورەوە پێشکەش کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا خەڵات بەسەر کەسانی سەرکەوتووی دەورەدا دابەش کرا. پاشان بەشداربوویەکی دیکەی دەورە گۆرانییەکی بە ناوی «بۆ کوردستان» پێشکەش کرد. هەر لەم ڕێوڕەسمەدا «ماریا قوربانی»، هاوسەری شەهید «لوقمان شێخانی»، جامانەی هاوسەرە شەهیدەکەی پێشکەشی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و ئەم جامانەیە لە لایەن «موختار سوهرابی»، بەرپرسی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە وەرگیرا و لەگەڵ وەرگرتنی جامانەی هاوڕێی شەهید «لوقمان شێخانی»دا پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانی کوردستانی نوێکردەوە. دواتر گۆرانییەکی شۆڕشگێڕی لە لایەن بەشداربوویەکی دەورەوە پێشکەش کرا.
ئەم ڕێوڕەسمە بە ئەنجامدانی چەند نمایشێکی نیزامی، لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە کۆتایی پێهات.

# دوکتور شەرەفکەندی، شکۆیەک لە باوەڕ



**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرەبەری نزیک بوونەوەی ساڵوەگەری شەهید بوونی ڕێبەری گەلەکەمان دوکتور‹‹سادق شەرەفکەندی›› و هاوڕێیانی لە شارەکانی کوردستان چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.**

ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد لە بەرەبەری ساڵوەگەری شەهید بوونی دوکتورسادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە: ‹‹پارکی میللەت، پارکی پەرەستار، سێرای قەبرستان، ئەسحابەی سپی، کوچەی خانەقا، باغی شایگان، سێرای شیلانان، مزگەوتی نوور، مزگەوتی بوداق سوڵتان، تەپەی کاودان و مەدرەسەی سەفا››.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری ‹‹دەرە شار›› لە شەقامی جەعفەری، بەردەرگای ئاموزش و پەروەرش، سێرای ئەسەدئاباد و بەر مزگەوتی ساحب زەمان، بە بۆنەی نزیک بوونەوەی ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور شەرفکەندی، یادی ئەم ڕێبەرەیان بەرز ڕاگرت و بێزاری خۆیان لە ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری ئێران دەر بڕی.

شەوی ١٧ی خەرمانان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، لە شاری بۆکان، لە سەرجادەی بۆکان – میاندواو لە نزیک ڕێستوورانەکانی داشبەند چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەم چالاکییەدا، قارەمانانی دێموکرات، بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری دوکتور شەرەفکەندی و ئارمی حیزب و سی دیی حیزبی، لە سەر ڕێگای پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ئەهواز پێشوازییان لە خەڵکی پارێزگاکانی ورمێ و تەورێز و ئەردەبێڵ کرد کە بۆ ئەم پارێزگایانە دەچوون.

هەروەها، ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە شاری گوێکتەپە، سەر بە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، لە بەرەبەری ٢٦ی خەرمانانـدا، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەر لەم پێوەندییەدا، لە شاری سنەش، ئەندامانی تێکۆشەری دێموکرات، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی خەرمانان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٧ـەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، لە دۆڵی ‹‹قرووچاوێ››، هەڵکەوتوو لە کوێستانی کانی زەردی پیرانشار، سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و لەگەڵ ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدان پەیمانیان نوێکردەوە.

ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات، بە نووسینی دروشمی ‹‹یاد و بیرەوەریی شەهیدان بە درێژەپێدانی ڕێگایان بەرز ڕادەگرین›› و ‹‹بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران››، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. شەوی دووشەممە، ١٨ی خەرمانان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە ‹‹پارکی ساحێلی و نێوشاری بۆکان››، بە بڵاوکردنەوە تراکت و پوستێری تایبەت و هەروەها نووسینی دروشم، تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد و یادی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت. ڕۆژی سێشەممە ١٩ی خەرمانان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە ناوچەی «شاروێران»ـی شاری مەهاباد، لە: «گابازڵە، کێچاوا، جیهادئاوا، قەرەداغ، قجیاوا، گاپیس، تاڵاوی کانی بەرازان و گۆڕستانی شەبەک».

هەروەها چەندین دروشمی وەک: «دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێبازیدا زیندووە، بژی ڕاسان، بژی حدکا»، لەو چالاکییەدا لەسەر دیواری گوندەکان نووسراوە. ڕۆژی سێشەممە، ١٩ی خەرمانان، وەفادارانی ڕێبازی ئاشتی و ئازادی لە ناوچەی «شاروێران»ـی مەهاباد، کۆمەڵێکی بەرچاو تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان لە شوێنە جیاجیاکانی ئەو ناوچەیەدا، بڵاو کردەوە و هەروەها بە نووسینی دروشمەکانی وەک: «دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێبازیدا زیندووە، بژی ڕاسان، بژی حدکا»، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی لێ ئەنجام دراون بریتین لە: «شاری گوێکتەپە و گوندەکانی حاجی خۆش، گابازڵە، کێچاوا، جەهاد ئاباد، قەرەداغ، قجیاوا، گاپیس، خورخۆرە، تاڵاوی کانی بەرازان و گۆڕستانی شەبەک».

هەر بەم بۆنەوە، قارەمانانی دێموکرات لە شاری پیرانشار، بە نەخشاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و نووسینی دروشم، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەم شوێنانەی کە چالاکیی لێکراوە بریتین لە گوندەکانی: «خورینج، لاوێن، گردکشانە، ئەندێزێ، قەڵەبان، شنۆزەنگ، گەپلەسەن، کارخانە قەند و دەوروبەری».

هەروەها، ئەندامانی تیکۆشەری دێموکرات لە شاری بۆکان، بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە، پۆستێری تایبەت و «سی دیی حیزبی»یان، لە: «بلواری شەمسی بورهان، پردی کۆنی میراوا، مەیدانی وەحدەت و هەروەها لە گوندەکانی دروێشان، قاجر، قەرەڵی و پیرمحەممەد» بڵاو کردەوە.

شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی خەرمانان، ڕۆڵە تێکۆشەر و چاونەترسەکانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە: «ئازادەگان، فەرهەنگیان، کووچەی بورجی توتونچی، باشگای وەرزشی، شیرکەتی بورهان بێتۆن، ئیتحادیەی ساردخانەی موکریان و هەروەها لە گوندەکانی تاڵاو، تەنگ باڵەکە، قوڵ قوڵە و دارەلەک».

هاوکات، ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە شاری ‹‹میاندواو››، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی لە شوێنەکانی وەک: «ئاموزشگای ڕانندەگیی پایەی ٢ی کەوسەر، شاری باروق» و هەروەها لە گوندەکانی: ‹‹قشلاق، زەینەڵ کەندی و نەسیرکەندی››، یادی شەهیدانی بێرلینیان بەرز ڕاگرت.

هەر بەم بۆنەوە، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنە، لە دەوروبەری شاخی ئاویەر، بە نووسینی دروشمی: ‹‹دوکتور شەرەفکەندی، شکۆیەک لە باوەڕ و پێناسەیەک بۆ خەبات››، ‹‹شەرەفکەندی خەرمانێک لە ڕاستگۆیی و ئەمەگناسی›› و ‹‹نەفرەت لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری پەت و سێدارە››، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە باکووری ئێران، یادی ٢٦ی خەرمانانیان بەرز ڕاگرت. ڕۆژی هەینی، ٢٢ی خەرمانان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان، لە بەرەبەری هاتنی ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور «سادق شەرەفکەندی»ـدا، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و سی دیی تایبەت بەو ڕۆژە و نووسینی دروشم، لە: «ناوچەی چۆمی مەجیدخان، بلواری ئازادەگان تا گوندی ناچیت، عەلی ئاوا، خانووە سازمانییەکانی جەهاد و پشت شەبەکەی بێهداشت، گوندەکانی سەرچنار، سەوزی، خەتایی، کوورەخانەکانی ساروقامیش، قەرەموسالی، قارنجە و حاجی لەک، قەڵای ڕەسووڵ سیت، پارکی ساحلی، فەلەکەی فەرمانداری، کۆڵانەکانی ئاگرین، قەندیل و تەرەغە، قوتابخانەی کوڕانەی زەم زەم، شەقامی شەمسی بورهان، سێرێیانی حەمامیان».وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی شەهیدان سەلماندەوە.

ئەو دروشمانەی لەو چالاکییەدا نووسراون بریتین لە: «بژی دوکتور شەرەفکەندی، بژی ڕاسان، بژی حدکا، دوکتور شەرەفکەندی شکۆیەک لە باوەڕ، دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێبازیدا زیندووە». ڕۆژی هەینی، ٢٢ی خەرمانان، قارەمانانی دێموکرات لە شاری شنۆ و نەغەدە، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان، لە: «ئاڵاگووزی سەروو، حەسەن نووران، میرئاوێ، ئارنێ، زەلیلان، جاشێران، حەڵبی نەغەدە، یۆنسلێیان، کوئیک». جینایەتی میکۆنۆسیان مەحکووم کرد.

هەروەها، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێکردەوە و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان، لە: «شەقامی هەمزاوا، شەقامی سەرداران، مەیدانی ئیستیقلال، بوداق سوڵتان، باخی شایەگان و بلواری مەلا خەلیل، فەلەکەی شوانە بەرانبەر کەلانتەریی ١٣، پشتەپ بەری مەدرەسە، گەردەنەی زیندوو سپی و گوندەکانی قاوەخانە، سیاقوڵ، قازیاوا». یادی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت.

لە چالاکییەکی دیکەدا کە لە ڕێکەوتی ٢٢ و ٢٣ی خەرمانان لە شاری بانەی قارەمان بەڕێوەچوو، تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسین و بڵاوکردنەوەی دروشمی تایبەت بە ساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور «سادق شەرەفکەندی»، یادی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت و ئەو جینایەتەیان مەحکووم کرد.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: «ڕاسان بەردەوامە، دوکتور سەعید ڕێگات درێژەی هەیە، مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی ئاخوندی».

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز، لە بەرەبەری هاتنی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، ساڵیادی تێرۆرکرانی ڕێبەری گەورەی گەلی کورد، شەهید دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی لە بێرلین، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی، وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان نیشان دا و لە: «پارکی شار، پارکی کەوسەر، بەردبڕان و بلواری وەحدەت» چالاکییان ئەنجام دا.

چیاباوەڕانی دێموکرات لە شاری بۆکان، بۆجارێکی تر لە: «موجتەمەعی ئیدارات دەوڵەتی، بنکەی سپای تێرۆریستی پاسداران، شەقامی فەرمانداری، شەقامی سەقز و پاساژی شارەداریی بۆکان» بە پێشوازی یادی میکۆنۆسەوە ڕۆیشتن.

ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانان، پێشمەرگەکانی شار لەسەر ڕێگای سەرەکیی نێوان مەهاباد بۆ میاندواو، لە شوێنێک بە ناوی «گردە ڕەش»، نزیک بە شاری میاندواو، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هەروەها دانانی جامانە، بوون بە مایەی دڵگەرمیی خەڵک و ترسیان خستە نێو دڵی داگیرکەرەوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی خەرمانان، چاونەترسانی دێموکرات لە شارۆچکەی «دزەی مەرگەوەڕ»، سەر بە شاری ورمێ و لەسەر جادەی گوندەکانی «خوراسپ، گێسیان و واژاراوەی مەرگەوەڕ»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری بۆکان بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دانانی جامانە و بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری ٢٦ی خەرمانان، یادی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئێران دەربڕی. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی لێ ئەنجامدرابوو بریتین لە: «سەیرانگای کێوەڕەشی بۆکان، شێخلەر، گوندی تەرەغە، پاشبلاغ، عەزیزکەند، دنگز، ڕێگای چوونەسەرەوەی کێوی تەرەغە، نۆبار، سەیدئاوا» و چەند شوێنی دیکە لەو ناوچەیەدا. هەر بەو بۆنەیەوە، پۆڵاباوەڕانی دێموکرات لە مەریوان، بە نووسین و بڵاو کردنەوەی دروشمی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان، یادی ڕێبەری شەهیدیان بەرز ڕاگرت.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: «دوکتور سەعید، شکۆیەک لە باوەڕ، پێناسەیەک بۆ خەبات؛ تێرۆریزم ناسنامەیەک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ شەرەفکەندی خەرمانێک لە ڕاستگۆیی و ئەمەگناسی؛ درێژەدان بە ڕێبازی نەتەوەیی دێموکراتیکی ڕێبەرانی شەهیدمان ئەرکێکی نەتەوەییە؛ یاد و بیرەوەریی ڕێبەرانی شەهیدمان بە درێژەدانی ڕێبازیان بەرز ڕادەگرین و ڕاسان بەردەوامە».


لە چالاکییەکی دیکەدا، ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لە شاری سنەی کاکۆ، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان و لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شەقامەکانی «وەکیڵ» و «ئەردەڵان»، یادی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت. هەروەها خاکیپۆشانی دێموکرات لە شاری مەهاباد بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی بە شێوەی نووسین و بڵاوکردنەوەی دروشم و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، ڕێزیان لە شەهیدانی ٢٦ی خەرمانان گرت. دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: «دوکتور سەعید، شکۆیەک لە باوەڕ، پێناسەیەک بۆ خەبات». هەر لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەدا، قارەمانانی دێموکرات لە گوندی سینگانی شاری شنۆ، بە نووسینی دروشم لەسەر دیوار، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: «بژی ڕاسان، بژی پێشمەرگە و بژی شەرەفکەندی». ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ی خەرمانان،قارەمانی دێموکرات لە شاری شنۆ، لە گردی مێژوویی ‹‹دنخە›› و گوندەکانی دەروبەری ئەو شوێنەوارە مێژووییە و هەروەها لە گوندی ‹‹بێژاوێ›› و گوندەکانی دەوروبەری شاری شنۆ، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەڵماس و ناوچەی قوتوری سەر بە شاری خۆی، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا. لەم چالاکییەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات لەنێو شاری سڵماس و لە ناوچەی قوتوور و لە گوندەکانی ‹‹بابکان›› و ‹‹سیلاب››، هەروەها لە ‹‹پردی قوتوور بۆ دەروازەی سنووریی ڕازی››، زیاتر لە ٣٥٠ تراکت و پۆستێریان بڵاو کردووەتەوە. هەروەها ڕۆڵە بە جەرگەکانی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە، لە شوێنە جیاجیاکانی شاری سنە، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەر بەم بۆنەوە قارەمانانی دێموکرات لە شارەکانی نەغەدە و پیرانشار، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان و هەڵدانی ئاڵای کوردستان، یادی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت و ئەو جینایەتەیان مەحکووم کرد. ئەو شوێنانەی چالاکیی لێ ئەنجام درابوون بریتین لە: «نێوان گوندی شاوەلە و شارەدێی پەسوێ، دەشتە قورێ، کانی بداغ، کانی باخ، کێلە سیپان، خورینج و جادەی مەهاباد-پەسوێ». تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە نووسینی دروشمی ‹‹دوکتور سەعید، شکۆیەک لە باوەڕ و پیناسەیەک بۆ خەبات››، یادی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت. هەر لەم پەیوەندییەدا، قارەمانانی دێموکرات لە ‹‹پارکی کەوسەر››ی شاری سەقز، بە بۆنەی ساڵیادی تێرۆرکرانی ڕێبەری گەورەی گەلی کورد، شەهید دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی لە بێرلین، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستیری تایبەت، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەر بەم بۆنەوە ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە گوندی ‹‹نییەر››، سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەندامانی تیکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە شاری پاوە، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی، یادی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت. ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، ئەندامانی حیزب لە مەهاباد لە: ‹‹باخی میکاییل، پارکی خەبەرنگار، پردی کۆبانی، تەپەی قازی، سیلوو و پارکی بەرانبەری سیلوو، فەلەکەی نەماز، مزگەوتی سوور و دەوروپشتی زانکۆی ئازاد، ڕێگای نێوان مەهاباد - بۆکان و سێڕێیانی گوندی دەرمان و قزڵجە›› چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

هەر بەم بۆنەوە، تیکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە نووسینی دروشمی ‹‹دوکتور شەرەفکەندی شکۆیەک لە باوەڕ››، ‹‹شەهید، ڕێگات درێژەی هەیە›› و ‹‹نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین›› یادی ئەو ڕۆژیان بەرز ڕاگرت و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ڕۆژی ٢٦ لەسەر ٢٧ی خەرمانان، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد، لە: ‹‹باخی میکاییل، پارکی خەبەرنگار، پردی کۆبانی، تەپەی قازی، سیلوو و پارکی بەرانبەری سیلوو، فەلەکەی نەماز، مزگەوتی سوور و دەوروپشتی زانکۆی ئازاد، ڕێگای نێوان مەهاباد - بۆکان و سێڕێیانی گوندی دەرمان و قزڵجە» بۆ چەندەمین جار چالاکی تەبلیغییان ئەنجام دا. هەر بەم بۆنەوە، تیکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان، بە نووسینی دروشمی: ‹‹دوکتور شەرەفکەندی شکۆیەک لە باوەڕ؛ شەهید، ڕێگات درێژەی هەیە و نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین››، یادی ئەو ڕۆژیان بەرز ڕاگرت و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەروەها ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە گوندەکانی: ‹‹ سەوزی، سەرچنار، خەتایی و گردەڕەش»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور شەرەفکەندی، یادی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت. هەرلەم پەیوەندییەدا، ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات، شەوی ٢٦ی خەرمانان، لە گوندی ‹‹دەرکێ››ـی مەریوان، بە بۆنەی ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیی نەمر، بە نووسینی دروشم و کێشانی ئاڵای کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەروەها، قارەمانانی دێموکرات لە شاری سەقز، لە مەیدانی دوکتور قاسملوو، بە نووسینی دروشمی «بژی ڕاسان و بژی پێشمەرگە»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

# بەشێک لە پەیڤە بەنرخەکانی د.سادق شەرەفکەندی



- بە هەموو هەستەوە داوا لە لاوانی خوێنگەرم و ڕووناکبیری کوردستان دەکەم کە بێنە مەیدانی خەبات و جێگای بەتاڵی دوکتور قاسملوو پڕ بکەنەوە؛ ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئاوا لە دوکتور قاسملوو دەترسن دەبێ لەبەرانبەر دەیان دوکتور قاسملوودا وەزعیان چۆن بێت؟

-کۆی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نموونەی ئەو تێکۆشان و چالاکیانەن کە حیزبێکی سیاسی بەڕێوەیان دەبات و بریتین لە سێ بەش: پەیوەندی گرتن بە خەڵك و هاندانی خەڵك بۆ سەرنجدان بە سیاسەتەکانی حیزب.

. تێکۆشانی چەکداری حیزبی ئێمە تا ئێستاش کەمتر هێرشبەرانە بووە بەڵکوو زیاتر شێوەی بەرەنگاری هەبووە.

- ئەرکی سەرەکی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب تێکۆشانی تەبلیغاتی و تەشکیلاتییە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان.

- ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا بۆ خودموختاری کوردستان قسەمان کردووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەمانویستووە، خۆمان بکەین بە وەکیلی نەتەوەکانی دیکەی ئێران چونکە هەریەکە لەوانە خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن لە بڕیاردان.

- لە ئێرانێکی ئازاددا کە خەڵک بتوانن ئازادانە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و چارەنووسیان دیاری بکەن، سیستمی فیدراڵی بەڕێوە بچێ باشترین سیستمە بۆ ئێرانی فرە نەتەوەیی.

- ئەگەر حکومەتی ئێران دێموکراتیکیش بێت سەبارەت بە مافی خەڵکی کوردستان دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ نەک بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

- ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە قەبوڵ بکەین کە ئێرانی بوون جیاوازە لە فارس بوون یان کورد بوون.

- ئێمە ئەگەر لە هەموو کەس ئێرانیتر نەبین کەمتر نین چوونکە سەرانسەری مێژووی ئێران ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ وە تەنیا خوازیاری ئەوەین کە ئێرانی بوون بە مانای فارسبوون نەبێت.

- دەڵێن لە ئێراندا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە ئەوەی هەیە ستەمی گشتییە، ئێمە دەڵێین نا، جیا لە ستەمی گشتی، ستەمی نەتەوایەتی هەبووە ئەوە ستەمی نەتەوایەتییە کە منی کورد لە منداڵییەوە ناچارم بەزمانی فارسی بخوێنم و تەنانەت نەتوانم بە زمانی کوردی دوو وشەش بنووسم.

- جووڵانەوەی کوردستان جوڵانەوەی تاقمێک یان چین و توێژێکی تایبەتی بۆ داخوازێکی تایبەت نییە بەڵکوو جووڵانەوەیەکە بۆ ئازادی لە ژێردەستی بۆ گەیشتن بە سەرەتاییترین مافی ئینسانی.

- لە وڵاتێکی وەک ئێران حکومەتێکی دیکتاتۆر ئەگەر لە سەرەتاشدا بتوانێ ڕواڵەتێکی سەربەخۆیی وەربگرێ بێگومان ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لەباری سیاسییەوە سەربەخۆ بمێنێ.

- تێکۆشانی نێونەتەوەیی بۆ سەلماندن و دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد نابێ سیاسەت و ئامانجەکانیی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا بخاتە ژێر پرسیار.

- بەشداری لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانی ئەمڕۆی کوردستاندا یانی جووڵانەوە بۆ ئازادی و دێمۆکراسی.

- بەشداری کردن لە جووڵانەوە بۆ هاتنەدەر لە ژێردەستی و ژێرچەپۆکی ئەرکی هەموو خەڵکی کوردستان و هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و بەشەرەفە جا هەرکەسە و بە شێوەیەک.

- ئەگەرچی بەشداری کردن لە جووڵانەوە ئەرکی هەموو کەسە بەڵام شەرت نییە هەربەشێوەی چەکداری بەشداری بکات و ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت.

- هێزی ئەساسی جووڵانەوەی کوردستان بریتییە لە هێزی خەڵک یان پشتیوانی بێدەرەتانی خەڵک لە جووڵانەوە.

- هێزی خەڵك لە بڕانەهاتووە هەر بۆیە بەسەرکەوتن و بە ئازادی گەیشتن قەتعی و دەستەبەرە بە مەرجێک ئەو هێزە و ئەو پشتیوانە گشتییەی خەڵک لە حیزب و لە جووڵانەوەی دەکات هەر درێژەی هەبێت.

- ئەرکی ئەساسی هەر تێکۆشەرێکی حیزبی بریتییە لە تێکۆشان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی پشتیوانی خەڵك لە حیزب و جووڵانەوە.

- هیچ جووڵانەوەیەک بە ئاکام ناگات مەگەر ئەوەی خەڵك جووڵانەوەکە بە هی خۆی بزانێت یانی تێبگا کە جووڵانەوەکە چی دەوێ و بەرەو کوێ دەچێ و ئامانج و مەبەستەکانی جووڵانەوە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی و داخوازییەکانی یەک دەگرێتەوە یان نا.

- نیسبەتی هەر حیزبێکی سیاسی بە نیسبەتی تەشکیلاتەکەیەتی بە شەرتێک کە ئەو تەشکیلاتە بۆ ئەو ئەرکە ئەساسییە بێ کە هەدەفمانە یانی پەیوەندی کردن بە کۆمەڵانی خەڵک.

- ئەگەر قەبوڵمان بێت کە هێزی جووڵانەوە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت تەشکیلات ( ڕێکخراو) جۆگەکەیە کە ئەو هێزە وەک ئاوێکی ڕوون بۆلای ڕێبەرایەتی جووڵانەوە دێنێ.

- معلمینی ڕاستەقینە بە گشتی ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ بە حیسێب دێن چونکە لەگەڵ هێزی لاوان بەرەوڕوون و سەروکاریان هەیە.

- لە هەر کارێکدا نەزم و دیسیپلین پێویستییەکی هەرە ئەساسییە بەتایبەتی لە کاروباری نیزامی و پێشمەرگایەتی چونکە چووکترین غەفلەت و کەمتەرخەمی لە کاری پێشمەرگایەتی مومکینە بە نرخێکی زۆر گران یانی بە قیمەتی گیانی پێشمەرگە تەواو بێت.

- دێموکراسی هیچ کات بەمانای تێکەڵ پێکەڵی و کەس بە کەسی نییە و بەپێچەوانەوە دێموکراسی ڕاستین و نەزم و ڕێکوپێکی، ڕەوشتن کە بەتەواوی پێکەوە بەستراونەتەوە.

- لاوان بە هەستترین و شۆڕشگێڕترین توێژی کۆمەڵن و توانا و ئامادەییەکی یەکجار زۆریان هەیە بۆ کارو کردەوەی شۆڕشگێڕی.

- خەڵک نانیان دەوێ، سەربەخۆیی وڵاتیان دەوێ، پێشکەوتنی عیلم و سەنعەتیان دەوێ، بەڵام هەموو ئەوانە بەجێی ئازادی و دێموکراسی بەبێ هەستی قووڵی بەشداری هەر فەردێک لە ئەفرادی وڵات لەم پێشکەوتنەدا ناقص و ناتەواوە.

- خەباتی چەکداری هێزی پێشمەرگە تەنیا ڕوانگەیەک لە خەباتی گشتی و جەماوەری کوردستان و شێوەیەک لە ئەنواعی شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانێیە.

- ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کەوتووەتە سەرشانمان زۆر باش هەستی پێدەکەین و زۆر بە ئاگادارییەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێز و توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو یانی خەباتی کۆڵنەدەرانە لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و مافە ئینسانییەکاندا بکەین تا لەم ڕێگایەدا کە ڕێگای سووری شەهیدانە یا سەربکەوین یا بەشانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

- ئەگەر بمانهەوێ لەنێو تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا یەکیان وەک گرنگترین و بەرچاوترین تایبەتمەندی هەڵبژێرین ئەو تایبەتمەندییە گشتی بوون یا گەلی بوونی جووڵانەوەیە.

- گەلی کورد بەتاوانی داواکردنی سەرەتاییترین مافی خۆی قەڵاچۆ دەکرێ.

- چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچ کاتێک بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵناگرن.

- ڕێژیمی خوێنڕێژو خوێنخۆری ئاخوندی بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دەریخست کە نایهەوێ لە نێوەڕۆکی ڕەش و لە ڕەفتارو کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانی خۆی ئاڵوگۆڕێک پێک بێنێ.

- دوکتور قاسملوو هەموو ئاوات و هەوڵی ئەوەبوو کە زانایی و لێوەشاوەیی خۆی لە خزمەتی سەربەخۆیی سیاسی و بەرەوپێشبردنی ئێران لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و عیلمی و بوارەکانی دیکەی دابنێ.

- ئێمە هەرلەسەرەتاوە کە پێمان لە ڕێگای درێژ و پڕ هەورازو نشێوی خەبات ناوە بڕیارمان داوە هەتا ئاخرین نەفەس هەتا ئاخرین دڵۆپەی خوێن درێژەدەری ئەو ڕێگایە بین .

- ئاشکرایە کە گەلی کورد وەجاخ کوێر نییە و خاوەنی دەیان و سەدان قاسملوو بووە و هەیە.

- ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ڕێژیمێکە کۆنەپەرست کە دەیهەوێ وڵاتی ئێمە بۆ چاخەکانی سەدەی ناوەڕاست بگێڕێیەوە.

- لە بیرمان بێ کە خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە کە خەباتی چەکداری لەدژی دوژمنی داگیرکەر و چەوسێنەر تەنها یەکێک لەوانەیە و خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی کە ژنانیش نیوەی کۆمەڵن یەکێکی دیکە لەوانەیە کە لە خەباتی چەکداری کەمتر نییە.

. ئێمە ئازادی و دێموکراسیمان بۆ هەموو گەلانی ئێران دەوێ.

- ئێمە دەبێت ئادابوڕسومی خۆمان وەک « لیباس، شایی، شین، هەستان و دانیشتن» بەڕێوەبەرین و شتە باش و جوانەکانمان ڕابگرین و لە فەوتان بیانپارێزین.

.ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەسەر جووڵانەوەی کوردستان هەنگاوێک بەرەو سەرکەوتنە.

- هێزی ئەساسی جووڵانەوەی ئەمڕۆی کوردستان بریتییە لە هێزی خەڵک.

- فشار و زەبروزەنگ و گوشار و سەرکوت و جینایەت بۆماوەیەکی کاتی مومکینە وەک هەورێکی ڕەش پێش بە ڕۆژی ڕووناک بگرێ و بۆ سەردەمێکی کورت بەرگری لە بەرەوپێشچوونی چەرخی زەمان بکا بەڵام هیچ هێزێک نەک هەر ناتوانێ ڕەورەوەی مێژوو بۆ پاشەوە بکشێنێتەوە بەڵکوو ناتوانێ تەنانەت بۆماوەیەکی درێژیش پێشی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی بگرێ.

. لە وڵاتێکی وەک ئێران حکومەتێکی دیکتاتۆر ئەگەر لە سەرەتاشدا بتوانێ ڕواڵەتێکی سەربەخۆیی وەربگرێ بێگومان ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لەباری سیاسییەوە سەربەخۆ بمێنی.

- ئێمە گەلێکی مەزڵومین زۆرمان زوڵم لێدەکرێت زۆرداران بە کوشتنی د.قاسملوو دەیانهەوێ بە ئێمە بڵێن کە تەنها کاتێک مافی نەفەس کێشانمان هەیە کە لە ژێردەست و چەپۆکیان دابین.

- لە وڵاتێکی وەک ئێراندا «شا» نەک هەرناتوانێ بە شایەتی خۆی و حکومەت قەناعەت بکا بەڵکوو قەت ناتوانێ دێموکرات بێ و لە سەروەری دێکتاتۆری دووربکەوێتەوە لە وڵاتێکی وەک ئێران ئەوە سەرۆک کۆمارە یانی هەڵبژاردەی خەڵکە هەموو دەبنە دیکتاتۆر چ بگا بە شا کە خۆی بە سێبەری خودا دەزانێ.

- سەڵتەنەت و بەستراوەیی بە بێگانەوە دوو شتی لێک جیاوازن؛ لە وڵاتێکی وەک ئێران هەرکەس غەیری ئەو ئیدعایە بکات یان زۆر درۆزنە و یان ریاکار و نەزانە و دەیهەوێ لە سایەی ڕێژیمی شایەتیدا بە دزی و درۆزنی خەڵک بچەوسێنێتەوە هەر وەک سەڵتەنەت و دیکتاتۆری لێک جیانەکراون هیچکامیان بەبێ ئەوەی دیکە نابێ.

. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بە یەک مانا دەتوانین بە ڕێژیمی قسە و دروشم ناوبەرین کە ناوەڕۆکی قسەکانی گرینگیەکی ئەوەندەی نییە؛ گرنگ شکڵ و شێوەی قسەکەیە بەجۆرێک کە بتوانێ ساویلکە هەڵبخەڵەتێنی.

- لە دونیای پڕ پێچ و خەمی ئەوڕۆدا ئەو شتە سەرەکییە کە دەتوانێ دەستەبەری سەربەخۆیی ڕاستەقینەی سیاسی لە وڵاتی ئێراندا بێت ( دێموکراسی )یە.

. بەردی بناغەی تێکۆشانی ئابووری گەلی کورد لە کوردستان ژنانی کوردن لە گوندەکانی کوردستاندا.

- ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین جا چ حیزبێکی بچووک بین یان گەورە چ بەهێز چ بێهێز سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان ناگۆڕین چونکە حیزبێکی سەربەخۆین.

- ئێمە خەبات دەکەین بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و بەهیوای ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان بە دوور لە سێبەری نگریسی ئیمپریالیسم و نۆکەرانی.

- خەبات بۆ ئازادی ژنان کە نیوەی کۆمەڵن زۆر گرینگە، گرینگی زۆر لە خەباتی چەکداری بۆ ئازادی گەلی کورد کەمتر نییە.

- ئێران وڵاتێکی بە ناو ئیسلامییە کە ئاڵاهەڵگری تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە.

. ئەوەی کە تا ئێستە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگرتووە هێز و نفوزی خۆی نییە بەڵکوو لاوازی و بێهێزی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە واتە هێزی حکومەت لە لاوازی ئۆپۆزیسیۆندایە.

- کوردەکان ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە نەوێ کەمتریان ناوێ کە لەباری مێژوویی و تیئۆریکەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین دەبینین وڵاتێک کە ئەمڕۆ بە ئێران ناسراوە بە درێژایی مێژوو لە چەندین نەتەوە پێکهاتووە تا هەتا نییە.

. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ۱٥۰۰ ساڵ پێکەوە ژیابن ئێستە ناتوانن لە یەک جیا ببنەوە .

- ئازەربایجان و ئەفغانستان و ..هتد هەرهەموویان جیابوونەوە و دنیاش نەڕووخا بۆچی ئێستە نابێ نەتەوەی کورد لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران جیاببنەوە.

- ئێستە کە هێرشی ڕێژیم هێرشێکی نیزامی و چەکدارییە بەڵام شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک بتوانێ بە شێوەی یاسایی چالاکی بنوێنێ نەکەوێتە بەر تووڕەیی و سەرکوتی ڕێژیم هۆیەک بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی چەکداری نامێنێ.

. ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تا کاتێک وەڵامی تێکۆشان و داواکانمان سەرکوت و توندوتیژی بێت بە شێوازی چەکداری بەرەنگاری لەخۆمان نیشان دەدەین.

- لە ئێراندا کوردەکان ئەسیلترن و دامەزرێنەری ئێرانن تەنانەت پێش هەخامەنشیەکانیشن کەوابوو پێویست ناکا کەسانێکی دیکە هەڕەشە و ئامۆژگاری کورد بکەن.

کوردستان


# کاک دوکتور سەعید هەم ڕێبەر بوو هەم مودیر

ناسر ساڵحی ئەسڵ

بەشێکی گرنگ و سەرەکیی مێژووی سەروەرییەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، بەستێنی گێڕانەوە و نوێنگەی ژیان و ئەندێشە و هزری کەسایەتییە مەزنەکانیەتی. مێژووی سیاسیی نەتەوەی کورد و بە تایبەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی ــ دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە یەك سەدەی ڕابردوودا بە جۆرێکی دانەبڕاو و لەگەڵ کەسایەتی و ژیانی گەورەپیاوان و گەورەژنان گرێ دراوە کە هەرکامەی لە جێی خۆیدا ئاڵاهەڵگر و پاڵنەری سەرەکیی بەش و قۆناغێکی گرنگی مێژوویی خەباتی نەتەوەی کورد بوون. هەر لە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییەوە بگرە تا دەگاتە سمکۆی شکاك و هەمزەئاغای مەنگوڕ و تا بابانەکان و گەورەپیاوان و ژنانی لەك و گۆران و کەلهوڕ لە پێناو ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا، مێژووی سیاسی هاوچەرخی کوردیان بە کار و تێکۆشانیان ڕەنگاڵە کردووە. بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك مودێرنترین و شێلگیرترین و سەرەکیترین حیزبی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوێنگەی درەوشانەوە و گەشەی جێپەنجەی ئەو ڕێبەر و کەسایەتییە مەزنانە بووە کە شوێنپەنجە و کارگەرییان نەتەنیا هەر لە حیزبی دێموکرات دا بەڵکوو لە شکڵگیری و پێکهاتەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت بۆ هەمیشە وەك لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی سیاسی نەتەوەی کورد بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد وەك دامەزرێنەر و پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرکۆماری کوردستان، نەخشی سەرەکی و حاشاهەڵنەگریان لە مێژووی سیاسی و ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەبووە، شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووی مەزن وەك بووژێنەرەوە و مێعمار و بونیادنانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی مافخوازی و خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بە گشتی، جێی پەنجە بۆ هەتا هەتایە دیارە، هەرگیز ناکرێ لە نەخش و کاریگەریی ڕێبەری و مودیریەتی بە کردەوەی دوکتور شەرەفکەندی وەك درێژەدەرێکی ڕاستەقینە و بەڵێندەری بەردەوامیی ڕێگای ڕێبەرانی شەهید و ڕەوتی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوپۆشی بکرێت. چونکە دوکتور سەعید شەرەفکەندی، لە دژوارترین هەلومەرجی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی نەتەوەیی ــ دێموکراتیکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پاش تێرۆرکرانی ڕێبەری ناوداری کورد شەهید دوکتور قاسملوو، بە دژی دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا ئەرکی ڕێبەریی و مودیریەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەئەستۆ گرت. کاک سەعید لە هەلومەرج و قۆناخێکدا ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەئەستو گرت کە لەلایەك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق، بەشێکی زۆری لە هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ بەرەی شەڕ لە کوردستان ناردبوو و لەلایەکی دیکەوە بە شەهیدکردنی کاک دوکتور قاسملووی ڕێبەر، ئەرکی ڕێبەری و مودیریەتی کردنی



حیزبی دێموکراتی چەند قات قورستر کردبوو. هەلومەرجی ناسك و دژواری ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێبەرێکی لێوەشاوە و مودیرێکی زانا و بلیمەتی دەویست کە هەم بڵێسەکانی خەباتی ڕەوا بە گەشاوەیی بهێڵێتەوە و هەم حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد ڕێبەرایەتی و مودیریەت بکات. لێرەدا بوو کە دەوری میحوەری و ئازایانەی دوکتور سەعید بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوت و هەمووان لە بەرحەق بوون و لێوەشاوەیی و بلیمەتی و خاکەڕایی دوکتور شەرەفکەندی تێگەیشتن. ئەگەرچی ماوەی ڕێبەرایەتیی دوکتور سەعید وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کورتخایەن بوو و تاریکپەرستان زۆر زوو هەستیان بە گەورەیی و

لێوەشاوەیی و بلیمەتی ئەم ڕێبەرە ناودارەی حیزب و گەل کرد، بەڵام هەر لەم ماوە کەمەشدا ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی سیاسی و مودیرییەت و هونەری بەرزی دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی وەك سیاسەتمەدارێکی بەتوانا و کەسایەتییەکی ناوادار بۆ هەموو لایەك دەرکەوت. دوکتور سەعید هەم وەك کەسایەتییەکی ناوداری سیاسی و زانستی و هەم وەك کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات، باوەڕی قووڵی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و بەتایبەت بۆ گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان هەبوو. بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەت و جیاوازەی کە هەر پارچەیەکی کوردستان لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا هەیەتی، لە سەر ئەو باوەڕە بوو، کە چارەسەری پرسی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، لە پێشدا پێویستیی بە ڕێکار و چارەسەری تایبەتمەندییەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستاندا هەیە. هەربۆیەش وەك پرەنسیپ و ئەسڵێکی بنەڕەتیی سیاسی، باسی لە سەربەخۆیی سیاسیی و دستێوەرنەدان لە کاروباری

بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، ببیتە خاڵی هاوئاهەنگی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان. دوکتور سەعید لە سیاسەتدا هەم واقیعگەرا و هەم دیپلۆماتێکی کارامە بوو و لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە پێوەندی کردن بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان نابێ لە سەر حیسابی کوردی ئەو بەشە بێت بەڵکوو پێوەندییەکان پێویستە لە ئاستی قازانجی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورددا بێت. کاک سەعید هەرگیز ئەو ئەسڵە ئەساسییانەی نەخستە ژێر پێی و پرەنسیپە سیاسییەکانی لە لووتکەی بەهێزبووندا ڕەچاو دەکرد. کاک سەعید لە مەیدانی بە کردەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەسایەتییەکی پراکتیکخواز بوو. چونکە باوەڕی قوڵی بە بەشداری و لە مەیداندابوونی هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی لە خەباتی شار و شاخدا هەبوو. هەر بۆیە زۆر جار فەرمووپەتی بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا و هەر بۆیە لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا کەڵکی وەرگرتووە. هزر و ئەندێشە و تێڕوانینیی کاک سەعید لە ڕێبەری و مودیرییەت، چ لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتدا و چ لە ئاستی دەرەوەی حیزبدا ڕەهەندێکی واڵای پرەستیژ و کەسایەتیی کەموێنەی بە جووڵانەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ‌بەخشیبوو. خاڵێکی

دیکەی سەرنجڕاکێش لە تێڕوانینی دوکتور سەعید، بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە چوارچێوەی بەرەیەکی دێموکراتیك و یەکگرتووی بوو، کە سەرنجی زۆربەی کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی ئێرانی بەرەو تێڕوانین و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەیی ــ دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاکێشابوو. کەسایەتی ڕێبەری و دیپلۆماسیی دوکتور سەعید جێگە وپێگەی شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەری لە کورتماوەدا بە کار و تێکۆشانی بە کردەوە، ساڕێژ کردبوو؛ هەربۆیەش ماشێنی تیرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەشیان بۆ کۆست و کردەوەیەکی شوومی دیکە، دووبارە وەگەڕکەوتەوە و لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا لە شاری بێرلینی ئاڵمان لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتی و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران، دوکتور سەعید شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك فەتاحی عەبدولی ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بەرپرسی دەفتەری پاریس، کاك هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی دۆستی حیزبی دێموکراتیان تیرۆر کرد و حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ زام و کۆستێکی دیکە ڕووبەڕوو بوونەوە.

# شەرەفکەندی هەوێنی ڕابوون و بەرخۆدان

لوقمان عەبدوڵڵازادە

براقی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد زیاتر لە یەک سەدەیە بۆ ئەستاندنەوە و دەستەبەربوونی مافە زەوتکراوەکانی دژی داگیرکەران و دوژمنانی خاکی پیرۆزی کوردستان و گەلی کورد خەبات دەکا. خەباتێک کە زیاتر لە هەموو شۆڕش و براقە ئازادیخوازانەکانی جیهان زۆرترین تێچووی گیانی و مافی بەخۆوە بینیوە. بە هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە لەم ڕاستایەدا گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگاری گەل و نیشتمان کردووە، بەڵام مخابن هەنووکەش بە ماف و ئازادییەکانی خۆیان نەگەیشتووە... جووڵانەوە و شۆڕشی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بە گشتی و کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لەگەڵ هۆڤانەترین و داگیرکەرانێک ڕووبەڕوو بووەتەوە کە، جیالەوەی هیچ باوەڕێکیان بە ماف و ئازادی مرۆڤەکان نییە و لە ڕوانین و ئەندێشەش دا لە جەهل و خورافات و کۆنەپەرەستیدا نووقم بوون و تاریکترین فکر و تێڕوانینیان بە نیسبەت جیهانی پێشکەوتووی سەردەم هەیە. شۆڕش و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات هەنووکە

لەگەڵ سیستەم و ڕێژیمێک دەست و پەنجە لێدەدات کە، نە سیستەم و نە حکومەت و نە بەڕێوەبەرەکانی لەگەڵ هیچ یەک لە ئوسووڵ و پرینسیپەکانی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاک و بە کۆمەڵ ناگونجێت و بگرە باوەڕیشیان پێی نییە. شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات چواردەیە خەبات و بەرخۆدان دژی حکومەت و دەسەڵاتدارانێک دەکەن کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە ڕوو بە دنیای دەرەوە و بیروڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کورد و ئێرانی ڕایانگەیاند کە، ئەو شێوە سیستەم و ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی دەسەڵاتدارانی تاران دژی فەلسەفە و وجودی ژیانی مرۆڤایەتین. تێڕوانینیان بۆ ژیانی سەربەست و تاکی ئازاد، تێڕوانینێکی جەنگەڵی و کۆیلانە و چەوسێنەرانەیە. بەڵام مخابن پاش ٤٠ ساڵ لە تێپەڕینی دەسەڵاتداریێتی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و سەرکوتکەرە و مرۆڤکوژ و تێرۆریست پەروەرە، تازە بەشێک لە وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگای جیهانیی و تەنانەت بیروڕای نێوخۆیش هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەو سیستەم و ئەو دەسەڵاتە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ جیهانی سەردەم و دنیای

پێشکەوتوو و ئازادی ئەمڕۆکە ناگونجێت و بگرە ماکە و هەوێنی ئاژاوە و تێکدان و پێکهەڵپڕژانی بەشێک لە گەلانی جیهان بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتییە. ڕێژیمی کۆنەپارێز و توتالێتریای ئاخوندی کە لە هیچ جورم و خیانەتێک لە هەمبەر نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێغی نەکردووە و لە هەرچەشنە پیلان و ئامرازێک بۆ سەرکوت و لەنێوبردنی گەلی کورد کەڵکی وەرگرتووە. ئەشکەنجە، زیندان و ئێعدام، قەڵاچۆکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی و کوشتاری بە کۆمەڵی لاوان، ئاڵوودەکردنیان بە مادده هۆشبەرەکان و بێ بەشکردنیان لە ژیانی ئاسایی و ئاسمیلاسیۆنکردنی کورد لە هەموو بوارەکاندا بووەتە سیاسەت و پیلانی چەپەڵی ئەو ڕێژیمە. بەڵام بەهۆی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی گەلی کورد، بەشی هەرەزۆری ئەو پیلان و سیاسەتە نگیرسانەی لێ پووچەڵ کراوەتەوە. خەبات و بەرخۆدان و گیانبازی شۆڕشگێڕانی نیشتمان و هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هێرش و پەلاماری تیرۆریست پەروەرانی ئاخووندی بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی لمبۆزیان لە خاک بدرێت و زۆر


جارانیش سەر شۆڕانە پاشەکشەیان پێکراوە. دەسەڵاتدارانی تاران کاتێک بۆیان دەرکەوت کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەروا بە سانایی تەسلیمی ویست و داخوازییە چەپەڵ و داگیرکارانەی ئەو ڕێژیمە نابن وەک فەلسەفەی هەمیشەیی خۆیان دەستیان بەڕەشەکوژی و کاولکردنی ماڵ و حاڵی خەڵکی بێ دیفاع کرد و دەستیان لە هیچ چەشنە جورم و جینایەتێک نەپاراست و هەر بەوەش ڕانەوەستان و کاتێک بینیان کە لە مەیدانی کردەوەدا لە بەرانبەر ویست و ئیرادەی پۆڵاینی هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات شکست دەخۆن و بۆ لە نێوبردن و یان لاوازکردنی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد پەنایان بردەوە بۆ تیرۆرکردنی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرانی کورد و لەو نێوەشدا ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردە ئامانجە چەپەڵ و ترسنۆکانەکانی خۆیان. بەو مەبەستە لە پیلان گێڕییەکی هۆڤانە و تیرۆرستی لە پێشدا بەرنامە بۆ داڕێژراو، بەرپرسانی ڕێژیم ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە وڵاتی ئاڵمان ڕێبەری بلیمەت و هەڵکەوتوو و شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەری نەتەوەی کورد و سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات «دوکتور

سادق شەرەفکەندی»یان ناجوامێرانە تیرۆر کرد و پەڵەیەکی ڕەشی دیکەیان بە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی پڕ لە جورم و جینایەتی خۆیان زیاد کرد. تیرۆرکردنی ڕێبەری بەوەجی گەلی کورد «د.شەرەفکەندی» هەرچەندە زامێکی بە ژان و گەورەبوو لە جەستەی بزافی ڕزگاریخوازی کورد ، بەڵام ڕێبواران و قوتابیانی ئەو ڕێبەرە مەزنە، ئێستا لە چەپەری خەبات دا نەیانهێشتووە ئاڵای خەبات و تێکۆشان بکەوێتە سەر زەوی و هەتا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی ڕێبەری بلیمەت «دوکتور سادق»ی شەهید و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی کوردستان درێژەدەری ڕێگا و ئامانجە پیرۆزەکانیان دەبن. دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی کە دەبنە سومبول و سەرمەرشق بۆ خەبات و ژیان. دوکتور سادقی ڕێبەر یەکێک لەو سومبولانەی نێو شۆڕش و ڕزگاریخوازی گەلی کوردە. لێڕوانین و هزر و فەلسەفەی ژیانی شۆڕشگێڕانەی دوکتور شەرەفکەندی نەمر. فەلسەفەی پابەندبوون بوو بە کەرامەت و تایبەتمەندییە بەرزەکانی مرۆڤ. لەبەرانبەریشدا لە ئاست دوژمن و داگیرکەرانی نیشتمان خەنجەرێکی جەوهەرداربووە. بۆیە هەر کات بتهەوێ ڕووچییە و سیمای

شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە لە نێو بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوە کورد وێنا بکەی، ڕووخساری ڕێبەری کارامە و بلیمەت د.شەرەفکەندی شەهیدت دێتە بەرچاو... ئەگەر بتهەوێ تایبەتمەندی ڕێبەرێک بە هەموو تایبەتمەندییەکانەوە لە نێو مرۆڤەکاندا بدۆزییەوە ئەو لە کردەوەکانی دوکتور سەعیدی ڕێبەردا بەرجەستە ببوونەوە. بە توانایی لێزانی، پێشمەرگە خۆشەویست، مرۆڤدۆستی، خاکی و خەڵکی و سیمای شۆڕشگێڕانە لە سیمای شەرەفکەندی نەمردا خۆی دەنواند. دوکتور سادق لە بڕیاردا قاتع، لە نیشتمانپەروەریدا کەم وێنە، لە شۆڕشگێڕبووندا بێ وێنە ولە کرداردا بێ هاوتا و لە بەرانبەر دوژمناندا خۆڕاگرتر لە چیابوو. هەر ئەو تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕە بەرزانە هێنابوویە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی کورد ڕووخاندنی ڕێژیمی ئاخوندی تارانە. هەر بۆیە وانەی خەبات و خۆڕاگری بە گوێی خەباتگێڕان و ئازادیخوازاندا دژی داگیرکەرانی نیشتمان دەخوێندەوە. بێمەبەست دەرسی خۆڕاگری و نیشتمانپەروەری وەبیری دایکانی نیشتمانەکەی نەدەهێنایەوە تاکوو ڕۆڵەکانیان بەشیری خەبات و نیشتمانپەروەری پەروەردە بکەن.

یاد و ڕێبازی هەر بەردەوامە

# دوکتور شەرەفکەندی خەرمانێک لە وەفاداری و شۆڕشگێڕی و خاکی و ڕاستگۆیی!



**محەممەد سلێمانی**

٢٧ ساڵ لەمەوبەر حکوومەتی ئاخوندی ئێران لە بێرلین ( ئاڵمان) دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێیانی لە یەکێك لە چێشتخانەکانی ئەو شارەدا بەناوی "میکۆنۆس" بە ڕێگای باندێکی مرۆڤکوژ کە لەلایەن حکوومەتی ئاخوندی ئێرانەوە ڕاسپێردرابوون، بڕیاری تیرۆری سیاسی بە دژی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات ئەنجام بدەن، بە داخەوە لە شوێنی کۆبوونەوەدا هێرش دەکرێتە سەر ساڵۆنی کۆبوونەوە و وەفدی باڵای حیزب لە ژووری کۆبوونەوەکەدا شەهید دەکرێن. ڕێژیمی ئێران پێیوابوو بە تیرۆری ڕێبەرانی جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەتوانێ شۆڕشی ڕزگاریخوازی بە تەواوی لە پێ بخا و ئاسەوارێك لە بەرخۆدانی نەتەوەیی نەهێڵێت و نائومێدی لە نێو دڵی خەڵکدا بچێنێ.

حکوومەتی ئاخوندی و دەسەڵاتەکانی پێش ئەو نیزامەش بە ڕێگای فێڵ و کردەوەی تیرۆریستیدا ڕێبەرانی کوردیان لە نێو بردووە و لەو بارەوە مێژوویەکی گەلێك ڕەشیان تۆمار کردووە و بەداخەوە کە ڕێبەرانی سیاسی کورد وەك پێویست پەندیان لەو ڕابردووە وەرنەگرتووە و ئەگەر وشیار نەبین، ئەگەری دووبارەبوونەوە زۆرە. ڕێژیمی ئاخوندی هەر لە خۆیەوە و بە بێ ئامانج بڕیاری تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دەرنەکردووە، بەڵکوو حدکا یان بە گەورەترین مەترسی لەسەر خۆیان زانیوە و لەو ڕاستییەش گەیشتوون کە دەوری شەرەفکەندی چیوایی لە هی ڕێبەری گەورەمان کەمتر نیە، هەر بۆیە بە خێرایی تیرۆریان کرد. سمکۆی شکاك و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی نموونەی زیندووی ئەو کردەوە دژی ئازادی و مافی سیاسی نەتەوەیی کوردن. گەلی کورد داوایی مافی سیاسی و نەتەوایەتی دەکا و هەوڵدەدات بە برایەتی لە گەڵ نەتەوەکانی تردا بە ئازادی و پێکەوە ئێران لە سەر بنەمای حوکمڕانی سیاسی و فیدراڵی ئیدارەبکەن. کەچی دەسەڵاتی ئاخوندی هەوڵی لە نێوبردنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران دەدا و بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتیان ئازادیخوازان و جیابیران یان بە ڕێگایی جۆر بەجۆرەدا لە نێو بردوون. ئامانجی تاران لە ئەنجامدانی کۆی تیرۆرە سیاسیەکان، گەلێك روونە و نیازیان ئەوەبووە بەو ڕێگایەدا سەرکوتی هەرجۆرە دەنگێکی ئازادیخوازی و مافویستی گەلان و بە دیاریکراویش گەلی کورد بکەن. تاران بەو کردەوە تیرۆریستیانەی جگە لە ڕیسواتربوونی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و دەرکەوتنی ڕوخساری مەترسیدار و دژی ئازادییە دێمۆکراتیکەکان، نەیتوانیوە، دەسکەوتێکی تر بەدەست بێنێ. دەسەڵاتی سیاسی و کۆنەپەرستی ئێران بەردەوام بە ڕێگای نەشیاودا زیانی بە ڕێبەرانی شۆڕش و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکان گەیاندووە و ئەگەر سەیری ڕابردووی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد بکەین زۆر بەباشی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕێژیمی ئاخوندی وەك دەسەڵاتێکی کۆنەپارێز و داخراوی سیاسی و پەرەدان بە هەستی شۆڤێنیزمی دەوڵەتی و هەوڵدان بەمەبەستی سڕینەوەی قەوارەی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، هەرکارێکی ناشایستە لە دەستیان بێ ئەنجامی دەدات بە دژی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان. لە ماوەی ٤٠ ساڵ حاکمیەتی ڕێژیمی دژی گەلی و کۆنەپەرستی تاراندا جگە لە بەرەودان بە تیرۆری سیاسی دژبەرانیان و لە سێدارەدانی بە پۆلی ئازادیخوازانی کورد و گەلانی تری وڵات و برسی کردن و وێران کردنی ئابووری و بەسەریەکدا تەپاندنی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هیچ کارێکیان نەکردووە کە بە سوودی گەلانی وڵات بوویێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی دیاری گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێران، بێگومان لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا فشاری بەرچاوی لەسەر حکوومەتی تاران دروستکردبوو و کاتێك شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی هات دەسەڵاتی تاران پێی وابوو ئیدی هەموو شتێك تەواو بووە و بەئارامی سەرخەویان دەشکێنن، بەڵام بەرخۆدانی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان زۆر زیاتر لە ساڵانی پێشوو پەرەی گرت و دەسەڵاتی تاران بەو ئاکامە گەیشتبوو کە بە ڕێگای فێڵ و لەنێوبردنی دژبەرانیدا نەبێت ناتوانێ هەست بە ئاسوودەیی بکات. هەر ئەوەش بوو کە تاران پیلانی لەنێوبردنی کاریگەرترین ڕێبەرانی سیاسی بزووتنەوەی شۆڕشگێری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دارڕشت و بەداخەوە بە سانایی توانی گەورەڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێگای تیرۆری سیاسی لە دەرەوەی وڵات لەنێوبەرێ.

دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دوو لەو کەسایەتییە دیار و دەگمەنانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە حکوومەتی تاران لە ئاستیاندا ترسی زۆری لێنیشتبوو و بەکرداریش مەترسیان لە سەر ڕێژیم دروست کردبوو.

ماشێنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بەگشتی زیانی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران گەیاند و بەشێك لە دژبەرانی ڕێژیم لەنێوبەران. ڕێژیمی تاران کە لە ئێستادا بە سەرچاوەی ئاژاوە و مەترسی لە سەر ئاسایشی ناوچەی و گێتی سەیر دەکرێ، بە درێژایی ٤٠ ساڵ حوکمڕانی هەر ئەو سیاسەتەی بەڕێوە بردووە و بە توندترین شێوە سەرکوتی گەلی کورد و جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر ئاستی وڵاتدا کردووە، بەڵام ئەوکات لەبەر هۆکاری بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی زلهیزەکانی گێتی لەوبارەوە، هەڵوێستی خاویان لەهەمبەر ئێراندا گرتبووە بەر و باسی هیچکام لەو کردەوە تیرۆریستی و هێژمۆنیخوازی دەسەڵاتی تاران نەدەکرا و وەك ئێستا بە سەرچاوەی مەترسی دانەدەنرا و بەشێك لە وڵاتانی بەهێزی ناوچە و جیهان پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندی هەبوو. حکوومەتی تاران بە دیاریکراوی سێرەی لە ڕێبەرانی حیزب گرت و لە دوو پیلانی گەورەی تیرۆریستیدا دیارترین و کاریگەرترین خەباتگێڕە سیاسی و سیما نەتەوایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ئامانجی تیرۆرکردن و بەداخەوە شەهید کران. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا بەتەواوی پشتی لەژێر کۆستی گەورەی دوکتور قاسملوودا ڕاست نەکردبوویەوە، حکوومەتی تاران سەرلەنوێ زامێکی گەورە و قورسی دیکەی خستەوە سەر جەستەی شۆڕشی نوێی جووڵانەوەی سیاسی و لە پیلانگێڕییەکی نامرۆڤانە و ترسەنۆکانەدا توانی لە ئاڵمان دوکتور شەرەفکەدی تیرۆر بکات. ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی بەوجۆرە و پاش ماوەیەکی زۆر کورت لە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو، دەرفەتی لە بێ موبالاتی ڕێبەرانمان بینی و جارێکی تریش زەربەیەکی گەورەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان گەیاند. حیزبی دێموکرات و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان لەوکاتەدا بە هۆی ئەو ڕووداوە تاڵ و جەرگبڕەوە کەوتنە ژێر قورسایی خەمێکی گەلێك گەورە و تا ماوەیەك تاسان و دڵەڕاوکێی سیاسی و تەشکیلاتی بەتەواوی، کەشوهەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبوویەوە.

درێژەدان بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداری لە نێوخۆی وڵاتدا، بەکردەوە پارسەنگی هێزی گۆڕی و ئومێد و دڵخۆشی بۆ هەموو لایەك و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان گەڕاندەوە کە حیزبی دێموکرات، حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی وەك هێزێکی دیار و کاریگەری نێو جووڵانەوەی سیاسی کوردستان، سەرەڕای ئەو زەربە گەورەیە کە بە پێکهاتەی سیاسی و تەشکیلاتی گەیشتووە، لەسەر ڕێبازی سیاسی و نەتەوایەتی شەهیدان بەردەوام دەبێت و درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات. ڕێژیمی تاران بەو خەیاڵەوە دەژیا کە ئەگەر حدکا ڕێبەرانی گەورەی لەدەست بدات، هێزی بەرخۆدانی سیاسی و نەتەوایەتی بە تەواوی لاواز دەبێ و ئیدی توانایی خەبات بە تەواوی لە دەست دەدات بەڵام خۆڕاگری و پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات، ئەو خەونەی دوژمنی قین لە دڵی کردە بلقی سەر ئاو کە حیزب هەر لە شوێنی خۆیەتی و ئەو کاریگەرییەی بەسەر بارودۆخی سیاسی وڵاتدا دەمێنێ و هەر وەك هەمیشە دژبەرێکی کارا و کاریگەری مەیدانی خەباتی سیاسی دەبێت و بەوپەڕی وەفادارییەوە درێژە بە قۆناغەکانی تێکۆشان دەدات.

ژینگەی سیاسی و پێگەیشتوویی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات یەکێك لە هۆکارەکانی لە سەر پێی خۆڕاوەستانی بوو بە دوای تیرۆرکرانی ڕێبەرانی شەهید لە ماوەیەکی زۆر کورتدا. وەختێك حیزب بڕیاری دا کە هەتا بەدیهاتنی ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، بەرخۆدانی ئێمە درێژەی دەبێت، لەوکاتەدا کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان لەو ڕاستییە گەیشتن کە هەرگیز مێژووی ڕابردوو بەسەر شۆڕشی گەلی کورددا، دووبارە نابێتەوە و ئەگەر بێت و ڕێبەری تریش لە لایەن دەسەڵاتی تیرۆریستی تارانەوە بکرێنە ئامانج و شەهید بکرێن، بەرخۆدان و ڕاسان بەدژی داگیرکاری و نادادپەروەرییەکانی حکوومەتی ئاخوندەکان هێشتا هەر ئیدامەی دەبێت.

دوکتور سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری خاکی و نەتەوەیی بوو و خاوەنی کەسایەتی و تایبەتمەندی زۆر مەزن بوو. شەرەفکەندی وەك سکرتێری گشتی حدکا خاوەنی لێکدانەوە و خوێندنەوەی ورد بوو و لە بڕیاردان و خۆسازدان و ئارایشی سیاسی و تەشکیلاتیدا، خاوەنی بیرۆکەی خێرا و کرداری بوو و هەرگیز لە ئاستی گیروگرفتەکاندا دەستەوەستان نەدەمایەوە و لە کاتی تەنگانەدا دەست و پێی خۆی بزرنەدەکرد. بە ڕاستی نموونەی وەفاداری و جوامێری بوو، مرۆڤ شانازی بە ناو و ناوبانگیەوە دەکات. مرۆڤێکی خۆنەویست و پاوانخوازی سیاسی و تەشکیلاتی نەبوو. دژی هەڵاواردن و پەراوێزخستنی سیاسی و تەشکیلاتی بوو، هەرلەوکاتەشدا قسە لەڕوو و سادق و ڕاستگۆ بوو.

هەرگیز بە شەرمێونییەوە بیروڕای خۆی دەرنەبڕیوە. باوەڕی بە هەر خاڵ و بابەتێك هەبووایە بەردەوام داکۆکی لێدەکرد. نەرم لە ئاستی هاوڕێ و دۆستاندا، بەڵام بەو ڕادەیەش توند و بەبڕشت لە ئاستی داگیرکەری ڕێژیمی ئاخوندیدا خەباتی دەکرد. گەلێك ئاکادیمی و زانستیانە بارودۆخی سیاسی و نێونەتەوەیی و کاریگەری ڕووداوەکانی لەسەر جووڵانەوەی سیاسی کورد لێکدەدایەوە و خاوەن ئیرادەیەکی گەورە و نایابی سیاسی و مێژوویی بوو. لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بە مرۆڤێکی ئازا و دێموکرات و مەردانە دەهاتە مەیدانێ و هەربەقسە خۆی لە بارودۆخەکان کە بۆ حیزب و خەباتی ئازادیخوازی کوردستان هاتبێتە پێشەوە نەپەڕاندۆتەوە. دوکتور شەرەفکەندی بەگشتی چاوی لەسەر حیزب و پێکهاتەی ڕێکخراوەکەی بوو، ڕێگای بەکەس نەدەدا لە جیاتی کەسێک یان ئۆرگانێکی دیکە ئەرك و فەرمان دەربکا و دەست لەکاروباری یەکدی وەربدەن. ئۆرگانە حیزبییەکان بە گوێرەی یاسا و پڕەنسیپە نێوخۆییەکان بەڕێوە دەبران و بەوجۆرە میکانیزمێکی کارای لە مودیریەتێکی هاوبەشی سیاسی و تەشکیلاتی لە نێو حیزبدا پێك هێنابوو کە زۆر بە سانایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ ئیدارە دەکرد. کەمتەرخەمی و بێسەرەوبەرەیی لەکەس قبووڵ نەدەکرا و هەر سەرپێچیەك بەگوێرەی پێڕەوی نێوخۆی حدکا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا.

لەسەر یەك، حیزب یەکدەست و ڕێکخراو و وەك هێزێکی بە ئەزموون و موونەزەمی سیاسی و تەشکیلاتی کاری دەکرد و کۆنگرە و کۆنفرانسەکان لە کات و وەختی خۆیدا دەگیران و ئەگەر هەلومەرجێکی نەشیاو دژواریش بۆ حیزب هاتبایە پێشەوە، پێشوەخت هۆکارەکەی بۆ تەشکیلاتی حیزب ڕوون دەکرایەوە. دوکتور سەعید بەداخەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، پاش مەرگی دوکتور قاسملووەك ڕێبەری حیزب کار و ئەرکەکانی بەڕێوەبرد بەڵام لە ماوەی کورتی سکرتێریدا زۆر جوامێرانە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی دا و بەهەق ڕێگای نەدا بێ دوکتور قاسملوویی بە حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردەوە بەدیار بکەوێت. سەرەڕای پلە و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکادیمی کە هەیبوو، کەچی زۆر خۆنەویست و ڕەوشت بەرز و خەڵکی و داوێن پاك و خاکی بوو. سەرێك بوو بە تەواوی لەنێوسەراندا دیار و بە فیکر و کرداری جوامێرانەی قورسایی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی لە نێو هێزە ئێرانی و کوردستانییەکاندا سەلماندبوو و هەموو لایەك بەسەرنجەوە گوێیان بۆ بیروڕا و هەڵوێستی وردی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان ڕادەگرت. شەرەفکەندی لە هەڵوێستگرتن و ڕەخنەگرتندا هیچ باکی نەبوو، پێیوابوو حیزب وەختێك باش گەشە دەکات کە لایەنێك هەبێت، دەستنیشانی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکات. هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی ئۆرگانە حیزبییەکانی بە زەرورەتێکی گرینگ و هەستیار سەیر دەکرد و لە درێژەی کاری حیزبیدا بە پێویستی دەزانی هەموو لایەك زۆر بەهەستیاری ئەرکەکانی سەر شانیان بەڕێوەبەرن و بەردەوام چاوی لەسەر حیزب بوو. هەوڵی بەردەوامی ئەوە بوو کە بە باشترین شێوەی موومکین بە دژی حکوومەتی تاران حیزب خۆی ڕێك بخات و ئەو ئامادەییەی هەبێ کە لە ئەگەری ڕووداوی سیاسیدا وڵات بەڕێوەبەرن. بەشی پەروەردەی سیاسی و تەشکیلاتی بە هۆکاری گەشەکردن و بەرزترکردنەوەی ئاستی وشیاری سیاسی بۆ پێکهاتەی حیزب دەزانی و فێربوون و بارهێنانی بە باشترین ڕێگای بەردەوامیدان بە تێکۆشانی سیاسی و چەکداری تەماشا دەکرد. شەرەفکەندی پەیوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێزی لەگەڵ تەشکیلات و ئۆرگانە حیزبییەکاندا دروست کردبوو و زۆربەی سیما ناسراوەکانی نێو حیزبی دەناسی و هەموولایەك بە چاوی ڕێز و ڕێبەرێکی شایستە و بوێر سەیری دەکرد. لە ڕاپەراندنی ئەرکە حیزبییەکاندا پەیڕەوی کولتورێکی جوانی دەکرد و پێی باش بوو هەرکەس لە شوێنی خۆیدا کاری حیزبی بەڕێوە بەرێ وکەس ئەو مافەی نییە دەست بخاتە نێوکاری هاوڕێیەکەی و هەموو ئۆرگانەکان سەڵاحیەتی بەرفراوانیان لە بەڕێوەبردنی کاری حیزبدا پێدرابوو. ڕێژیمی ئاخوندی پاش مەرگی دوکتور قاسملوو زۆر بە دیاریکراوی لەسەر ئامانجی خۆیان کە لەنێوبردنی شەرەفکەندی جێنشین بوو، کاریان دەکرد و بەداخەوە توانیان شەهیدی بکەن. بەردەوامی و پشوودرێژی لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو ڕاستییەی بەتەواوی سەلماند کە هەتا کوردێك مابێت، بەرخۆدان بۆ ئازادی سیاسی و ڕزگاری نیشتیمانی داگیرکراو درێژەی دەبێت. حکوومەتی ئاخوندی بەتیرۆری سیاسی و سیاسەتی سەرکوت و ئیعدامی بەکۆمەڵی نارازیانی وڵاتیش ئێستا نەیتوانیوە خۆی لە قەیرانی ئەمنی و بێزاری خەڵك ڕزگاربکا و نارەزایەتییەکانی گەلانی وڵات و بەتایبەتیش خەڵکی کوردستان، پەیامێکی روون و ئاشکران بۆ کاربەدەستانی حکوومەت کە نەیاری ڕێژیمن و لایەنگری ئازادی و گەڕاندنەوەی مافی سیاسی نەتەوەیی و تاك دەکەن. دەبینین پاش تیرۆرکرانی ڕێبەرانی گەلی کورد، کاریگەری پەیام و فیکری ئەوان هێشتا شوێنی زۆر قووڵی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و نیشتیمانی کوردستاندا هەیە و تێکۆشان و خەباتی نەتەوایەتی بلێسەدارتر بووە.

ڕێبوارانی وەفادار بە ڕێبازی سیاسی حیزب و شەهیدان، بەڵێنیان داوە هەتا بەدیهاتنی ماف و ئازادییە سیاسییەکانی گەلی کورد لە سەر خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەیی بەردەوام دەبن. بەو هیوای بیرەوەری ٢٧ ساڵەی تێرۆرکرانی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بکرێتە دەرفەتێك بۆ یەکیەتی سیاسی و کۆدەنگی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی ئەو بەشەی کوردستان پەیوەندییەکانیان تۆکمەتر بکەن و بەهاوبەشی بەرەوڕووی داگیرکارییەکانی حکوومەتی تاران ببنەوە.

> **دوکتور سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری خاکی و نەتەوەیی بوو و خاوەنی کەسایەتی و تایبەتمەندی زۆر مەزن بوو. شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتی حدکا خاوەنی لێکدانەوە و خوێندنەوەی ورد بوو و لە بڕیاردان و خۆسازدان و ئارایشی سیاسی و تەشکیلاتیدا، خاوەنی بیرۆکەی خێرا و کرداری بوو و هەرگیز لە ئاستی گیروگرفتەکاندا دەستەوەستان نەدەمایەوە و لە کاتی تەنگانەدا دەست و پێی خۆی بزر نەدەکرد**

# ساڵی نوێی خوێندن و گرفتە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ئێراندا

**شەماڵ تەرغیبی**

«پلاندارێژی و بەرنامەدانان» بۆ داهاتووە! تاکوو بتوانی کارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بکەی و باشترین بەرنامە و ڕێگاچارە بۆ نەهێشتنیان دەستنیشان بکەیت؛ ئەمە پێناسەیەکی گشتییە بۆ تاکی سەردەم تاکوو ڕێچکەی ژیانی بەرەو ئاقارێکی درووست ببات. بە گشتی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا و بە تایبەتی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، هێزی ئیجرایی و دەسەڵاتبەدەست بەپێی خواست و ویست، بەرنامەڕێژی کورتماوە و نێونجی‌ماوە و درێژخایەن، دادەڕێژێ تاکوو بە ئامانجێکی لەپێشدا دیاریکراو بگات و لە لایەن بەرپرسانی پسپۆڕ و زانا بەردەوام تا تەواوبوونی پلانەکە و گەیشتن بەو خواست و ویستەی کە مەبەستە، چاوەدێری دەکرێ. لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ئێستە، لە هیچ بوارێکدا شاهیدی بەرنامەڕێژییەکی ماوە دیاریکراو و درووست و کارناسانە نەبووین. ئەو بەرنامانەی کە بۆ بەرەوپێشبردنی وڵات و کۆمەڵانی خەڵك دایدەڕێژن نەتەنیا ئامانج و ماوەیەکی دیاریکراوی لە پشت نییە، بەڵکوو لە لایەن تاقمێکەوە دێنە گۆڕێ کە هیچ جۆرە پسپۆڕی و کارناسییەکیان نییە، و بە بێ ئەوەی بیر لە داهاتوو بکەنەوە ئەو بەرنامانە پیادە دەکەن و پاش ماوەیەك دەبینین کە ئەو بەرنامانە نەتەنیا وڵامدەر نەبوون بەڵکوو قەیرانێکی زۆریشی خوڵقاندووە کە قەرەبووکردنەوەیان زۆر سەخت و دژوارە؛ بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە پرۆژەکانی سپای پاسداران بۆ سازکردنی بەنداو، ڕاگواستنی ئاو، ئامانجدارکردنی یارانەکان و دەیان حاڵەتی دیکە بکەین کە بە دوای خۆیاندا قەیرانگەلی جۆراوجۆریان هێناوەتە کایەوە. ئەوەیکە لەم بابەتەدا دەمانهەوێ بیهێنینە بەرباس، ئەو پرۆژەگەلە نییە کە قازانجێکی زۆری ماددی بۆ ئۆختاپووسێکی وەک سپا بەدیاری هێناوە بەڵکوو ئامانجمان ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە بەسەر بارودۆخی وەزارەتی بەناو پەروەردە و فێرکردنی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە ڕوونە بەرنامەداڕێژی بۆی دەبێتە هۆکارێک لەمەڕ گەشەکردنی کۆمەڵگە و بەپێچەوانەکەشی، وەک ئەوەیکە ئەمڕۆ کە لە ئێراندا دەبیندرێ، دەبێتە هۆکاری پاشکەوتوویی زیاتری فەرهەنگی، زانستی، ئابووری و سیاسی کۆمەڵگە. بواری پەروەردە و بارهێنان لە نێو هەر کۆمەڵگایەك وەك بەشی سەرەکی و بنەمایی بۆ پێشکەوتن و دەربازبوون لە دواکەوتوویی دێتە ئەژمار.

هەر لەم ڕووەوە کەوتۆتە بەر سەرنج و چاوەدێرییەکی تایبەتی لە لایەن بەرپرسانی هەر دەسەڵاتێکەوە. بە هۆی ئەوەی کە هەر وڵاتێك ئەگەر بەدوای پێشکەوتنەوە بێت، پێویستە لە سەرەتای هەر کارێکەوە هێزی لێهاتووی مرۆیی بار بێنێت و تەنانەت ئەگەر تەواوی بەشەکانی دیکەی پێشکەوتن ئامادە بن. بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا لە سیستمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم کەرتە نەتەنیا گرینگی و سەنگ و بایەخی پێنەدراوە بەڵکوو هەموو هەوڵی دەسەڵاتداران بۆ ئەوە بووە کە بەردەوام جۆرێک لە «فقر فرهنگی» بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێت؛ سەلمێنەری ئەم وتەیەش ئەوەیە کە لە ساڵانی ڕابردوودا زۆربەی ڕووداو و کارەساتەکانی خوێندنگاکان لە بێ ئیمکاناتی و تەرخان نەکردنی بوودجە و سەرانەی پێویست بۆ دەزگای پەروەردە سەرچاوە دەگرێ؛ (ڕووداوی دڵتەزێنی قوتابخانەی شیناوێ، ڕووخانی دیواری قوتابخانە لە سنە و گیان لەدەستدانی منداڵێکی ٧ ساڵان وەک نموونە).

هەروەها بێبەشبوونی هەزاران منداڵی تەمەن ٦ ساڵ تا ١٥ ساڵی بنەماڵە دەستکورت و کەمداهاتەکان لە خوێندن و دوورکەوتنەوەی قوتابیانی خاوەن بەهرە لە خوێندن ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێراندا لە زیادبووندایە. (عەلی باقرزادە سەرۆکی دەزگای «نهضت سوادآموزی» لە پووشپەڕی ئەمساڵدا ڕایگەیاند: ساڵانە ١٥ تاکوو ٢٠ هەزار قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا واز لە خوێندن دەهێنن کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی سیستان، ورمێ، لوڕستان، سنە و کرماندان؛ هەروەها عەباس سوڵتانیان سەرۆکی بەشی فێرکاری وەزارەتی بارهێنان لە هەمان مانگدا ئاشکرای کرد لە ساڵی خوێندنی ٩٥-٩٦ زیاتر لە ١٥١هەزار قوتابی کچ لە قۆناغی ناوەندی وازیان لە خوێندن هێناوە) ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەند بە خەزێنەگەلی ژێرزەوی و لە سەرووی هەموویانەوە نەوتە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ناوەند و بونیاتە بەرژەوەندخوازەکانی دەسەڵات و تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە لایەنە بونیادگەرا تیرۆریستەکانی وڵاتانی جیهانیش لە بەرهەمی ئەم خەزێنە بەسوودە بحەسێنەوە. بەوتەی کاربەدەستانی باڵای وەزارەتی پەروەردەی کابینەکانی پێشوو، لە کاتی دابەشکردنی بوودجەدا وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە دوایین قوناخەکاندایە و هیچ خەمخۆرییەك لە بەرانبەر پرسی فێرکاری بوونی نییە و هیچ ڕوانینێکی زانستیانەش بۆ داهاتووی وڵاتی ئێمە لە بەرچاو ناگیردرێ. لە قوتابخانەکانی وڵاتی ئێران ساڵانە و بێ پسانەوە بینەری ڕووداوی زۆر دڵتەزێن دەبین کە هۆکارەکانیان لە لایەك بۆ لاوازی بینا و پێداویستییەکانی بواری خوێندن و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دابیننەکردنی مافی قوتابیان و بایەخ نەدان بە گۆڕینی ژیانی مامۆستایان دەگەڕێتەوە. کاربەدەستانی پەروەردە هیچ بایەخێك بە باری گوزەرانی مامۆستایان و بارودۆخی نالەباری قوتابیان لە ئێراندا نادەن. هەڵدانەوەی ڕووپەڕی ڕاستییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پەروەردە لە ئێراندا بووەتە قوربانیی تاقمێك بەرپرسی کۆنەپەرست، کە تەنیا و تەنیا بیر لە جێگەوپێگەی خۆیان دەکەنەوە. ئەم تاقمە بە گەیشتن بەو قەناعەتەی کە دامودەزگای پەروەردە هیچ داهاتێکی ئابووری نییە، هەوڵیان داوە پرسی فێرکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە پەراوێز بخەن و بەلاڕێیدا بەرن کە وەک دەرنجام دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین: بێبەشکردنی قوتابیانی نەتەوەکانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکی، وەلانان و نەهێشتنی بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی زانستی لە نێو قوتابخانەکان و بەگشتی کەرتی پەروەردە، قۆرخکردنی مودیرییەتە باڵاکانی زۆربەی هەرەزۆری ئۆرگان و خوێندنگاکان بەدەستی کەسانی ناشارەزا و گوێ لەمست.

ڕێژیمی ئێران لە جیاتی ئەوەی بەهرەی شیاو لە داهاتە سروشتییەکانی وەربگرێ و لە سێبەری ئەم میکانیزمە وزەبەخشەدا هەلی کار و ئاسایشی گشتی بۆ دانیشتووانی بڕەخسێنێ، بەداخەوە دەسکەوتەکان بۆ پرۆژەگەلی فۆرمالیتە، کڕینی چەکوچۆڵ، خەرجی سەرسامهێنەری ئیدئۆلۆژیکی نیزامی سیاسی، قازانجی شەخسی کاردارانی حکومەت بەکار دەبرێن و لە ئاکامدا قەیرانگەلی کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدەن کە هێورکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە.

لێرەدا بۆ دەرخستنی ئەوپەڕی تراژێدیک بوونی دۆخی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان و ئێران تەنیا ئاماژە بە لێدوانی یەکێک لە لێپرسراوانی حکوومەتی دەکەین: «عەلیرەزا باقری»، ڕاوێژکاری بەرپرسی ڕێکخراوی نۆژەنکردنەوە، گەشە و ئامادەکاریی قوتابخانەکانی ڕێژیم لە دانیشتنی ئەندامانی شۆرای پەروەردە و بارهێنانی شاری مەریواندا ڕایگەیاند: «نێونجی سەرانەی فەزای پەروەردە لە کوردستان، ٥.٢٢ میتری چوارگۆشەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نێونجی سەرانەی فەزای پەروەردە لە ئاستی ئێراندا، ٨.٣٩ میتری چوار گۆشەیە».

هاوکات لەگەڵ ئەم دانپێدانانە کاتێک سەیری نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی خوێندن دەکەیت و بەراوردی دەکەیت لەگەڵ نێونجی داهاتی بنەماڵەکان ئەو کاتە دەبینین کە خەڵک لە چ دۆخێکی تاقەتپڕووکێندا ژیان بەسەر دەبەن.

نموونەیەک لە نرخەکان بۆ ئەمساڵ:

. نرخی کیفی قوتابخانە لە بازاڕدا هەتا ٦٠٠ هەزار تمەن و زیاتریش بەرز بووەتەوە.

. نرخی یەک بەستە میداد «ڕەنگی» هەتا ٢٠٠ هەزار تمەنە.

. لیباسی فۆرمی قوتابییانیش ٨٠ لەسەد گران بووە.

. یەک بەرگ کتێبی خوێندن هەتا ١٦ هەزار تمەن.

بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەی کە ئاماژەیان پێکرا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن بەتایبەت لەو هەرێمانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا دەژی بریتییە لە هۆکارە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، هەژاری، گرانی و بێدەرەتانی بنەماڵەکانیان کە وەک «عەلیرەزا کەمرئی»، جێگری فێرکاریی دواناوەندیی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم دەڵێت: لە قۆناغی دواناوەندیی یەکەمدا، ٣.٩ لەسەد لە کچان و ٤.٥٥ لەسەد لە کوڕان، وازیان لە خوێندن هێناوە. کە باس لە کەرتی پەروەردە دەکرێت، یەکێک لە سەرەکیترین جمگەکان دەگەڕێتەوە بۆ «مامۆستا» و ڕۆڵ و پێگەی ئەو؛ لە وڵاتانی دێموکراتیکدا بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن، پەروەردەکردنی نەوەی دواڕۆژ وەک بەردی بناغە لە قەڵەم دەدرێت و بەهایەکی زۆریان بە توێژی مامۆستایانی پەروەردەو بارهێنان داوە و تەواوی هەوڵەکانی خۆیان بۆ پێگەیشتنی نەوەیەکی وشیار و چالاك خستۆتەگەڕ و بواری بژێوی مامۆستایانی پەروەردە لە ڕەوتی تەرخانکردنی بودجەی وڵات یەکێك لە گرینگترین بەشەکانی دابینکردنی بودجە دێتە ئەژمار. ئێران بەڕواڵەت نزیك بە ٥٠ ساڵە کە لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانە هەنگاو ئەنێت، بەڵام بەداخەوە چ لە ڕێژیمی پەهلەوی و چ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کەمترین ئاوڕی لە بنەڕەتیترین پێداویستی پێشکەوتن واتە بواری پەروەردە و بژیوی مامۆستایان نەدراوەتەوە و هەمیشە وەك بەشێکی کەم بایەخ سەیری ئەم بوارەی کراوە. مامۆستایان وەك ڕاهێنەر و بارهێنەری سەرەکی نەوەی داهاتوو لە نێو قوتابخانەکان دێتە ئەژمارو لە ڕاستیدا بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك مامۆستایان دایدەڕێژن، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا ئەو توێژە گرینگەی کۆمەڵگا بەهایەکی زۆر کەمیان پێ دەدرێت و کۆمەڵێك گیروگرفت بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم توێژەی کۆمەڵگا لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی زۆر لە ژیان و پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتیدا ڕووبەڕوو بێت و نەتوانن ئەرکی خۆیان بە چاکی بەڕێوە بەرن. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێک لەم گرفتانە دەکەین کە مامۆستایان لەگەڵی بەرەوڕوون:

**گرفتە ئابوورییەکان:** بۆ ئەوەی کە ئەو توێژەی کۆمەڵگا بتوانێت بە ئاسوودەییەکی فیکری پیشەی گرینگی پەروەردەو بارهێنانی قوتابیان بەڕێوە بەرێت، لە وڵاتانی دێموکراتیکدا ئیمکاناتی پێویست بۆ مامۆستایان دابین دەکەن، بەڵام لە وڵاتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا مامۆستایان بە هۆی ئەوە کە لە بارەی پێداویستییەکانی ژیانیان لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا نین تا بتوانن بژێوی ژیانیان لە ڕێگای ئەو مووچەوە کە وەریدەگرن دابین بکەن، مەجبوورن کە پاش تەواوبوونی کاتی قوتابخانەکان ڕوو بکەنە بازاڕی کارو شوغڵی دووهەم و زۆرجاران سێهەمیش. بەم جۆرە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا مامۆستا تەنیا سەرقاڵی وانە گوتنەوە نییە، بەڵکوو مامۆستا شۆفێرێکی تاکسییە، دوکاندارە یان جووتیارێکە و...هتد. بەم شێوەیە مامۆستایەك کە دەبێ تەواوی کاتی خۆی تەرخانی بردنە سەرەوەی زانیاری خۆی بکات تا ئەو زانستە بگوازێتەوە بۆ قوتابی، مەجبوورە کاتی دەرچوون لە قوتابخانەکان تەواوی بیروفکری پەیداکردنی پارووەیەك نان بێت بۆ بنەماڵەکەی و بەم جۆرە قوتابییەك کە لە ژێر دەستی وەها مامۆستایەك پەروەردە دەکرێت چۆن دەبێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت کە وڵاتەکەی بەرەوپێشکەوتن بەرێ.

**خۆدسانسۆریو نەبوونی ئازادی:** قوتابی لە بنەڕەتدا ڕۆحێکی تینووی زانینی هەیە و هەر بۆیە هەمیشە بە دوای وەرگرتنی وڵامی پرسیارەکانییەتی، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی ئازادی بەگشتی لە کۆمەڵگای ئێراندا و بە تایبەت لەنێو جەرگەی ناوەندە زانستییەکان وەك قوتابخانەکان و زانستگاکاندا، مامۆستایان هەردەم مەجبوور بە خۆدسانسۆرین و بەتایبەت وانەگەلێکی وەك زانستە مرۆییەکان کە پرسیارخوڵقێن و پرسیارهەڵگرن، لە ناو قوتابخانەکاندا هێڵی سووریان بۆ دیاری کراوە. ئەگەر مامۆستایەك ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنێت بانگهێشتی حەراسەتی ئیدارەی پەروەردەو بارهێنان یان ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکەی دەکرێت و هەزارو یەك گرفتی بۆ دروست دەکەن. هەر بۆیە زۆربەی مامۆستایان مەجبوورن زۆر لە ڕاستییەکان نەڵێن و دەس ببەن بۆ خۆدسانسۆری.

**بێناوەڕۆکی وانەکان:** گرفتێکی دیکە کە مامۆستایانو قوتابیان لەگەڵیدا ڕووبەڕوون نەبوونی ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێشی وانەکان بۆ قوتابیان و مامۆستایانە، لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێك کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر دەرسی خوێندووە، ئەمڕۆ کە چاو لە کتێبەکانی هەر پۆلێك بکات، دەزانێ فەرقێکی ئەوتۆیان لەگەڵ ٣٠ ساڵ لەمەوپێش نەکردووە و ئەگەر گۆڕانێکیش هاتبێتە پێش بە دڵنیاییەوە بە جێگای ئەوە کە بابەتی نوێ و سەردەمیانە خرابێتە نێو کتێبەکان، زیاتر بابەتی شەڕو کوشتن و خۆبەکوشتدان و بابەتگەلی ئایینی پێوە زیاد کراوە؛ بەگشتی وانەکان زیاتر ئیدئۆلۆژیک کراونەتەوە تا ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی تێیاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەو مەسەلەیەش بۆتە هۆی بێزاری هەرچی زیاتر منداڵان و مێرمنداڵانی قوتابی بە هۆی ئەوە کە ئەوان بە دوای بابەتی نوێدا دەگەڕێن و لە بنەڕەتدا هزری منداڵ بە دوای زانینی شتە تازەکانە، نەك بە زۆر دەرخوارددانی فکری کۆن و ئەو وانانەی کە لە ئێستاوە ڕۆحی منداڵی لەگەڵدا ماندوو بکرێت. پرسیار ئەوەیە چ پێویستە بۆ منداڵێکی ٧و٨ ساڵانە تا دەگاتە ١٥ ساڵ بە جێگای باسکردن لە ژیانو خۆشی ژین باسی مەرگ و کوشتنو بڕین بکرێ، تا ئەو بابەتانە وەك مۆتەکە بیرو هۆشیان پڕ بکاو ئاسایشیان لێ هەڵبگرێ.

**بێ ئیمکاناتی قوتابخانەکان:** مەسەلەیەکی دیکە کە مامۆستایان بە دەستییەوە دەناڵێنو قوتابیانیش لێی زەرەرمەند دەبن. نەبوونی ئیمکاناتی پێویستی خوێندن لە قوتابخانەکانە، ئەمڕۆکە لە حاڵێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دونیا لە تازەترین مێتۆدەکان بۆ فێرکردنی قوتابیان کەڵك وەردەگیرێت کە لە قوتابخانەکانی ئێراندا هەروا لە شێوەی کۆنی «مامۆستابێژەری موتڵەق» و «قوتابییبیسەری موتڵەق» کەڵك وەردەگیرێت. هەروەها کەلوپەلی یارمەتیدەری فێرکاری لەوانەش کامپیوتێر و ئینتێرنێت کەمترین ڕۆڵیان لە کلاسەکانی دەرسی قوتابیان و مامۆستایاندا هەیە.

ئەو کێشانە لە لایەکەوە بوونەتە هۆی لەدەستچوونی وزەی مامۆستایان بە هۆی ئەو شێوە وتنەوەی وانەکان و لە لایەکی دیکەوە بۆتە هۆی کوژرانی حەزی قوتابیان بە وانەکان بە هۆی کەشوهەوایەکی وشك و دووپاتە.

**هەوڵ بۆ قورغکردنی زیاتری قوتابخانەکان لەلایەن ئاخوندە ئیدئۆلۆژیکەکانەوە:**

ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە هەوڵی داوە کە قوتابخانەکان بکاتە ناوەندگەلی ئایینیو ناوەندی بڵاوکرانەوەی مۆتەکەی ویلایەتیی فەقیهیو ناوەندگەلی وەك «بەسیجی دانش ئاموزی» تێدا دامەزراند، بەڵام بەمەش ڕازی نەبوو و لە ساڵانی ڕابردوودا بڕیاری داوە کە ڕۆڵی ئاخوندەکانی حەوزە لە قوتابخانەکان و تەنانەت لە دایەنگەکاندا زیاتر بکات، تا فکری کۆنەپەرستانە پەرە پێ بدا و لە زۆربەی بوارەکاندا ئاخوندەکان بە جێگای مامۆستایان بخزێنێتە قوتابخانەکانەوە.

**کۆبەند:**

قوتابیان، مامۆستایان، کۆمەڵگە و داهاتووی نیشتمان چوار ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامین کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەردەوام و بێپسانەوە کراونەتە قوربانی ویستە نارەوا و ئیدیۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم تاکوو بەگشتی کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و ژێرچەپۆکی لێ بار بهێنن؛ کۆمەڵگەیەکی خەسێندراوی ئەتۆمیزەکراو.



**لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ئێستە، لە هیچ بوارێکدا شاهیدی بەرنامەڕێژییەکی ماوە دیاریکراو و درووست و کارناسانە نەبووین. ئەو بەرنامانەی کە بۆ بەرەوپێشبردنی وڵات و کۆمەڵانی خەڵک دایدەڕێژن نەتەنیا ئامانج و ماوەیەکی دیاریکراوی لە پشت نییە، بەڵکوو لە لایەن تاقمێکەوە دێنە گۆڕێ کە هیچ جۆرە پسپۆڕی و کارناسییەکیان نییە**

**قوتابیان، مامۆستایان، کۆمەڵگە و داهاتووی نیشتمان چوار ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامین کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەردەوام و بێپسانەوە کراونەتە قوربانی ویستە نارەوا و ئیدیۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم تاکوو بەگشتی کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و ژێرچەپۆکی لێ بار بهێنن؛ کۆمەڵگەیەکی خەسێندراوی ئەتۆمیزەکراو**

# ئەگەر ئامریکا بیهەوێت ڕێژیمی ئێران لەناو بەرێت ڕێگایەکی کەمتێچوو هەیە

**موختار نەقشبەندی**

بەداخەوە زۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئێران ناسینێکی ڕاستیان لە پێکهاتەی سیاسیی جیهانی نەبووە و نییە، بەو هۆیەوە هەموو هیوایەکیان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران ئەوە بووە کە ئەم دەسەڵاتە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە بڕوخێنرێت، ئەم بابەتەش بووەتە هۆی ئەوەی کاردانەوەگەلێکی دڵخۆشکەر و دڵساردی و بێهیوایی فراوان لە دوای هەر ڕووداوێکی جیهانی لێ بکەوێتەوە، نموونەی بەرچاویش بۆ ئەمە ڕێککەوتنی بەرجامە کە دوای ئەو ڕێککەوتنە دڵساردی و بێهیوایی لە نێو ئۆپۆزسیۆندا بڵاو بووەوە، ئێستاش بەشێکی زۆری ئۆپۆزسیۆن هیوایان بەوە هەیە کە ئامریکا هێرشی نیزامی بکەتە سەر ڕێژیمی ئێران و بەم هۆکارەش لەدوای هەر کار و هێرشێکی تیرۆریستی ڕێژیمی ئێران هیوادارانە چاوەڕوانی کاردانەوەی نیزامی ئامریکان. ئەمەش هەڵەیە و ئەم ڕێگایە بە هیچ شوێنێک ناگات، چونکە ئامانج نابێت تەنیا لەناوبردنی ڕێژیمی ئیسلامی بێت بەڵکوو دەبێت بەرنامەیەکی دیار و ڕوون بۆ دوای ڕووخانی ڕێژیم هەبێت و ئۆپۆزسیۆن بە بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە دەستی هاوکاری بۆ کەسانی دیکە درێژ بکاتەوە، لەم بابەتەدا ئاماژە بەوە دەدەین کە بە سەرنجدان بەو ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو سیاسەتی ئامریکا بەرانبەر بە ڕێژیمی ئێران چی دەبێت، درێژەی هەوڵدان دەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژیم یاخود گۆڕانی ڕێژیم؟ و ئەگەر ئامریکا بڕیاری لەناوبردنی ڕێژیمی ئێران بدات، ئایا ڕێگایەکی کەمتێچوو هەیە بۆ ئامریکا و خەڵکانی ئێران و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەم نێوەدا چی دەبێت؟ بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکانی ئەم دواییە، سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێراندا چی دەبێت؟

ئامریکا بەهۆی ئەوەیکە لە ڕووی ئابووری و نیزامییەوە هێزێکی زۆری هەیە، توانای گۆڕینی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانی هەیە و بەهۆی ئەم هۆکارانەش بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئێران بەلەبەرچاوگرتنی کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئامریکا و ڕێژیمی ئێران هیوادارن کە ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە ببێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئامریکا ڕێژیمی ئێران لە ناو ببات. بەڵام بە سەرنجدان بەوەیکە پێکهاتەی جیهانی هەموو وڵاتەکان بەشێوەیەکە، کە بە دوای بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانیان و بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەتییەکان لەسەروو هەموو هەنگاو و کارێکەوەیە بۆیان، بۆیە ڕوونە کە ئامانجی ئامریکا نە لەناوبردنی ڕێژیمی ئێرانە و نە پشتیوانی کردنییەتی لێی بەڵکوو هەر بڕیار و سیاسەتێکی ئامریکا لەبەرامبەر ڕێژیمی ئێران پەیوەستە بەوەوە کە کام هەڵبژاردە بە قازانج یاخود بە زەرەری بەرژەوەندییەکانی ئامریکایە، باسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ ئامریکا گرینگی هەیە بەڵام لە وەبەرایەتیدا نەبووە بۆی و ناشبێت، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر کۆرەی باکووردا بکەین، کە دوای ئەوەی ڕێژیمی کۆرەی باکوور ئامادە بوو لەگەڵ ئامریکا وتووێژ بکات، هەموو بابەتەکان وەلاوە نران جگە لە بەشی بەرنامەی ناوکی و مووشەکی، ئەمەش زۆر ڕوونە کە کێشەی ئامریکا لەگەڵ کۆرەی باکوور بەهۆی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و نەبوونی دێموکراسی نەبووە.

تا ئێستا سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێران گۆڕینی ڕێژیمی ئێران نەبووە و ئامانجی سەرەکی ئامریکا کۆنترۆڵکردنی ڕێژیمی ئێران بووە بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر بەو ئاکامە بگات کە ڕێژیمی ئێران کۆنترۆڵ ناکرێت، بێگومان سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیمی ئێران بە جیددییەتەوە بەرەوپێش دەچێت.

بوونی هێزە نیزامییەکانی ئامریکا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هۆی گرینگی ئەم ناوچەیە لە جیهاندایە، کە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ بوونی سەرچاوەی گەورەی نەوت و گاز دەگەڕێتەوە کە کاریگەری گرینگ و گەورەیان لەسەر ئابووری جیهان هەیە. ئامریکا لە ئێستادا خۆی بەرهەمهێنەری نەوتە و پێویستییەکانی خۆی دەستەبەر دەکات و تەنانەت توانای هەناردەکردنیشی هەیە، بەڵام هۆکاری بوونی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهۆی دوو هۆکاری گرینگترەوەیە، یەکێکیان زاڵبوونە بەسەر سەرچاوەکانی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکانی لە حاڵی پێشکەوتندا بەتایبەتی چین و هۆکارێکی دیکەش پێشگیری کردنە لە زاڵبوونی وڵاتە بەهێزەکانی دیکەی ناوچەکە بە تایبەتی چین و ڕووسیەیە. چین بەهەبوونی ١٣ هەزار میلیارد دۆلاری بەرهەمی ناپەتی نێوخۆیی، بەشێوەیەکی خێرا خەریکە لە داهاتی ٢٠ هەزار میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتی نێوخۆیی ئامریکا نزیک دەبێتەوە و لە چەند ساڵی داهاتوودا وەپێش ئامریکا دەکەوێتەوە و هەروەها وڵاتانی دیکەی لە حاڵی پێشکەوتندا بە نێوەندی گەشەی ئابووری زیاتر لە ئامریکا بە تێپەڕبوونی کات جێگایەکی باشتر لە جیهاندا پەیدا دەکەن و ئەمەش بەواتای وردەوردە لاوازبوونی پێگە و هێزی ئامریکا لە ئاستی جیهانیدایە، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە حاڵی پێشکەوتندان بە تایبەتی وڵاتی چین بەستراونەتەوە بە سەرچاوەکانی وزەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆیە دزەکردنی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەرەڕای ئەوەیکە دەبێتە هۆی پاراستنی ئەمنییەتی «جریان»ی وزە و یارمەتی پاراستی پێگەی ئامریکاش لە جیهاندا دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات بە دەسگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە تایبەتی هیلالی شیعی کە زۆرترین سەرچاوەی نەوتی و گازی لەو ناوچەیەدا هەیە پێگەیەکی گرینگ بۆخۆی دروست بکات، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئامریکادا یەک ناگرێتەوە، هەرچەندە ئامانجی ڕێژیمی ئێران زۆر گەورەترە لە توانایی ئابووری و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بەڵام ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای گرووپە میلیشیا چەکدار و تیرۆریستییەکانی، ناوچەکەی نائەمن کردووە و هەروا لە هەوڵدان بۆ دەسبەسەرداگرتنی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئامریکا هەتا ئێستا هەوڵی داوە کە ڕێژیمی ئێران کۆنترۆڵ بکات و سیاسەتی کۆنترۆڵ کردنی ڕێژیمی ئێرانیش لە پاڵ تێچووەکانی بۆ ئامریکا بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریشی هەبووە کە نموونەی ئەمەش کڕینی کەلای نیزامی وڵاتانی دەوروبەری کەنداو لە ئامریکا بووە. بەڵام لە کاتێکدا ئامریکاییەکان بەو ئاکامە بگەن کە ڕێژیمی ئێران غەیرە قابلی کۆنترۆڵکردنە یا ئەوەیکە تێچووی کۆنترۆڵکردنی ڕێژیم لە تێچووی لەناوبردنی زۆر زیاترە، بە دڵنیاییەوە سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیم دەگرنە بەر؛ بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئامریکاییەکان لە شەڕی عێراق و ئەفغانستاندا تەجروبەگەلێکی زۆریان وەدەست خستووە و ئیتر ئامادە نین تێچووی کەلان لە گۆڕانکاریگەلێکدا بکەن کە دەسکەوتێکی زۆری بۆیان نەبێت. لە دۆخی ئێستادا ئامریکاییەکان تەنیا لە دۆخێکدا سیاسەتی لەنێوبردنی ڕێژیم دەگرنە بەر کە ڕێگەیەکی دڵنیا و کەمتێچوو بوونی هەبێت.

ئایا ڕێگایەک کە هەڵگری تێچووی کەم و دڵنیایی بێت بۆ لەنێوبردنی ڕێژیمی ئێران بوونی هەیە؟

ئەگەر لێکۆڵینەوە لە شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق بکەین، زۆرترین تێچووەکانی ئامریکا بە دوای لەناوبردنی ڕێژیمە باڵادەستەکانی تاڵیبان و بەعس دەگەڕێتەوە، ئامریکاییەکان بە ئاسانی بە هەبوونی تەڵەفاتێکی کەم ئەم دوو وڵاتەیان داگیر کرد، بەڵام سەرەڕای بوونی بەردەوامی هێزە زەوینییەکانی ئامریکا لەو وڵاتانەدا و کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی بەرفراوان و پێشکەوتوو بەشێوەیەکی کردەیی هەتا ئەمڕۆ لە ئەفغانستاندا ئاسایش و ئەمنییەت باڵی بەسەر هەموو ئەو وڵاتەدا نەکێشاوە. لە عێراقیشدا هێزەکانی ئامریکا بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت لەگەڵ کێشەگەلێکی بەرفراوان ڕووبەڕوو بوون و ئێستا لە هەردوو وڵاتدا دۆخێکی سیاسی زۆر هەستیار هەیە و دوژمنانی ئامریکا هەروا بەشێوەیەکی چالاکانە لە هەردوو وڵاتدا هەن و عێراق و ئەفغانستان هەتا ئێستا پایەگای دوژمنەکانی ئامریکان، ئەگەر ئامریکا بیهەوێت بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا هەروەکوو ئەفغانستان و عێراق کار بکات، لەگەڵ کێشەگەلێکی زۆر گەورە و تێچووی زۆر زیاتر کە لە کۆی هەردوو شەڕەکەدا هەیبوو ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لە کاتی هێرشی ڕاستەوخۆی ئامریکا بۆ داگیرکردنی ئێران بە دڵنیاییەوە هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بە تەنیا پشت بە شەڕی کلاسیک نابەستن و بە شەڕگەلێکی نابەرابەر کارەکە بۆ ئامریکاییەکان قورستر و پڕتێچووتری دەکەن، داگیرکردنی شار بە شاری ئێران هەم بۆ ئامریکا تێچووی زۆری دەبێت و هەم ئۆپۆزسیۆنیش وڵاتێکی وێرانی وەک میرات بۆ دەمێنێتەوە، ئەمە تەنیا بەشێک لە کێشەکان دەبێت و ئەگەر بەرنامەیەکی دیاریکراو کە لە ڕووی خواست وداواکاری هەموو نەتەوە و مەزهەبەکانی ئێرانەوە وەرنەگیرابێت بوونی نەبێت، ئێران لەگەڵ شەڕی نێوخۆییش ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەبارەی داهاتووی ئێرانەوە بە ڕێککەوتن بگەن دواتر بیر لە دەستێوەردانی وڵاتێکی دەرەکی بکەنەوە، کەمتێچووترین ڕێگا بۆ لەنێوبردنی ڕێژیمی ئێران پشتیوانیکردنی تەواوی ئامریکا لە ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئێران و هەوڵدان بۆ یەکخستنیانە. ئەگەر ئامریکا بتوانێت لە یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی دێموکراتی ئێران سەرکەوتوو بێت بە لانیکەمەوە بە چەند هێرشێکی سنوورداری سەربازی بۆسەر ناوەندە سیاسی و فەرماندەییەکانی ڕێژیمی ئێران، هەم ئەم ڕێژیمە لەناو دەبات و هەم بۆ داهاتوو دوای ڕێژیمی ئێران و کۆنترۆڵ و پاراستنی ئەمنییەتیش لە ئێراندا ڕووبەڕووی کێشە نابێتەوە.

ئامریکا دەتوانێت بە تێچووگەلێکی زۆر زۆر کەمتر لە شەڕی ئەفغانستان و عێراق ڕێژیمی ئێران لە ناوببات، بە مەرجێک کە سەرکەوتوو بێت ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی یەکگرتوو بکات و پشتیوانی تەواوی سیاسییان لێبکات و لەکاتی پێویستیشدا پشتیوانی نیزامیان لێ بکات. ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو کە بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ داهاتوو هەبێت و ببێتە هۆی یەکگرتنی خەڵکی سەرانسەری ئێران و هەر شۆڕش و خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی کۆنترۆڵ و مودیرییەت بکات و هەم وەک ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز بکەوێتە بەرچاوی ئامریکا و دڵنیایی بە ئامریکاییەکان بدات کە دوای لەناوبردنی ڕێژیمی ئێران نەتەنیا ڕووبەڕووی کێشەیەک نابنەوە بەڵکوو ئێران دەبێتە دۆست و هاوپەیمانی ئامریکا.

کاتی ئەوە هاتووە کە ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە داهاتوو بڕوانن و لە دۆگماتیزم دوور بکەونەوە و بەلەبەرچاوگرتنی مافی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی ئێران هاوپەیمانەتییەکی گەورە پێک بهێنن. شیاوی ئاماژەپێدانە کە هێرشی دەرەکی دەتوانێت دیکتاتۆرێک لەناوببات بەڵام بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و سەقامگیری و ئاسایش دەبێت خودی خەڵک و ئۆپۆزسیۆن هەوڵ بدەن و داهاتووی خۆیان بگرنە دەست.

# شەڕ و ئاژاوە، قووڵایی ستراتێژیک

**کەیوان دروودی**

شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل وەکوو یەکەم هەوڵە نیزامی و ئایدیۆلۆژیکییەکان بە ناسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات. دژایەتیی بوونی ئیسرائیل، لاقێکی لەناو ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەویتری لەناو جیهانی ئیسلامدا بوو. تا پێش لە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئیسرائیل بەلای فاشیزمی فارسی/ئێرانییەوە پێناسەیەکی دیار و بەرچاوی نەبوو و لانیکەم بە دوو دیوی ڕێگر/ڕێخۆشکەر لێک نەدەدرایەوە.

بەو واتایە کە لە قەوارەی وێژمانی و داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیدا، وەکوو توخمێکی جێیسەرنج و دەورگێڕ دەستنیشان نەدەکرا بەڵام دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و باڵکێشانی ڕێژیمی ئایدیۆلۆژیکی ئیسلامی بەسەر جوغرافیای ئێراندا، بابەتەکە پێچەوانە بوویەوە. داڕێژەرانی بیری قووڵایی ئیستراتیژیک [بازنەی ئەمن]ی دەسەڵاتی نوێ، دەبوو بیرێکیان لە پتەوکردنەوەی چوارلای دەسەڵاتە خۆسەپاوەکەیان بکردایەتەوە. بەتایبەت کە لەرزۆکبوونی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ناوخۆ، ئەو پێویستییەی چەندقات دەکرد. ئەوان بەوردی و بە دروستی بەو لێکدانەوە بەراییە گەیشتبوون کە تا بەرەی دەرەکی زیاتر بێت ناڕەوایی دەسەڵاتی ناوخۆیی کاڵتر دەبێتەوە.

بەڵام ئەم ڕێکار (ئامانج)ـە پێویستی بە کۆمەڵێک ئامێر هەبوو کە لەتەک سیستم و ئایدیۆلۆژیی نوێ، هاوچەشن و ئادابتە بێت. دەسەڵات لەسەر بنەمای سیستمێکی ئایدیۆلۆژیکی ئایینزایی بوو کە خۆی لەناو شیعەگەریدا دەبینییەوە؛ ئەگەرچی لەو ڕاستییە حاشای دەکرد و خۆی بە جیهانی ئیسلامەوە هەڵدەواسی. سروشتی شیعەگەریی ویلایەتی فەقیهیی دەسەڵات و لەرزۆکیی لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیی وای کرد کە ناوچە شیعەنشینەکانی ناوچە وەکوو پشتوێنەی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی هێز بکرێنە ئامانج. هەربۆیە یەکەم هەنگاوەکان لە باشووری عێراقەوە دەستیپێکرد و ئەمەش لە یەکەم هەنگاودا بوو بەهۆی بەریەککەوتنێکی وجوودی و هێژمۆنیک لەتەک دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا و شەڕێکی بڕستبڕی هەشت ساڵەی لێکەوتەوە کە ئەگەرچی سەرەڕای ئامادەبوونی بەعس بۆ ڕاوەستاندنی ئاگرەکە، لایەنی یەکەم و هەڵگیرسێنەر ملی بۆ ئەم زەرووڕەتە دانەکێشا. هەرچەند کە لە کۆتاییدا ئەوە ڕێژیمی ئێران بوو کە بە بڕیارنامەی ٥٩٨ خۆی لە گێژاوی تەفروتونابوون ڕزگار کرد.

وێڕای شکان لە عێراقدا داهۆڵی ئیسرائیل وەک خۆی بە هەڵدراوی مایەوە. هۆیەکەش ئەوە بوو کە دژبەریی ئیسرائیل دەیتوانی بەستێنێکی ئایدیۆلۆژیکی بێ بۆ دەستێوەردان لە ناوچەکە و هەڵچنینی دیواری ئەمنی بەدەوری لقی پەلهاویشتووی شیعی – فارسی. ڕێژیمی ئیسلامی بە باشی دەزانێ کە دەستێوەردان و سەرەتاتکە لە ناوچە پشتیوانیی بیرێکی فراوانخوازی فاشیستیی قەومیی رادەکێشێ کە تا ئێستەش ئەو پشتیوانییە بەردەوام بووە. لە ڕاستیدا ئیمپراتوریی فارسی لەژێر ناو و دەمامکی شارستانییەتی ئێرانیدا لە ئازەربایجانەوە هەتا وڵاتانی عەرەبی و سووریە و عێراق بە بەشێکی دابڕاو لە خۆی دەزانێ و لای وایە دەبێ ڕۆژێ ئەو شارستانییەتە بژێتەوە و هیچ دەسەڵاتێکیش وەکوو ڕێژیمی ئیسلامی بۆ دەسبەسەرداگرتنی ئەو ناوچەگەلە ریسکی نەکردووە و تا لێواری شەڕێکی ناوچەیی و باناوچەیی بەرەوپێش نەچووە.

**دوارۆژ و ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە**

نووسەر لێرە بە تەواوەتی پێداگرە لەسەر هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و ئەو ڕێکخراوە کارتۆنیانە و حیزبە فوولێکس واگۆنییانەی کە بە ناوی ئێرانی مەزن و شارستانییەتی سێ هەزارەیی ئێرانی، خەریکی هەڵڕشتنەوەی هێڵنجەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامین و تەنیا کێشەیان ئایدیۆلۆژیی حوکمڕانیی تۆتالیتاریستییە، نەک جۆر و چەشنی بەڕێوەبەریی و پرسی دێموکراسی و فرەچەشنی.

هەربۆیە دەبێ لە ئێستەدا کە هیچ گومانێ لەسەر دژبەریی کۆمەڵگەی جیهانی لەلایەن دەسەڵاتی فاشیستی قەومی _ مەزهەبیی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێراندا نەماوە ناوچە و جیهان حەقیقەتەکانی پشتەوەی ئەم دژایەتییە بناسێ. پاڵنەر و هاندەرە ئایدیۆلۆژیکەکانی بۆ ڕوون بێتەوە و بزانێ کە خۆرهەڵات، باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا و بەشێکی بەرین لە باکووری ئێران شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکانێکە کە بەهیچ جۆرێ خاوەنی هەستێکی خاوەندارییەتی لە حەنای دەورووبەر و وڵاتانی دراوسێ نین، بەڵکوو ئەوان خوازیاری لابردنی هەڵاواردن و جیاوازی لە ناوخۆ، گەشەپێدان و یەکسانیی مەزهەبی، ئێتنیکی و چارەسەریی جیاوازیی و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و ئاشتبوونەوە لەتەک کۆمەڵگەی جیهانین. دەبێ هەموو لایەک لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە ئێران جوغرافیایەکە و شوناسێکی گشتگیر و هەمەلایەنە نییە، هەربۆیە دەشێت بە پشتیوانی لە پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکان، ئێتنیکەکان و چینە چەوساوەکانی گەورەشارەکان و پەراوێزی ئەو جوغرافیایە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دوارۆژ بکرێتەوە. لە ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیدا و لە حاڵێکدا کە وردە وردە پەردە لەسەر نیازی عەقڵانییەتی فاشیستیی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی و پاشکۆکانی لادەدرێ دەبێ ئەوە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە کورد دامەزرێنەری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و لە هەمان کاتدا بیرێکی پێشکەوتنخوازانە و یەکسانیخوازانەیە و ئەوەی نرخ بێ بۆ ئەو ڕێبازە ئومانیستییە، داویە و لێی پاشگەز نەبووەتەوە. کەیسی کورد نەک هەر کەیسێکی ئێتنیکی بەڵکوو بابەتێکی ئاوێتە بە ئاشتیخوازی و هەڵکردن و پێکەوەژیانە و بە لانیکەمەوە هەشت دەیە خەباتی بۆ ئایدیا و نۆرمە باوە گەردوونییەکان داوە و پشتگیری و یارمەتیدانی کورد وەکوو قایمکردنی بنی کۆڵەکەی ئاشتی و تەناهی لە ناو جوغرافیای ئێراندایە. هەروەها کورد پێشڕەوی یەکسانیخوازیی نەتەوەکان و ئایینەکانە و وەک چۆنە لە عێراق نیشانی داوە دەتوانێ ببێتە مەکۆیەک بۆ خەڵکانێک کە لە دەستی شەڕی تایفی و مەزهەبی لە وڵاتانی دەورووبەرەوە پەنایان هێناوە. هەر لە ئێستەدا شارەکانی کوردستانی عێراق ئەمنترین شوێنە بۆ ئەوانەی لە سووریەی شەڕلێدراوی دەستی ئەسەد، عێراقی لێوانلێو لە قەیرانی مەزهەبی و تایفی و تورکیەی ژێردەستی ئەردووگان و ئێرانی بندەستی ڕێژیمی ئیسلامییەوە هانایان هێناوە و دەبینین کە بێ ئەوەی هەست بە جیاوازی و چەوساندنەوە بکەن ژیانیان سەقامگیر و ئەمن و پارێزراوە. ئەم ئەزموونە ئەوە دەردەخات کە کورد دەتوانێ تێکشکێنەری بیرە سەدە ناوەڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ. هەر لە ماوەی ڕابردوودا هەڕەشەی لێژدانەوەی پەنابەر و مادەی سڕکەر بۆ ئورووپا ئەوەی دەرخست کە ئاشتی لەلای ئەم دەسەڵاتانە باوەڕ نییە و تەنیا کایەیەکی سیاسییە بۆ مانەوەی خۆیان و ئەگەر بۆیان بلوێ ڕووی ڕاستەقینەیان لە توندڕەوترین ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان قێزەونترە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین کە لە دونیای ئەمڕۆدا دەبێ ئەوەندە لەڕووی کاری بەکۆمەڵەوە بەهێز بی کە بتوانی دەنگت بە دەرەوە بگەیەنی و ئەوە خاڵی لاوازی کورد و نەتەوەکانی ئێران بووە. دەبێ بزانین کە نەتەوەکانی ئێران، ئیسراییل بە هەڕەشە بۆ سەر مانەوەیان نازانن و ئەوەی بە دوژمنی دەزانن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە کە بەداخەوە لەبەر دەسبەسەرداگرتنی سەرچاوە دارایی و سروشتی و مرۆییەکان توانیویە ئیمتیاز لە کۆمەڵگەی جیهانی وەربگرێ. لە بارمتەگرتنەوە هەتا تێسرەواندنی کەشتییە بارهەڵگرەکان و لێدانی سەرچاوەکانی وزە و تیرۆر و تەقینەوە و دەستێوەردان، ئەو ڕێوشوێنانەن کە ویلایەتی فەقیە کەڵکاوەژووی لێوەرگرتوون و ئەوە هەتا ئەم چرکەساتەش بەردەوامە. هەڵکردن لەتەک ئێران بەمانای ئەوەیە کە دەستی تیرۆر بۆ تێکدان بە ئاوەڵایی دەمێنێ و ئەو هیوایە کە ئەو دەسەڵاتە ببێتە دەسەڵاتێکی نۆرماڵ تراویلکەیەک زیاتر نییە. تاقەڕێگەی بەردەم ناوچە و جیهان ئەوەیە کە بە ناسینی دروست و وردی ئۆپۆزسیۆن و داواکانی خەڵک ڕێگە بۆ سڕینەوەی ناو و پاشناوەکانی دەسەڵاتی فاشیستی خۆش بکات، جیا لەوە هیچکات نابێ چاوەڕوانی ڕاوەستاندنی سەرەڕۆییەکانی ئەو جۆرە دەسەڵاتانە بن.

## نیشتمان:

# پەروەردەی فاشیل و سەقەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران بەشێکی بەرچاوی بنەماڵەکانی ئەو ناوچانەی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کە خوێندن داهاتوویەکی نییە

پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری یەکێکە لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە تاک لەژێر ڕووناکایی و تیشکی ئەو زانستەی وەریدەگرێت، دەتوانێ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان خۆی بگونجێنێ و زانستەکەی بخاتە خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی و تەنانەت مرۆڤایەتی. بەڵام لە وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوەکانی وەک ئێران نەتەنیا کارئاسانی بۆ تاک و کۆمەڵ ناکرێ تاکوو بە پێشکەوتنە زانستییەکان بگەن بەڵکوو بەردەوام هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێت کە تاکەکان لە زانستی سەردەم دوور بخرێنەوە. لەم چوارچێوەیەدا و لەبەرەبەری کرانەوەی قوتابخانەکاندا وتووێژێکمان لەگەڵ چالاکێکی فەرهەنگی لە ناوخۆی وڵات ڕێک خستووە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:

**— لە بەرەبەری کرانەوەی قوتابخانەکانداین. لەم ڕۆژانەدا یەکێک لە کێشە و گرفتە فکرییەکانی بنەماڵەکان لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن بۆ منداڵەکانیان. دۆخی بازاڕی پەڕاوگەکان (نوشت‌افزار) بەگشتی چۆن لێک دەدەنەوە؟**

زۆربەی بنەماڵەکان لە ئێراندا کێشە و گرفتی ماڵیان هەیە. دابینکردنی کەرەستەی خوێندن لەم وەرزەدا دەتوانێ گوشاری ماددی و ڕەوانی بۆ بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکان دروست بکات. بازاڕی پەڕاوگەکان هاوشێوەی زۆربەی سینفەکانی دیکە بازاڕێکی ئاڵۆز و پڕ لە گرانییە. ئەوەی ئێستا بۆ زۆربەی خەڵکی مامناوەند بەرەو خوار گرینگە نرخی نوشتەئەفزارەکانە، ئەم چینە ناچارن کەرەستەگەلێک بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن کە لەباری ماڵییەوە توانایان پێی بشکێت، واتە کەیفییەت و تەنەوع دەکەونە بەشی چەندەمی هەڵبژاردنەوە. بەشێکی زۆری خەڵکانی چینی ناوەندیش بەم شێوەیەن. بەشی کەمی مامناوەند و مامناوەند بەرەوسەر زۆرتر گرینگی بە کەیفییەت و ڕەنگاڵەیی کەرەستەکان دەدەن. ئەوان دەتوانن شتگەلی فانتزی و لۆکس بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن بەڵام بەو هۆیەوە کە لە ئێراندا بەرهەمهێنانی ئەم کەرەستانە لە ئاستێکی کەمدایە و زۆربەی کەلوپەلەکان لە وڵاتانی دەرەکییەوە دێتە ناو ئێران هەر ئەمەش وا دەکات ئەو کالاّ لۆکسانە نرخیان لە ڕێژەی واقعی خۆیان بچێتە سەرترەوە و زۆرجار نرخگەلی زۆر گران و بە قەولی خۆیان نجومی لە سەر ئەو کالاّیانە دادەنێن. هاوردەکردنی پەڕاوگەکان لە وڵاتانی دەرەکی بۆ ناوخۆی ئێران لە مۆنۆپۆلی کەسانی سەر بە ڕێژیمدایە و هاوشێوەی هەموو بەشەکانی دیکەی ئابووریی ئێران لێرەشدا گەندەڵی و ڕانت و ناشەفافییەت قسەی یەکەم دەکات. شێوەی بڵاوکردنەوە یان دابەشکردنی پەڕاوگەکان لە ناوەند بەرەو شارەکانی دیکەی ئێرانە هەر ئەوەش وا دەکات نرخی کالاّکان لە شارە دوورەکان گرانتر بێت. یان ئەو کالاّیانە لە کاتی خۆیدا نەگاتە دەست خەڵکی شارەکانی کوردستان و نەتەوە جیاوازەکانی دیکە کە لەباری ڕێگاوە دوورن لە تاران. لەو ڕووەوە کە خەڵکی کوردستان کەمداهاتن، پەڕاوگەفرۆشەکانی کوردستان زۆربەی کات ناچارن کالاّ بێ کەیفییەت و ماوە بە سەرچووە کۆنەکان بهێنن و بە نرخێک کە خەڵک لە توانایاندا بیفرۆشن. خەڵکێکی بەرچاو بە هۆی هەرزانی خوازیاری ئەو شتە ماوەبەسەرچووانەن. چاوەدێری بەسەر ئەم بازاڕانەوە لە ئاستێکی نزمدایە، بە هۆی ئەوەی کە ڕیشەی گەندەڵی و ڕانت و گرانییەکە لە تارانەوە بەرەو شارەکانی دیکە شۆڕ دەبێتەوە تەعزیراتی حکومەتی و ئیدارەی بازرگانیش ناتوانن یان نایانهەوێ دخاڵەتی زیادە لە حەد بکەن. چەندنرخی، گرانفرۆشی و مارک یان برێندی تەقەلوبی لەم سینفەدا زۆرە، تەنانەت هێنانە خوارەوەی کەیفییەت و کەمییەتی کالاّکان کە لە ئیستلاحی بازرگانی ئێرانیدا کەمفرۆشی پێدەوترێ زۆر بە ئاسایی بەرچاو دەکەوێ. هیچ گومانێکم نییە چەندین ئاغازادە و سپاهی لەم بارودۆخە خراپەی خەڵک و قوتابیان و بنەماڵە هەژارەکانیان وەک ئەنگەل خۆیان دەژیێنن. ئەوان پارەی زەبەلاح کۆ دەکەنەوە و ئاودیوی وڵاتانی بیانی دەکەن هەتا لەو وڵاتانە ژیانی پڕ لە فەسادی خۆیان درێژە بدەن.

**— هەندێ لە کارناسانی کاروباری پەروەردە لەسەر ئەو باوەڕەن کە یەکێک لە هۆکارەکانی وازهێنانی قوتابیان بەتایبەت لەو هەرێمانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا دەژین بریتییە لە پرسە ئابوورییەکان. ئەمە چەندە لەگەڵ کەتوار و ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێران دێتەوە؟**

نەتەوەکانی غەیری فارس بەردەوام پەراوێز دەخرێن. ئەو پەراوێزخستنە لە چەندین ڕەهەندی جیا جیاوە و بە شێوەی سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن تارانەوە بەڕێوە دەچێ. ئەوان لەم پلانە چەپەڵانەیاندا دوو ئامانج تەعقیب دەکەن: یەکەم ئەگەر منداڵێک دەرفەتی بۆ ڕەخسا و بە هەر شێوەیەک توانی درێژە بە خوێندن بدات لە قوتابخانە و زانکۆکاندا بێ شوناس بکرێ، یەعنی لەباری هۆییەتیەوە تابعی ئیدئۆلۆژی و فەرهەنگی حاکمییەت بێت کە ئەمە خۆی ئاسمیلەکردنێکی نەرم و درێژخایەنە. دووهەم ئەو منداڵانەی بە هەر هۆکارێک ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن تووشی بەڵای نەخوێندەواری ببن کە لەم سەردەمی تیکنۆلۆژی و پێشکەوتنە جیهانییەدا لە باری عیلمییەوە خۆی خەسارێکی قەرەبوونەکراو بە سەر جەستە و هزری تاک و نەتەوە بندەستەکەیەوە دەهێڵێتەوە. ئەگەر سەرنجی بارودۆخی خوێندن و زانست و پێراگەیشتن بە ئەو هەرێمانە بدەن کە نەتەوە جیاوازەکانی تێدا دەژیێت بۆتان دەردەکەوێ لەم چل ساڵەی ڕابردوودا ڕێژیم چۆن بەردەوام گەمارۆی ئابووری داون هەتا پێش بە گەشەکردنیان بگرێ. ئیزن نەدان بە دروست کردنی ناوەندگەلی عیلمی و زانستی لەم هەرێمانە هەر لەم سیاسەتە داگیرکارانەو چەپەڵەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕێژیم بە فەقیرڕاگرتنی خەڵکی ئەو ناوچانە پێشگیری لە گەشەی منداڵەکان دەکات، بەتایبەت لەبواری خوێندندا. تەنانەت کاتێکیش کەسێک بتوانێ لەم هەموو تەنگ و چەڵەمەو داوە خۆی دەرباز بکات و بتوانێ ببێتە خاوەنی مەدرەک و پسپۆڕییەکی تایبەتی هەبێ ڕێژیم داینامەزرێنێ و زۆربەی ئەو کەسانە بێکار دەبن یان ڕوو دەکەنە کاری ئازاد. بەڵێ زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە بە هۆی گرانی ناتوانن بە منداڵەکانیان بخوێنن. لەوەش خراپتر کە بەداخەوە لە هزری خەڵکی ئەو هەرێمانەدا چەکەرەی کردووە ئەوەیە کە خەڵک هیوایان بە خوێندن لاواز بووە. پەروەردەی فاشیل و سەقەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران بەشێکی بەرچاوی بنەماڵەکانی ئەو ناوچانەی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کە خوێندن داهاتوویەکی نییە بۆیە ئەم بێ هیوایەش به نیسبەت داهاتوی قوتابی و منداڵەکانەوە دەتوانێ هۆکارێکی دیکەی دەست کێشانەوە لە خوێندن بێت. جیاواز لە گرانی هەمیشەیی دەتوانم ئاماژە بە نەبوونی ئیمکاناتی خوێندن لەم هەرێمانە بکەم. نەبوونی مەدرەسە و ئازمایشگا و شوێنی تاقیکاری، تەنانەت نەبوونی کەرەستەکانی ناو مەدرەسە وەک تەختەڕەش، ئیمکاناتی سەرمایی و گەرمایی لەو بەشە لە مەدرەسە شپرز و وێرانەکانیشدا کە هەن یان نەبوونی ڕێگاوبان یان مامۆستای جیاواز بۆ بەشە جیاوازەکانی خوێندن و دەیان کێشە و گرفتی دیکە کە دەبنە هۆکاری دەست کێشانەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە خوێندن. لە ناو منداڵەکاندا، منداڵانی کچ یەکەم زەرەرمەندی ئەم کەمبودانەن. لە پاش منداڵانی کچ، منداڵانی دێهات پشکی دووهەمیان بەردەکەوێ، شارۆچکە بچووکەکان و تاد لەم پولێنبەندییەدا بەردەوام جێ دەگرن. حاکمییەت هەمووی ئەمانە دەزانێ و بەردەوام هەوڵ دەدات ئەم قەیرانانە قووڵتر ببنەوە هەتا پڕۆژەی بندەست ڕاگرتنەکەی درێژە پەیدا بکات. ئەو لە هەمانحاڵدا بە بڵاوکردنەوەی ئاماری درۆ و دوور لە ڕاستی هەوڵ دەدات بیروڕای گشتی بە لاڕێدا ببات. دەنگوڕەنگی ڕێژیم جۆرێک باسی ئەم هەرێمانە دەکات و پێیان دەڵێ «مەحروم» وەک ئەوەی کە ئەمە بەشێکە و لە ئاسمانەوە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە بڕاییتەوە. ئەوان پێیان وایە بە وشەی «مەحرووم» دەتوانن گەندەڵی و پیلانی چەپەڵی چل ساڵەی خۆیان دابشارن لە حاڵێکدا خەڵکی ناوخۆی ئێران ناوەڕۆکی ئەم ساختارە دواکەوتوو و داگیرکەرەیان زیاتر لە جاران بۆ دەرکەوتووە .

**— گرفتە مەعیشەتییەکانی مامۆستایان چەندە دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر ڕەوشی خوێندنی قوتابیان و بەگشتی کەرتی پەروەردە؟**

بە هۆی ناوەرۆکی دینی و ئیدئۆلۆژی ڕێژیم هەر لە سەرەتای زاڵبوونی حاکمییەتی ئاخوندییەوە ئەم دەسەڵاتە ناڕەوا کەوتە ڕقەبەری و دژایەتی لەگەڵ خوێندنی عیلمی و زانستی. ئەم دژایەتییە لەباری هزرییەوە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. ئەوان بەشێکی بەرچاوی کتێبەکانیان پڕ کردووە لە ئەندێشە مەزهەبییەکانی خۆیان کە هیچ پەیوەندییەکی بە خوێندنی ئاکادمیکەوە نییە. ساڵانێک بە هۆی شەڕی ئێران - عێراق و ئێستاش بە هۆی پەرەدان بە تیرۆریزمی دەوڵەتی و ئاژاوەنانەوە و سەرفکردنی داهاتی وڵات لە ڕێگای گرووپە توندئاژۆکاندا ئابووریی وڵات بەردەوام بەرەو دۆخێکی خراپ و خراپتر دەڕوات. مامۆستایانی ئازادیخواز و مامۆستایانی ژن جیاواز لە گرفتە ئابوورییەکان بەردەوام لەژێر چاوەدێری و ئەمرونەهی ئۆرگانی خۆیاندان کە ئێران ناوی فێرکردن و پەروەردەی لێناوە! داهاتی کەمی مامۆستاکان و ساعەتی کاری زۆر لە قوتابخانەگەلێکدا کە ڕێژەی قوتابییەکانی زیاتر لە حەددی ستانداردە یان لە قوتابخانەگەلێکدا کە لەباری ستانداردی خوێندنەوە زۆر خراپ و بگرە مەترسیداریشە، ژیانی جەستەیی و دەروونی مامۆستاکانی بەرەو ئاقارێک بردووە کە شیاوی ئەوان نییە. ڕێژیم بە شێوەی سیستماتیک هەوڵی داوە کە کەسایەتی مامۆستاکان چ لەباری ماددییەوە و چ لەباری زانستییەوە بشکێنێ بەداخەوە زۆربەی کاتەکان مامۆستاکان ناچارن شوغڵی دووهەمیان هەبێ یان لە بەر ئەوەی تێچووی ژیانیان و داهاتە کەمەکەیان یەک بگرێتەوە لە ژیانێکی دەستکورتانەدا ژیان تێپەڕ کەن. بێگومان ئەو شتانە کە عەرزم کردن لە باری کۆمەڵایەتییەوە لێکەوتەی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بۆ نموونە قسەی مامۆستا لە ناو کۆمەڵگادا یان لە ناو قوتابیەکانیدا بە هەند وەرناگیرێ یان کەمتر کەسێک ئاوات دەخوازێ لە داهاتوودا ببێتە مامۆستا. ئەم شێوە ژیانە پڕچەرمەسەرییە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕوانینی تاک[ چ قوتابی، چ تاکی کۆمەڵگا] بە نیسبەت خوێندن و مامۆستای خوێندن بگۆڕدرێ یان لاواز ببێت. لەوانەیە یەکەم زەرەرمەندی ئەسڵی بە ڕواڵەت مامۆستایانی کەمداهات و زەحمەتکێش بن بەڵام لە واقعدا ئەوەی لە درێژخایەندا لە مانا بەتاڵ دەبێتەوە خوێندن و پەروەردەیە کە لەگەڵ کەممانابوونی یان کەمبایەخبوونی پەروەردە بە شێوەی ئۆتوماتیک ناهەنجاریگەلی کۆمەڵایەتی زیاتر و زیاتر دەبن هەروەک ئێستا و لە ناوخۆی ئێراندا ئامارەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن .


**دواوتەتان:**

هیچ گومانێک لەوەدا نەماوە کە ڕێژیمی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێراندا بایەخێکی ئەوتۆ بە پەروەردە و خوێندن بەتایبەت لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا و بەتایبەت لە کوردستاندا نادات. لەوانەیە ئەمڕۆ گرانی وەک فاکتەرێکی دیار و بەرچاو بووبێتە هۆکار هەتا هەندێ لە بنەماڵەکان یان قوتابیان و خوێندکاران لە سەر خراپیی دۆخی خوێندن و خوێندنگاکان ئاگاە ببنەوە بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە ژێرخانی خوێندن لە ئێراندا زۆر لەوە خراپترە کە بە ڕواڵەت بەرچاو دەکەوێ. لێرەدا ئەرکی مامۆستا و قوتابی و خوێندکاران و توێژی زانستی وڵات بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانی و یەکلاکەرەوەیە؛ مامۆستا و خوێندکار و زاناکان دەبێ خەڵک وشیار بکەنەوە و ڕێکیان بخەن هەتا سێبەری زوڵم و نەهامەتی بە سەر ئێران و کوردستانەوە نەمێنێ. بێگومان ئەم خەباتە نرخی دەوێ، ئەم خەباتە ماندووبوونی دەوێ بەڵام خەباتێکی ئینسانی و ئەخلاقییە کە لە ناخی تاکێکی دەروەست و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە (مامۆستا و خوێندکار) هەڵدەقوڵێ و پەرە دەستێنێ. بۆ هەموو لایێک ڕوون بووەتەوە کە سیستمی حاکمییەت لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا کەرامەتی ئینسانی کردووەتە ئامانج بۆیە ئەرکی هەموو ئینسانێکە و بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیر کە شەرافەتمەندانە و شۆڕشگێڕانە بە گژ دەسەڵاتی خورافی و بێ ئەخلاقی ڕێژیمدا بچنەوە. کوردستان و پێشمەرگە وەک یەکەم سەنگەر و یەکەم پارێزەری ئازادی و دیفاع لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە مەیدانی بەرفراوانی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا بوونیان هەیە و بێگومان پاڵپشت و پشتیوانی ئازادیخوازان و جودا بیرانن. با هەموو لایەک بە پشتیوانی پێشمەرگەی کوردستان هەوڵ بدەین داهاتووی ڕۆڵەکانی کوردستان داهاتوویەکی گەش بێت کە پەروەردەی دروست و ئینسانی دەوری ئەساسی تێدا دەگێڕێت . خۆی بە دژی داگیرکەر و دەست و پێوەندەکانی دەدا . ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانە کە ئەم بڕیارەی ئەمریکا تا چەندە ئەوانی لەو وەزعییەتە کە تێیدان خەبەر کردبێتەوە. ئەو کەسانە وا باشە دەست لە خەیانەت هەڵگرن و لە هاوکاریکردنی سپای تیرۆریستی پاسداران خۆ ببوێرن . هەتا ئەو شوێنەی بۆیان دەکرێ خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆیان. هیچ گومان لەوەدا نییە لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ و سپایەک نامێنێ هەتا ئەوان داڵدە بدات، بۆیە پێموایە هەرچی زووتر بگەڕێنەوە ناو خەڵک باشترە .



**بۆ هەموو لایێک ڕوون بووەتەوە کە سیستمی حاکمییەت لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا کەرامەتی ئینسانی کردووەتە ئامانج بۆیە ئەرکی هەموو ئینسانێکە و بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیر کە شەرافەتمەندانە و شۆڕشگێڕانە بە گژ دەسەڵاتی خورافی و بێ ئەخلاقی ڕێژیمدا بچنەوە.**

**کوردستان و پێشمەرگە وەک یەکەم سەنگەر و یەکەم پارێزەری ئازادی و دیفاع لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە مەیدانی بەرفراوانی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا بوونیان هەیە و بێگومان پاڵپشت و پشتیوانی ئازادیخوازان و جودا بیرانن.**



له ناو سینەی بە ئاپوورەی بەرلیندا
لە کوێرە ڕێکەوتێکی زەمانا و
لە چاوتروو کانێکی مێژوودا
مانگێکی پەمەیی و
چەند ئەستێرەیەکی سەوزی هاوڕێی
تیرباران کران و کەوتنە خوارەوە؛
کەوتن بە سەر کێڵگەی ئازاری کوردانا
کەوتن بە سەر هەمووماناا؛
مانگێکی پەمەیی و
چەند ئەستێرەیەکی سەوزی هاوڕێی
لە بەرلین و
لەبەردەم کۆتەی شاعێرا کوژران
لەوێ کوژران بەڵام لە کوردستان خوێنیان لەبەر ڕۆیی
لە ئێوارەیەکی دەمبزوێنی چاوشینی کلک زێڕینا
لە گەورەدێ
گەورەدێی دۆڵی جافەتی
شۆڕشی نوێماندا
بۆ یەکەمجار لەوێ و لە سێبەری ئازادییەکی باڵابەرزا
کاکە سادقی شەرەفکەندی، دوکتور سەعیدم ناسی
ئـەو زەردەخەنەیەکـی ناسـکی وەک کازیـوەی هێنـا بەپیـر منـەوە و
منیـش
چەند شێعرێکی لەو شاخانە باڵگرتووم بۆ ئەو کردبوو بە دیاری
ئەم ناسینە
لە ڕێگەی چاوەکانی شەهید دوکتور قاسملووەوە پێکهات
لە ڕێگەی دەنگی ئەوەوە
لە ڕێگەی خۆشەویستیی شێعر و ئازادییەوە
لە ڕێگەی ئەوینی ئاوێتەبووی مەهاباد و سلێمانییەوە
لە ڕێگەی قژی تێکئاڵۆزکاوی سنە و هەولێرەوە
لە ڕێگەی پەنجەی تێکئاڵاوی کرماشان و کەرکووکەوە
هەر یەک عەشقیش
هەمووومانی لەو کونە ئەشکەوت و ژێر تاوێرەبەردانەوە کۆ کردبووەوە
پیاوێکی سادە وەک گەنم
بزۆز و زیت و وریا
وەک کەڵەکێوییەکی لەسەر هەڵەموت بە چواردەورا چاوبگێڕ
ڕۆح سووک و خوێنشیرین و ڕووبەبزە
وەک دیمەنی کۆیەی لەسەر هەیبەت سوڵتانەوە دەرکەوتوو
ئێسک سووک وەک ساوابوویەکی ساباڵغ
گەرم وەک گڕی نارنجی لە دوورەوە دیاری باوەگوڕ گوڕ
ئەم پیاوە ئاڵای خۆشەویستییە گەورەکەی قاسملووی هەڵگرتەوە

"شێرکۆ بێکەس"

"خەرمانانی شێعر"
نامی بیروئەندێشەم، بە پەپوولەی ڕۆحی زیندووت باڵا دەکا و
لە ئاسمانی وڵاتێکی بێ ئوقرەدا بە گوڵ ئەستێرەیەکی یادت
سەقام دەگرێ
لە زاگرۆسی زستانەوە هەڵدەفڕێ و لە خەرمانانی داهاتووی ئەم
نیشتمانە دەڕازێتەوە
تۆکە نامەی کۆتری ئاشتیت لە جانتا بوو
بۆ ئاوەها بەرەو دیارێکی نادیار سەرت هەڵگرت
خۆ دەزانی قەتارەی خێڵ لە دۆڵە درێژی مێژوودا
بە تەمای چۆڕێ ئازادی
چاوەڕوان وبە دڵێکی تەژیی ئاوات ڕێگای هاتنەوەت دەپێون
تۆش لێو بەبزە و دڵێک پڕ لە ئێش و ئازار
بە جلێکی ئاڵا ڕەنگین بێ ماڵئاوایی سەفەرت کرد
گورگەکانی دەشتی تاران
وایانزانی بە خنکانی کانی و چۆمێک ڕووبارەکان دەتاسێنن
بە گوللەبارانی شاخێک، ڕۆژ و ئاسمان دەڕووخێنن
هەر بۆیە کاهێنە بیرژەنگاوییەکانی سەدەی بەرد و
سەفەوییە عابا شۆڕەکان لە قەڕنی بیست
دێوجامەی ڕەشیان ڕاخست و
کەمتیار و ڕێوی کرانە ئەکتەری پیلانی تاڵ
بەرەو شاخ و ڕۆژ و ئاسمان دەسرێژیان کرد
بەڵام قەت بووە گوللە جەستەی خۆر و ئاسمان خوێناوی کات
یان ڕۆحی شاخ شڵەژاو کات
بۆیە سروەی یادکانت
لە کازیوەی ئەندیشەکان چرۆ دەکا و لە قەوارەی پێشمەرگەدا
هەڵدەچێت
گوڵەجاڕی هونراوەیەک بە جوانترین وشەی ناوت دەنەخشێت
شێعرێک دڵ پڕلە ژان و هەست هاوار دەکات
ئەی مامۆستای ژیر و زانا، ئەی سوارچاکی ڕێگای ئاسۆ
نەمردوویی، لە دڵمانی
هەرماوی تـۆ، هەرماوی تـۆ

کۆچـەر

# مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرهەڵدانی ڕەوتە ئەدەبییەکان لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

**ئامادەکردنی:**
**گوڵباخ بەهرامی**

**بەشی یەکەم**

بزاڤی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە چەندین قۆناغی جیاوازدا توانیویەتی مێژوویەکی گرنگ لە ئەدەبیاتی کوردی بونیات بنێت کە بەگشتی ئەدەبی کوردی پێ بناسرێتەوە و ببێتە دەستپێک و سەرەتایەک بۆ چوونێو قووڵایی مێژوو و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی کوردییەوە و سەنگ و پێگەی لە ئاستی ئەدەبی ناوچەیی و جیهانیشدا دیاری بکات. بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا لە ژێر کاریگەریی مێژوو، سیاسەت، دەسەڵات و هەروەها ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بۆ نوێبوونەوە و بەجیهانیبوونی پێویستی بە گۆڕانکاری و تازەگەری هەیە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیکە و سەردەمێکی جیاوازتردا ئەم ڕەوتە بەگشتی لەمێژە دەستی پێ کردووە، بەڵام هەوراز و نشێوی زۆریشی هاتووەتە ڕێ کە لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لەو پرسانە دەکەین کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ئەم ڕەوتە هەبووە.

ڕەوتی ئەدەبی لە کوردستان بەتایبەتی و ئێران بەگشتی لە ژێر دەسەڵاتی سەردەمی خۆیدا بە جۆرێک لە گۆشەگیری و پەراوێزخرانەوە دەستی پێ کردووە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی سەردەمی مەشرووتیەت بۆ گەشەسەندنی بیرمەندی و تێکدانی بڕوا کۆنەکان و سوننەت لە ئێراندا نەتەنیا کەم نەبووە، بەڵکوو زاڵیش بووە لەسەر ئەدەب و تێکۆشانی ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ژیانی دەقاودەقی کورد و فارس، بۆ پێشەنگیی فەرهەنگی و ئەدەبە بایەخدارەکەیان، ڕووناکبیران و نووسەران، پسپۆڕان و هونەرمەندانی کوردیشی هێناوەتە مەیدانەوە، هەتا لەگەڵ زەمان و ئاڵوگۆڕی زانستی هاوچەرخدا، هاوکات و هاوڕێگا بن. کە ئەم دۆخە بەرفراوانتر لە میدیاکانی فارسدا دەنگدانەوەی هەبووە. بە بۆنەی کەمدەسەڵاتیی میدیاکانی کورد، نەبوونی چاپەمەنییە بەهێزەکان و بەرگری لە پەرەپێدانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی لە ئێراندا، سەرکەوتنێکی باش بەر لە شۆڕشی ئێران وەکوو بەڵگەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە، ئەم کۆسپانە و نکۆڵیکردنی بەڕێوەبەرانی دامودەزگا حکوومەتییەکان لە ئەرکە سەرەکییەکانیان، نەیتوانی بۆ ڕاگرتنی موتوربە بکرێ. بە پێشڤەوەچوونی ئەدەب، ئایدۆلۆژیا، بیرورا نوێیەکان لە چوار پارچەی کوردستان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا. هەڵبەت کاریگەری و تێکۆشانی ڕووناکبیرانی باکووری کوردستان، ئەوانەی وا لە دەرەوەی وڵات ژیاون و لەم بوارەدا ماندووبوونیان چێشتووە زورترە. بەڕای من لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژنامەکان و میدیاکانی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستانی باشوور ڕوویان داوە، هەریەك بە جیاوازیی خویانەوە، لەو ئاڵوگۆڕانەدا پشکیان هەبووە و هانیان داوە بو گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەدەبی کوردی. لەم دەسکەوتانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆدا، ئەدەبی زارەکی، واتە فۆلکلۆر، زۆرتر بە ئەدەبی کوردی پەرەی داوە. باسی ئایدۆلۆژیا و گۆڕانکارییەکانی، شێوەی بەڕێوەچوونی ژیانێکی مۆدێرن لەنێو گەل و بیرمەندانی کورددا هاتۆتە ئاراوە. ئەمرۆ، ڕۆڵ و کاریگەریی ئەدەبیات و هونەری ڕۆژهەڵات بەڕاستی بە بۆنەی ڕاگەیاندنە کوردییەکان، ماڵپەڕ و چاپەمەنییەکان، چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا، زۆر بەرچاوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینەکان و دیالکتیکی ئەو ناوچەیەی ناوەندی دەسەڵاتی میرنشینەکان بووە. بۆ نموونە ئەو سەردەمەی میرنشینی ئەردەڵان لە هەورامان و ناوچەی سنە دەسەڵاتدار بووە شاعێران بە زاراوەی ناوچەکە شێعریان هۆنیوەتەوە و لە لایەن خەڵکیشەوە پێشوازیی لێ کراوە و شاعێرانی وەك: سەیدی و مەولەوی و خانای قوبادی و بێسارانی و... سەریان هەڵداوە. یان پێش میرنشینی ئەردەڵان لە ناوچەی بۆتان و بایەزید چونکە دەسەڵات لەدەست دیالکتیکی کرمانجیدا بووە، شاعێرانی وەك خانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ... لە گۆڕەپانی ئەدەبدا چالاکییان نواندووە. هەروەها لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاعیرانی وەك غوڵامڕەزا ئەرکەوازی و سەید یاقۆی مادیدەشتی و شاکە و خان مەنسوور و ... ئاڵابەدەست بوون.

بەڵام میرنشینی بابان بە سێ کوچکەکەی خۆی وەهای وەجاخی دیالکتیکی بابان گەرم و ڕووناك کردەوە کە کاریگەریی خستە سەر تەواوی ناوچەکانی تر و پێشوازیی لێ کرا. هەر لەسەردەمی ئەوان و دوای ئەوان شاعیرانێکی وەك: نالی، مەحوی، حاجی قادر، حەمدی و تاهیربەگی جاف و شێخ ڕەزا تاڵەبانی و... سەر هەڵ دەدەن کە ئەوەندەی تر گەشە بەو قۆناغەی ئەدەب و شێوەی دیالکتیکەکەی دەدەن. دەقە شێعری هێندە مەزن دەخولقێنن کە پێشتر مێژووی ئەدەبی کورد لە هیچ قۆناغ و ناوچەیەك بە خۆیەوە نەیدیوە. کە هەر ئەو شۆڕشە مەزنە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریان شاعیرانێکی وەك: حەریق و وەفایی و ئەدەب سەر هەڵ بدەن و لە دەوروبەری مەریوانیش شاعێرانی وەك: ناری و مەجدی و ... ببنە درێژەدەری ئەو ڕێگایە و هەتا ئەمرۆ هاتووە و زۆرترین شاعێران و گرینگترین دەق و دیوانە شێعریان خستۆتە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردییەوە .

قوتابخانەی شێعریی (موکریان) دەڤەری بەرینی موکریان هەر لە سەرەتاوە مەڵبەندی هونەر و جوانی بووە و سەرچاوەی تازەگەری و خوڵقاندنی ئاستە بەرزەکانی هونەر و ئەدەب بووە لە کوردستاندا. لەگەڵ شۆڕشە شێعرییەکەی حەزرەتی نالی لە مەڵبەندی بابان لە موکریانیش شاعیرانێکی وەك: (میسباحەدیوانی ئەدەب) و (وەفایی) و (حەریق) و... سەریان هەڵدا و بوونەتە گەشەپێدەری ئەو بزاڤە شێعرییە. لێرەشدا ئاماژەیەك بەو بزاڤە شێعرییە دەکەین کە لە سەیفولقوزات دەستی پێ کرد. بەر لە حەسەنی سەیفی قازی زۆر شاعێری گەورە و خاوەن ڕێبازی هونەری وەك وەفایی و ئەدەب و حەریق و مەلا مارف کۆکەیی و مەلا حیسامەددین شەفیعی و مەلا حەسەنی جەوهەری و عەلی بەگی حەیدەری و... هەبوون، بەڵام لە بواری زماندا، واتە پەتیوێژی و تووڕهەڵدانی وشەی بێگانە لە شێعردا هەوڵێکی بەرچاویان نەداوە. ئەگەرچی هەر کامەیان خاوەن دیوان و دەیان شیعری بەرز و نەمرن و بوونەتە ئاوێنەی هەمیشە شەفافی مێژووی ئەدەبەکەمان.

من لێرەدا دەمەوێ هەڵوێستەیەك لەسەر ئەو پەتیوێژییە بکەم کە لە سەیفولقوزاتەوە دەست پێ دەکا. سەیفولقوزات سروشت لەگەڵ شێعر ئاشت دەکاتەوە و تێکیان هەڵدەشێلێ و بەڕاستی سروشتی نێو شیعر و خەیاڵی ئەو شاعێرە سروشتێکی ڕازاوەتر و زیندووترە لە سروشتی ڕاستەقینە.

سەیفولقوزات ئەو ڕچە زمانییەی شکاند و تا ڕادەیەك جلکی عەڕووزیشی لەبەر کچی شێعر دادڕی. درێژەپێدەری ڕێگاکەشی چەند شاعێری مەزن و خاوەن هەستی وەك «مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، مامۆستا محەممەدی نووری، مامۆستا ڕاوچیی ساردەکوێستانی، مامۆستا هێدی، مامۆستا مەلاغەفوور دەباغی، عەلی حەسەنیانی (هاوار)، سوارە ئیلخانیزادە و مەلاسەدیق مەحموودی» بوون. لەو بوارەدا شاعیرانێکی وەك «حەقیقی، سەیدکامیل ئیمامی، خاڵەمین، مەلا کەریم زاری، مەلا حەسەنی جەوهەری، مەلا مارف کۆکەیی، ئەمین شنۆیی و شێخ نافیع مەزهەر« شپرزە»»ش هەبوون، بەڵام ئەوان کەمتر خۆیان لەقەرەی ئەو بزاڤە تازەیە دا و پەتیوێژەییەکە ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئەوان نەبوو. دوای ئەوانیش دەتوانین ئاماژە بە عومەر سوڵتانی «وەفا»، حەسەن سەلاح سۆران، قاسم موئەیەدزادە (هەڵۆ)، سەعید نەجاڕی «ئاسۆ»، ئەمین گەردیگلانی، شەریف حوسێنپەناهی، ڕەسووڵ کەریمی «سووتاو»، عەلی سەلیمی بابامیری «پەشێو» و ڕەسووڵ ڕەشئەحمەدی بکەین.

ئێستاش هەروا بزاڤی ئەدەبی بەرچاوە و گەلێ نووسەر و شاعێری بەتوانا لە دەڤەری موکریاندا سەریان هەڵ داوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئاخۆ ئەدەبیات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ڕەوتی (سوارە) قۆناغێکی وای بڕیوە کە بکرێ وەك شەپۆلی چوارەم باسی لێوە بکرێ؟ یان شوناس و پرسی نەتەوایەتی لە شێعری نوێ لە چ ئاستێکدایە. بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوایەتی ڕۆحی شێعری ئێمەیە و ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە بێوڵات و ژێرچەپۆکەین و تەنانەت خاوەنی سەر و ماڵی خۆشمان نین، ئیتر چۆن دەکرێ پشت لەو بابەتە گرنگ و ڕۆحییە بکەین . ئەدەبیاتی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، درێژەی نەریتی ئەدەبیی قوتابخانەی نالیە (لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەم ) کە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەی هزری ڕۆشنگەرانە، قۆناغی بەرگری، مەزهەب سالاری، بیرۆکەی نیشتمانپەروەرانە، بەهێزکردنی خەسڵەتە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکان، گەڕان و بادانەوە بەرەو قۆناغی پاککردنەوە و پەتیکردنی زمانی ئەدەبیی کوردی و لە ئەنجامدا ڕۆح و ورەی شۆڕشگێڕانە لە بەرهەمی شاعێرانی دیمۆکرات و ئازادیخوازی کورددا لە سەدەی نۆزدەیەم دیاری دەکرێ. لە دوای ئەم قۆناغەش توانیویەتی ڕێچکەیەکی تایبەت وەربگرێت و شاعێران و گەورە ئەدیبانی کورد بخاتە مەیدانەوە کە جێپەنجەیان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دیار و بەرچاوە.

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:758 · 22 September 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان. ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خەرمانانی ساڵی ۹۸ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کران، بانگهێشت، لەسێدارەدران، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوژی، هەروەها مەحکووم کرانی هاووڵاتییان.

### هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:



### دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٤ی خەرمانان، دوو چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی «کامران ساختمانگەر و سەید عەلی حوسێنی»، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە، لە نزیک شاری سەقز دەسبەسەر کران.

ڕۆژی هەینی، ١٥ی خەرمانان، هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات، هێرشیان کردە سەر گوندی «قوریچیا»ی شاری دێولان و دوو لاوی کوردیان بە ناوەکانی «ساسان میرەکی و محەممەد حوسێن پەناهی»یان دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەمیر محەممەدخانی»، خەڵکی شاری دیواندەرە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی هەینی، ٢٢ی خەرمانان، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «نەبەز (کاوە) کیانپوور» خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە، بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «گۆران خودامواردی»، تەمەن ٣٥ ساڵ، کوڕی «عەلادین»، خەڵکی گوندی «شیان»ـی ژاوەرۆی سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

یەکشەممە، ٣١ی خەرمانان، «بەهمەن قوبادی»، دەرهێنەری ناسراوی کورد، هەواڵی دەسبەسەرکردنی دایکی لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی خومەینیی تارانی ڕاگەیاند؛ ناوبراو لەمبارەوە لەسەر پەیجی فەرمیی خۆی لە ئینیستاگرامدا ڕایگەیاند: «هەواڵم پێگەیشت کە دایکی پیری من لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی خومەینی، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە».

### مەحکووم کردنی هاووڵاتییان بە زیندان و گواستنەوەیان بۆ زیندان:

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٤ی خەرمانان، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «ئەمین سیبەر»، بە تۆمەتی «بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی»، لە دادگای ئینقلابی کرماشان، بە ٣ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سابیر کەمانی و کامران کەمانی»، خەڵکی گوندی «ئەنبێ»ـی ناوچەی تەرگەوەڕ، بە تۆمەتی «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران»، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری ورمێوە، بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکووم کران.

ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی خەرمانان، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «ئارام زەندی» لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، بۆ زیندانی ناوەندی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

دادسەرای شەهید موقەددەسی، لقی ئەوین، دەسبەسەرکرانی کامیل ئەحمەدی، نووسەر و لێکۆڵەری کوردی بۆ ماوەی یەک مانگی دیکە درێژ کردەوە. شەفەق ڕەحمانی، هاوسەری ئەم لێکۆڵەرە کوردە سەبارەت بە دەسبەسەرکرانی هاوسەرەکەی لە ئینستاگرامی خۆیدا نووسیویەتی: «قەراری دەسبەسەرکرانی هاوسەرەکەم، کامیل ئەحمەدی بۆ مانگێکی دیکە درێژ کراوەتەوە. سەبارەت بە تاوانی ناوبراو شتێکیان پێ ڕانەگەیاندووین، بەڵام لە چاوپێکەتن لەگەڵ ئەودا لە دادسەرا، پێی وتم کە لێپرسینەوەکان سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی بووە و چەند ڕۆژە کە لێپرسینەوەکەی تەواو بووە و بردوویانەتە ژوورێکی سێ کەسی. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بە دەستم هێناون، تێگەیشتم کە کامیل لە بەندی ٢ ئەلف کە تایبەت بە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانە ڕاگیراوە. من و هاوسەرەکەم هیوامان بە ئازادکرانی زۆر بوو بەڵام بەداخەوە قەراری دەسبەسەرکرانەکەی سەرلەنوێ بۆ مانگێکی دیکە درێژ کرایەوە.»

«عیرفان ڕەشیدی»، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری پاوە، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام»، بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری و دوو ساڵ «ممنوع‌الخروج»ـی لە ئێران، خۆناساندن و واژۆدانی بەردەوام بە ئیدارەی ئیتلاعات بۆ پشتڕاستکردنەوە لە ئەنجامنەدانی چالاکیی سیاسی و مەدەنی بۆ ماوەی دوو ساڵ، مەحکووم کرا.

ڕۆژی سێشەممە، ١٦ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی ئیسماعیلی»، تەمەن ٤٠ ساڵ، کوڕی «محەممەد»، خەڵکی گوندی «جاشێران»ی شاری شنۆ، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی شاری نەغەدە، ڕاگوێزرا.

لاوێکی کورد بە ناوی «ئەفشار فەتحی»، کوڕی «ئەحمەد»، خەڵکی گوندی «تەنگیسەر»ی سەر بە ژاوەرۆی شاری سنە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ٦ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا


. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابروودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەزا ئەحمەدی»، خەڵکی گوندی «ترکەش»ـی شاری پیرانشار، بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ورمێ کرا.

### ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سەیفوڵڵا جەلیلی» کوڕی «ئیبراهیم»، «بەشیر حاتەمی» کوڕی «سدیق» و «غەفوور یاری» کوڕی «غەفار»، خەڵکی گوندی «ئەوێهەنگ»ـی شاری سنە، کە ماوەی ٢٠ ڕۆژ پێش لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوون، هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسیان لەبەر دەستدا نییە.

«کامران ساختمانگەر»، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سنە، پاش ١٢ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی، هەتا ئێستا چارەنووسی ناڕوونە.بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چالاکە کرێکارییە پاش دەسبەسەرکرانی هەتا ئێستا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە ئیجازەی پێ نەدراوە کە لەگەڵ بنەماڵەکەی پەیوەندی بگرێت.

چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «فەرهاد، سەفەر و پەرویز نووری» خەڵکی گوندی «ئەنبێ» و «عەلی عەزیزی»، خەڵکی گوندی «تولەکی»، سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕ، لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، چارەنووسیان



ناڕوونە

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی شەممە، ١٦ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «یووسف مستەفاپوور»، کوڕی «کەریم»، خەڵکی گوندی «دارمەرجان»ـی شاری سەردەشت، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٥ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەحمەت نادریان»، خەڵکی گوندی «دەرناخێ»ی شاری مەریوان، لە ملەی «ژاڵانە»دا، بەهۆی پێکدانی ماشینی پێژۆ لەو کۆڵبەرە کوردە، بریندار بوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی خەرمانان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە نزیک جادەی سنووری «کانی زەرد»ی سەردەشت، درانە بەر دەسڕێژیی گوللە و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئازاد نێعمەتی»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی «جەلال»، بەسەختی بریندار کرا.

ڕۆژی شەممە، ١٦ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عابید شەریفی»، کوڕی «عەزیز»، خەڵکی گوندی «ساقەڵا»ی ناوچەی سارڵی دیواندەرە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندان کرا.

ڕۆژی هەینی، ٢٢ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەد هادیزادە»، تەمەن ٢٥ ساڵ، کوڕی «ئەسەد»، خەڵکی گوندی «یووسفئاوا»ی ناوچەی قوتووری خۆی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بەسەختی پێکرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «جەعفەر ئەحمەدی»، کوڕی «محەممەدسدیق»، خەڵکی گوندی «ترس ئاوا»ی ناوچەی قوتووری خۆی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران، گیانی لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی خەرمانان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «ئیدریس ڕەحیمی»، کوڕی «محەممەد»، خەڵکی گوندی «گردەشەیتان»ـی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ی خەرمانان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشتدا، کەوتنە بۆسەی هێزی سپای پاسداران و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەحیەدین مام خدری»، بەسەختی بریندار کرا.

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەیهان ئەکرەم»، کوڕی «مەجید»، خەڵکی گوندی «کوێرە گوێزێ»ـی شاری سەقز، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی خەرمانان، لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە تەقەی لێکرا و بەسەختی بریندار بوو.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٨ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «خالس حەمیدزادە»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی «کەریم»، خەڵکی گوندی «بالوولە»ی سەر بە ماکوو، بەهۆی تەقەی هێزەکانی ئەرتشی تورکیەوە، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی خەرمانان، لاوێکی کورد بە ناوی «خدر بیلوکە»، کوڕی «عەلی»، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان، لە سنووری شاری سەردەشتدا پێکرا.

ڕۆژی هەینی، ٢٩ی خەرمانان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری پیرانشار، لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەسڕێژیان لێکرا و لە ئاکامی ئەو دەسڕێژییەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەجید خالیدزادە»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی «عەبدولسەلام»، بەسەختی بریندار بوو.

شەوی شەممە، ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانان، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی کێلەشینی شنۆدا، کەوتنە بەر دەسڕێژیی گوللەی هێزەکانی سپای پاسداران.

لەم تەقەکردنەی هێزەکانی سپای پاسداراندا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕێبوار عومەرزادە»، تەمەن ٢٠ ساڵ، کوڕی «عێزەت»، خەڵکی گوندی «پووشاوێ»، گیانی خۆی لەدەست دا و کۆڵبەرێکی تر بە ناوی «ڕەسووڵ گوران»، خەڵکی گوندی «کانی ڕەش»، بەتوندی بریندار بوو.


### گیانلەدەستدانی زیندانییان و بێبەری بوونیان لە دەوا و دەرمان:

بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، شەوی ڕابردوو، زیندانییەک بە ناوی «داریووش کەنگەرلوو»، تەمەن ٦٥ ساڵ، بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی خەرمانان، «نەجەف مێهدیپوور»، ڕۆژنامەنووسی زیندانیی کوردی خەڵکی شاری ئیلام، بەهۆی بارودۆخی خراپی جەستەی، ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیلام لە دەرەوەی زیندان کرا. ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی خەرمانان، بەرپرسانی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، بە هۆکاری ناڕوون لە ڕەوانەکردنی «سەعید شیرزاد»، زیندانیی سیاسی کورد بۆ چارەسەریی پزیشکی لە دەرەوەی زیندان، ڕێگرییان کرد.

پاش چەندین مانگ بەدواداچوون لە دادستانی، بڕیار بوو «سەعید شیرزاد» بۆ نەشتەرگەریی چاوی، ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێت، بەڵام سەرەڕای نەوبەتەکەی و دانی تێچووەکەی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە، لە ڕەوانەکردنی ئەو زیندانییە سیاسییە ڕێگری کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی خەرمانان، زارا محەممەدی، ئەندامی دەسبەسەرکراوی ئەنجومەنی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی «نۆژین» بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی «مێهرداد عەلیخانی»، براوەتە دادگای



ئینقلابی شاری سنە.

### گیانلەدەستدانی کرێکاران:

بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٥ی خەرمانان، «جەلیل شاکەرەمی» تەمەن ٤٥ ساڵ، کوڕی «نەسروڵڵا»، خەڵکی گوندی «ساقاوا»ی شاری سنە، بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانی لەدەست دا.

کرێکارێکی تەمەن ٢٩ ساڵ بە ناوی «ئیبراهیم شێخەپوور»، خەڵکی گوندی «قەلەڕەش»ـی شاری سەردەشت، لە کاتی هەڵکەندنی ئاوەڕۆ (کانال) و بەهۆی دارمانی خاک بە سەریدا، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی خەرمانان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «ڕەسووڵ بایەزیدی پوور» تەمەن ٢٨ ساڵ خەڵکی گوندی «لەج» سەر بە شاری مەهاباد، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست دا.



### خۆکوژیی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

مێرمنداڵێکی سەقزی بە ناوی «هادی سەمەدیان»، تەمەن ١٥ ساڵ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.ئەو مێرمنداڵە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسین بە لوولەی گازی ماڵەکەی خۆیانەوە، خۆی کوشتووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی خەرمانان، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بەیانە کەریمی» تەمەن ٢٨ ساڵ، خەڵکی گوندی «داربەسەر»ی شاری بۆکان و کە لە گوندی «حاجی کەندی»ی ئەو شارە شووی کردبوو، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی، دەستی دایە خۆسووتان. ژنێکی تەمەن ٢٧ ساڵە، دانیشتووی «نەنەڵە»ی شاری سنە، بەهۆی کێشە و گرفت لە ژیاندا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شوناسی ئەو ژنە کوردە «هاوژین» ڕاگەیەندراوە و خەڵکی «ڕەشنەش» بووە.

**سەرجەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوو حەتووی ڕابردوودا، بە پێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٤٨ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ هەروەها ٩ حاڵەتی خۆکوژی تۆمار کراوە.**